دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە ٦٩٠،دووشەممە ١٥ی سەرماوەزی ١٣٩٥ی هەتاوی، ٥ی دیسامبێری ٢٠١٦، ٥٠٠ تمەن

www.kurdistanmedia.com


**سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات سەردانی حیزبی شیوعی کوردستانی کرد**

ل٢

**یەکەمین چەخماخەی پێشوازی لە ٢٦ی سەرماوەزی ئەمساڵ لە دزەی مەرگەوەڕ لێدرا**

ل٢

**عەرەبستان لە سیاسەتی نوێیدا دژایەتیی قووڵی دەستێوەردانەکانی ئێران لە ناوچەدا دەکات**

ل٢



**خوێنجمانی ڕۆژهەڵات لە شارەگی «ڕاسان»ەوە**

٤



**ئەو کلیلەی هەموو درگاکانی داخست**

٥



**سەرکوتی میدیاکان، پێویستیی دەسەڵاتە سەرەڕۆکانە**

٧




**هەنگاو بە هەنگاو بەرەو بەئێران کردنی عێراق**

٩

# سێ هۆکاری ناسەقامگیری لە ناوچەدا: ئێران، ئێران و ئێران



وەزیری پێشنیار کراوی دۆناڵد ترامپ بۆ پۆستی وەزارەتی بەرگریی ئامریکا، لە نوێترین لێدوانی خۆیدا ڕێژیمی ئێرانی وەکوو سەرەکیترین هۆکاری ناسەقامگیریی ناوچەکە ناوزەد کردووە.
"جێرووزالم پۆست" لە ڕاپۆرتێکدا هێناویە: جێیمز مەتیس، وەزیری پێشنیارکراوی دۆناڵد ترامپ بۆ پۆستی وەزارەتی بەرگریی ئامریکا، لە نوێترین لێدوانی خۆیدا سەبارەت بە گرینگترین نیگەرانییەکانی گوتوویە کە؛ سێ هێزی سەرەکی، ڕێگری سەرەکیین لە بەرانبەر سەقامگیریی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا: ئێران، ئێران و ئێران.
بەپێی نووسراوی جێرووزالم پۆست، "مەتیس" نیگەرانیی خۆی لە کردەوەکانی سپای پاسداران لە ناوچەدا بەم چەشنە باس دەکات: هەموو بەیانییەک کە لە خەو ڕادەبم، گرینگترین پەرۆشیی من چۆنیەتیی ڕووبەڕوو بوونەوەیە لەگەڵ کردەوەکانی حکوومەتی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا.

هەروەها دێیڤید پێترائوس، بەربژێری بەدەستەوەگرتنی پۆستی وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا لە دەوڵەتی ترامپدا، گوتوویەتی کە؛ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ کردەوە شەرئەنگێزانەکانی حکوومەتی ئێران لە سووریە، عێراق و یەمەن لە گرینگترین بەرنامەکانی سیاسەتی دەرەوەی ترامپ دەبن.

لە لایەکی دیکەشەوە ڕۆژنامەی "الاهرام"ی وڵاتی میسر، لە ڕاپۆرتێکدا تاوتوێی سێناریۆ شیمانەییەکانی دەوڵەتی ئامریکا پاش هاتنەسەر کاری دۆناڵد ترامپی سەرۆک کۆماری نوێی ئامریکا، بەرانبەر ڕێژیمی ئێرانی کردووە.

بەپێی ئەم ڕاپۆرتە، یەکەم هەنگاو، هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنی ناوکی دەبێت کە بە لێکدانەوەی ئەو ڕۆژنامەیە، بەو هەنگاوە، ئاواتەکانی حکوومەتی ئێران بە با دەچێت.
ئەم ڕۆژنامەیە، لە درێژەدا وێڕای ئاماژەدان بە دووهەمین هەنگاوی دەوڵەتی ترامپ لە دژی حکوومەتی ئێران، دەنووسێت؛ ئامریکا لە دووهەمین هەنگاودا بە توندتر کردنەوەی گەمارۆکان، هەوڵی لاواز کردنی ڕێژیمی ئێران دەدات.

لە هەنگاوی سێهەمدا خەزانەداریی ئامریکا، غەرامە و گەمارۆ دەخاتە سەر ئەو کۆمپانییە بیانییانەی کە لەگەڵ کۆمپانییە پەیوەندیدارەکان بە سپای پاسداران هاوکاری دەکەن.
ئامریکا لە چوارەمین هەنگاودا هەوڵ دەدات بە هۆکاری دیکەی وەکوو پێشێل کردنی مافی مرۆڤ، پشتگیری کردنی تێرۆریسم و پەرەپێدانی مووشەکە بالستیکەکان، گەمارۆکان توندتر بکاتەوە.
"الاهرام"، دوایین هەنگاوی ترامپ لەدژی حکوومەتی ئێرانی بە پشتگیری کردنی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیی ڕێژیم ناوزەد کردووە و بانگەشەی ئەوەی کردووە کە؛ ئەم هەوڵە تا کاتی ڕووخاندنی ڕێژیمی ئێستای ئێران بەردەوام دەبێت.

## خەنەی داخستنی گەرووی هۆرمۆزیش کاڵ بوویەوە




حاکمی میرنشینی فەجیرە لە ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی دەڵێت کە؛ هەڕەشەی داخستنی گەرووی هۆرمۆز، لە ئێستادا بایەخێکی ئەوتۆی نەماوە.
شێخ محەممەد بێن حەمد ئەلشەرقی لە دیمانەیەکدا لەگەڵ هەواڵدەریی فەرمیی ئیمارات(وام)، لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بەو دەسکەوتەی کە بەندەری فەجیرە دەکاتە جێگرەوەی گەرووی هۆرمۆز، دەڵێت: "ئەو دەسکەوتە هێڵێکی بۆرییە کە لە بیرە نەوتەکانی "حەبەشان" لە ئەبووزەبییەوە دەست پێدەکات و دەگاتە فەجیرە بۆ ئەوەی بگاتە بەندەری ستراتژیکی "مدرنش" و بە شێوەی ڕاستەوخۆ، نەوت لە نەوتهەڵگرەکان بار دەکات؛ ئەو بابەتەش وردە وردە پێویستیی بە گەرووی هۆرمۆز ناهێڵێت".
ناوبراو گوتیشی: "هێڵی بۆریی گواستنەوەی نەوت کە بەمدواییانە گەیشتۆتە قۆناغی بەکارهێنان، ئامادەی گواستنەوەی نزیکەی ٧٠٪ی بەرهەمی نەوتی ئیماراتە بۆ بازاڕە جیهانییەکان. ئەم گەڵاڵەیە پلانبۆداڕێژراوە و کردەییە، چ لە کورتخایەندا و چ لە درێژخایەندا و بەو مانایەیە کە هەڕەشەی داخستنی گەرووی هۆرمۆز، چیدیکە بابەتێکی سواوە کە بایەخی پێ نادەین".

لەو چەند ساڵەی دواییدا ڕێژیمی ئێران بەردەوام هەڕەشەی داخستنی ئاوڕێی نێونەتەوەیی گەرووی هۆرمۆزی، وەکوو کارتی فشار لەدژی کۆمەڵگەی جیهانی بەکار هێناوە. چاوەڕوان دەکرێت بە دەستپێکی کاری ئەم هێڵی بۆرییە نەوتیە، ڕێژیم یەکێک لە گەورەترین کەرەستەکانی باجگریی خۆی لە کۆمەڵگای جیهانی لەدەست بدات.

## پەیڤ

### ڕاسان و پشتیوانانی

**کەریم پەرویزی**

ڕۆژی پێنجشەممە ١١ی سەرماوەز، ١ی دێسامبری ٢٠١٦ لە ئەنستیتۆی فەڕانسە بۆ ڕۆژهەڵاتی نزیک، کۆڕێک بەڕێوە چوو کە پرۆفیسۆر ستێفان لاکروا بەڕێوەی برد و تێیدا باسی لە سیاسەتە ستراتژیک و بناغەییەکانی عەرەبستان و هەروەها ستراتژیی ئەو وڵاتەی لە ناوچەکەدا کرد.
لەو کۆڕەدا ستێفانی لێکۆڵەر و ئاکادمیک، بە شێوەیەکی زانستی و ورد دەستی خستە سەر ئەو خاڵە گرنگانەی سیاسەت و داڕشتنی دەسەڵات لە وڵاتی عەرەبستان و بۆ من کۆڕێکی گرنگ و جێگای لێوردبوونەوە و فێربوون بوو.
لێرەدا مەبەستم نیە کە بڕۆمە نێو وردەکاریی باسەکانی ئەو پرۆفیسۆرە و قسەکانی دووپاتە بکەمەوە، بەڵام مەبەست لە یەک خاڵی گرنگی باسەکانی ئەو کۆڕە بوو کە پێویست بە ڕاوەستان و بیر لێ کردنەوە دەکا.
لە باسەکانی پرۆفیسۆر ستێفاندا هاتبوو کە؛ سیاسەتی ستراتژیکی عەرەبستان لە سەر بنەمای هاوپەیمانی لەگەڵ ئامریکا داڕێژراوە و ئەمە یەکێک لە چوار کۆڵەکەی سەرەکیی سیاسەت و دەسەڵاتداریی ئەو وڵاتە پێکدێنێ. بەڵام لە دوای هاتنە سەرکاری ئیدارەی ئۆباما و کشانەوەی هێزەکانی ئامریکا لە عێراق و کەمکردنەوەی هێزیان لە ناوچەکە، عەرەبستان پیداچوونەوەی بە سیاسەتەکانیدا کرد و بڕیاری دا کە خۆی ڕاستەوخۆ دژی مەترسییەکانی سەر ئەو وڵاتە بوەستێتەوە و هەوڵی پێکهێنانی هاوپەیمانیی دیکەی دا.
تا ئێرە شتێکی ئاسایی دێتە بەرچاو، بەڵام گەر لە کرۆکی باسەکە ورد ببینەوە، هەندێک شتی ئەساسیمان پی دەڵێ.
یەکەم خاڵی گرنگ ئەوەیە کە ستراتژیی دەسەڵاتداریی عەرەبستان لەسەر ئەساسی هاوپەیمانیی لەگەڵ ئامریکا داڕێژراوە و یەکەم هاوپەیمانی ناوچەیی ئامریکا عەرەبستان بوو. ئەمە لەکاتێکدایە کە دەسەڵاتی عەرەبستان لەگەڵ خەڵکانێک لە نێو عەرەبستان بەرەوڕوویە کە ئامریکا بە سەرچاوەی خراپە لە جیهاندا دەناسن! بەڵام بەرژەوەندیی وڵاتی عەرەبستان و ستراتژیی ئەو وڵاتە گرێدراوە بە شتێکەوە کە لەگەڵ ئیدئۆلۆژیی

درێژە لە لاپەڕەی ٢

# سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات سەردانی حیزبی شیوعی کوردستانی کرد

ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٩ی سەرماوەزی ١٣٩٥ی هەتاوی، هەیئەتێکی ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستی مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزب، سەردانی حیزبی شیوعی کوردستان لە "هەولێر"یان کرد و لە لایەن دوکتور کاوە مەحموود سکرتێری حیزبی شیوعی و ئەندامانی سەرکردایەتی و پێوەندییەکانی ئەو حیزبەوە بە گەرمی پێشوازییان لێ کرا.
سەرەتا کاک مستەفا وێڕای پیرۆزبایی بەستنی کۆنگرەی نوێی حیزبی شیوعی و هەڵبژێرانی بەڕێز دوکتور کاوە مەحموود وەک سکرتێری نوێی ئەم حیزبە، هیوای سەرکەوتن بۆ کار و خەباتی ئەم حیزبە و پێداگری لە بەردەوامیی پێوەندی و هاوکاریی لەمێژینەی نێوان حیزبی دێموکرات و حیزبی شیوعی خواست.
پاشان دوکتور کاوە مەحموود وێڕای سوپاس و دەربڕینی خۆشحاڵی خۆیان لەو سەردانە، بە ئاماژەدان بە مێژووی پڕ سەروەری و شوێندانەری حیزبی دێموکرات لە قۆناغە جیاجیاکانی خەباتی کوردستانی ڕۆژهەڵات و جووڵانەوەی نەتەوەییدا، هیوای سەرلەنوێ گەشەسەندنی تێکۆشانی حیزبی دێموکرات و هەروەها پشتگیریی خۆیانی لەو خەباتە دەربڕی.
تەوەرێکی دیکەی باسی دوو لایەن تاوتوێ کردنی بارودۆخی سیاسیی ناوچە و دۆخی جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان و ئەو مەترسیی و هەڕەشانە بوو کە بە هۆی دوژمنانی کورد، بە تایبەتی ڕێژیمی کوماری ئیسلامییەوە ئاراستە دەکرێن.
هەروەها دوو لایەن دڵخۆشیی خۆیان لە دەستپێشخەری و نەرمی نواندنی لایەنە سیاسییەکانی باشووری کوردستان دەربڕی کە بتوانن لەپێناو بەرژەوەندیی نەتەوەییدا، حکومەتی هەرێم و خەڵکی باشووری کوردستان لەو کێشە سیاسی، ئەمنی و ئابوورییانە دەرباز بکەن و هیوایان خواست لایەنەکان بتوانن بە ڕێککەوتن لە سەر چارەسەری کێشەکان، بڕیار لە داهاتووی حکومەتی هەرێم بدەن، کە جیا لە کوردی باشوور، بۆ هەموو نەتەوەی کورد بووەتە جێگای هیوا.
لە کۆتاییدا هەردوولا لەسەر بەردەوامیی پێوەندییەکانی نێوانیان پێداگرییان کردەوە.

# بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێوڕەسمی ڕۆژی شەهیدانی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستاندا

هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستی محەممەدنەزیف قادری ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب بەشداریی لە ڕێوڕەسمی ڕۆژی شەهیدانی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان لە شاری کۆیە کرد.
ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٠١٦/١١/٢١ بەرانبەر بە ١ی سەرماوەزی ١٣٩٥ی هەتاوی، لە سەر بانگهێشتی فەرمیی مەڵبەندی ١٤ی ڕێکخستنی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان - کۆیە، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەشدارییان لە ڕێوڕەسمی یادی شەهیدانی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان کرد. سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد و دواتر وتاری ئەنجومەنی سەرکردایەتیی یەکیەتیی نیشتمانی لە لایەن ڕێبەر سەید برایم ئەندامی سەرکردایەتی (ی.ن.ک) خوێندرایەوە. پاشان وتاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە لایەن مامۆستا سەرکەوت ڕەسووڵ قایمقامی کۆیە پێشکەش کرا. دواتر ئامادە بووان چوونە گۆڕستانی کەکۆن لە شاری کۆیە و تاجەگوڵینەیان لە سەر گۆڕی شەهید جەعفەر عەبدولواحید دانا. لەو ڕێوڕەسمەدا بروسکەی ماتەمینیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خوێندرایەوە و محەممەدنەزیف قادری تاجەگوڵینەی حیزبی دێموکراتی لە سەر گڵکۆی شەهید جەعفەر عەبدولواحید دانا.

# عەرەبستان لە سیاسەتی نوێیدا دژایەتیی قووڵی دەستێوەردانەکانی ئێران لە ناوچەدا دەکات

ئەنستیتۆی فەڕانسە بۆ ڕۆژهەڵاتی نیزیک، کۆڕێکی بۆ پرۆفیسۆرێکی زانستە سیاسییەکان بەڕێوە برد و لەو کۆڕەدا "ستێفان لاکروا" باسی لە خاڵە گرینگەکانی ستراتیژیی سیاسەتی عەرەبستان کرد.
ئەنستیتۆی فەڕانسە بۆ ڕۆژهەڵاتی نیزیک، ڕۆژی پینجشەممە، ١١ی سەرماوەز بەرانبەر بە ١ی دێسامبری ٢٠١٦ی زایینی، کاتژمێر ٥ی دوانیوەڕۆ، کۆڕێکی سیاسی و زانستی لە شاری هەولێر بۆ پرۆفیسۆری یاریدەدەر، ستێفان لاکروا بەڕێوە برد. لە کۆڕەکەدا چەندین کەسایەتیی سیاسی و کۆنسوولی فەڕانسە لە هەولێر و چەندین کەسایەتیی ئاکادێمیک ئامادەبوون و هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش بە سەرپەرستیی کەریم پەرویزی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب بەشداربوون.
پرۆفیسۆر لاکروا کە کۆڕەکەی بە زمانی فەڕانسەوی بەڕێوە برد و لە پرسیار و وەڵامەکاندا بە زمانەکانی فەڕانسە و ئینگلیسی و عەرەبی وەڵامی پرسیاری بەشدارانی دایەوە، باسی لە لێکۆڵینەوەکانی خۆی سەبارەت بە جیهانی عەرەبی و بەتایبەت میسر و بەتایبەتیتر عەرەبستانی سعوودی کرد و سەرەتا باسی مێژووی دەسەڵاتی سعوودیی کرد و دواتر چووە سەر خاڵە گرینگەکانی سیاسەت و دەسەڵاتداری لە عەرەبستاندا.
لە بەشێکی باسەکەیدا باسی لەوە کرد کە؛ چوار خاڵی سەرەکیی ستراتژیی دەسەڵاتداریی عەرەبستانی سعوودی بریتین لە: - خاڵی ئایینی کە ئیدئۆلۆژیک نیە و بریتییە لە هاوکاریی پاشا و زانای ئایینی - دەسەڵاتی بنەماڵەیی کە ئاوەزی جەمعی تێدا ئامادەیە - داهاتی نەوت کە بەسەر خەڵکدا دابەش دەکرێ - هاوپەیمانی لەگەڵ ئامریکا.
لە شیکردنەوەی خاڵەکاندا، ستێفان لاکروا باسی لەوە کرد کە؛ بە پێچەوانەی تێگەیشتنە ئاساییەکان، دەسەڵاتی عەرەبستان لە ساڵی ١٩٤٥دا لە سەردەمی عەبدولعەزیز و ڕۆزڤێلتدا هاوپەیمانییان بەست و پێش لە ئیسراییلیش یەکەم هاوپەیمانی ئامریکا لە ناوچەدا بووە.
لە بەشێکی دیکەی باسەکەدا کۆڕگێر باسی لەوە کرد کە؛ دوای کشانەوەی هێزەکانی ئامریکا لە ناوچە و بەتایبەت دوای دەسەڵاتداریی مەلەک سلێمان، لە ٢٠١٥دا، دەسەڵاتی سعوودی ستراتژیی سیاسیی بە شێوەیەک دارشتووە کە دەیەوێ خۆی ڕاستەوخۆ شەڕی بەرژەوەندییەکانی بکا و دژی سیاسەتەکانی ڕێژیمی ئێران و دژی دەستێوەردانەکانی تاران لە ناوچە بوەستێتەوە.
بەپێی قسەکانی ستێفان، داعش و تیرۆریزمی جیهادیی ئەلقاعیدە لەلایەن عەرەبستانەوە وەکوو مەترسی و هەڕەشە چاو لێ دەکرێن، بەڵام لەوەش مەترسیدارتر بۆیان، دەسەڵاتی ئیدئۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامیە و لە پلەی یەکەمی مەترسییەکاندا پێناسەیان کردووە.
دوای کاتژمێر و نیوێک، کۆڕەکە بە پرسیاری بەشداران و وەڵامدانەوەی کۆڕگێڕ کۆتایی پێهات.

# "ئیسڵاحخوازەکان" ڕاسانی ڕۆژهەڵات وەک هیوای عەرەبستان و ئیسرائیل و ترامپ ناوزەد دەکەن

حەمیدڕەزا جەلایی پوور، فەرماندارى پێشووی مەهاباد و چالاکی "ئیسڵاحخواز"، لە وتارێکدا لە ژێر ناوی "بکش بکش‌های غیربهداشتی" لەهەمبەر ڕاسانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیگەرانیی خۆی دەربڕی.
جەلایی پوور لەم وتارەدا ئەوپەڕی ڕق و قین و ترسی مێژوویی خۆی لە بزووتنەوەی نەتەوەیی دێموکراتیکی گەلی کورد دەردەبڕێ و دەڵێ: هەر کاتێک بەهەر هۆیەکەوە، دەسەڵاتی ناوەندیی ئێران لاواز بووبێت مەسەلەی "کۆمارە قەومییەکان" هاتۆتە ئاراوە؛ کاتێک ڕەزاشا ڕۆیشت، لە ئازەربایجان و کوردستان کۆمارییەت دامەزرا.
ئەم سپاییە ئاکادێمیسیەنە دەڵێ: کاتێک "شۆڕشی ئیسلامی" دەکرا، شا دەیگوت ئێران دەبێتە ئێرانستان و خودموختاری چەکدارانە لە کوردستان دەستی پێکرد و ئەگەر ئیمام و پشتیوانییە خەڵکییەکانی شۆڕش نەبوایەتن بەڕاستی ئێران دەبووە ئێرانستان."
ناوبراو لەم وتارەدا وتوویەتی: "ئێمە کە لە بیرمان نەکردووە و وەک ڕۆژ ڕوونە. نابێ گاڵتە بکەین. ئێستا بەفەرمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، چەکەکانیان هەڵگرتووەتەوە؛ عەرەبستان و ئیسرائیل و لەوانەیە ترامپیش دڵیان بەوانە خۆش کردووە."ڕاسان ناوی هەستانەوەی نوێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدژی دەسەڵاتی سەرەڕۆی جەمارانە کە پاش ٢٠ ساڵ ڕاوەستانی خەباتی چەکدارانە، حیزبی دێموکرات لە ڕێوڕەسمی نەورۆزی ئەمساڵدا لە شاخە سنوورییەکانی کوردستانی ئێران ڕایگەیاند. حیزبی دێموکرات لە نامەیەکدا ڕوو لە خەڵک و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئێران ڕایگەیاند: خەباتی حدکا لە ناخی خۆیدا خەباتێکە بۆ هەموو ئێران، بۆ هەڵدانی ئالایەک کە سەرەڕۆیی زاڵ چەندین دەیەیە هەوڵی بەچۆکدا هێنانی دەدات.
لەم پێوەندییەدا کاوە ئەهەنگەری، چالاکی سیاسی و ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وتاریکی لە ژێر ناوی "قاتل دیروز و دکتر امروز" بڵاو کردۆتەوە کە تێیدا ڕوو لەم پاسدارە ئاکادێمیسیەنە دەڵێ: "ناوبراو وەکوو پاسدارێکی ئاکادیمیسیەن، ئاماژە بە ڕۆڵی ئیمامەکەیان دەکات و وەکوو فەرماندەکانی سپا، خەباتی حیزبی دێموکرات بە عەرەبستان و ئیسرائیل و ڕەنگە لە داهاتووشدا بە ترامپ دەبەستێتەوە.
ناوبراو دەزانێ کە شوناسخوازی لە ئێراندا بوونی هەیە و ئاماژە بە بەشێکی زۆر بچووک لە کێشەکان دەکات و ڕێکارێکی لەم چەشنە دەخاتە ڕوو: "ڕووی قسەم لە هێزە بەڕێزە شوناسخوازەکانە کە بێن با پێکەوە ئەم کێشانە بە هاوکاری دەوڵەت، کۆمیسیۆنەکانی مەجلیس و نیهادە مەدەنییەکان و لە چوارچێوەی فراکسیۆنێکی یەکگرتوو بێنینە گۆڕێ و چارەسەری بکەین."ئەمەش بەو واتایە دێت کە ناوبراو بەدانی وەها پێشنیارێک نەتەنیا هەموو هەوڵەکانی چالاکانی کورد لە نێوخۆ — کە لە ڕێگەی بڵاڤۆکەکان، نیهادەکان و ئەنجومەنەکان کە زۆربەیان داخراون — تاکوو دامەزراندنی فراکسیۆنی نوێنەرانی کورد لە مەجلیسی شەشەمدا بە هیچ دەزانێت، بەڵکوو وتووێژەکانی دوکتور قاسملووش لەگەڵ هەیئەتی نوێنەرایەتی کۆماری ئیسلامیش نابینێت کە دواجار بە تێرۆری ڕێبەری حیزبی دێموکرات لە سەر مێزی وتووێژ کۆتایی پێهات. حەمیدڕەزا جەلایی پوور لە تەمەنی کەمتر لە ٢٥ ساڵدا لەلایەن ڕێژیمی ئیسلامییەوە وەکوو فەرمانداری مەهاباد دیاری کرا و بە حوکمی ناوبراو ٥٩ لاوی مەهابادی لە سێدارە دران. بەوتەی ئەم ئیسڵاحخوازە، ئەو لاوانە کە ئەندامی حدکا و کۆمەڵە بوون و لە بواری سیاسیدا چالاکییان هەبووە و پاش دەستبەسەرکران لە دادگای شۆڕشی تەوریز بە تاوانی چالاکیی سیاسی و تەشکیلاتی بۆ حیزبە کوردییەکان موحاکمە کران و هەر لەوێشدا ئێعدام کران.

# یەکەمین چەخماخەی پێشوازی لە ٢٦ی سەرماوەزی ئەمساڵ لە دزەی مەڕگەوەر لێدرا

یەکەمین چالاکیی تەبلیغاتیی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی پێشوازی لە ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان لە شارۆچکەی دزەی مەرگەوەر بەڕێوە چوو.
شەوی ١٠ لەسەر ١١ی سەرماوەز، ئەندامان و لایەنگرانی ڕاستەقینەی ڕێبازی قازی و قاسملوو و شەرەفکەندی، لە شارەدێی دزەی مەڕگەوەر، بە بەڕێوەبردنی چالاکیی بەرینی تەبلیغاتی، پێشوازییان لە ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان کرد.
لەم چالاکییەدا ئەندامان و لایەنگرانی وەفاداری حیزبی دێموکرات بە نووسینی دروشمی وەکوو؛ "بژی پێشمەرگە و بژی حدکا" و "ورەی پێشمەرگە ڕاسانی خەملاند"، و هەروەها "ئێمە لاوانی شار ٢٦ی سەرماوەز لە لاوانی شاخ پیرۆز دەکەین"، سەرەڕای پێشوازی لە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، لە شارەوە پەیمانی وەفادارییان لەگەڵ شاخ نوێ کردەوە.
شایانی باسە کە ئەم چالاکییە لە گەڕەکەکانی خوێندنگای کچان لەسەر ڕێگەی فلکان، خوێندنگەی سەرەتایی سەروو، گەڕەکی گۆڕستان و ڕێگەی ژاراوا، بەڕێوە چووە.

# بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەیەکی بەرینی هێزە کوردستانیەکان لە کۆپێنهاگ



لەسەر داوای حیزبی دێموکرات، کۆبوونەوەیەکی بەرینی هێزە کوردستانییەکان لە وڵاتی دانمارك بەڕێوەچوو. ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٧ی نوامبری ٢٠١٦، لە سەر بانگ‌هێشتی کۆمیتەی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی دانمارك، کۆبوونەوەیەکی بەرینی هێز و ڕێکخراوە کوردستانییەکان لە شاری کۆپێنهاگ بەڕێوە چوو. سەرەتای ئەو کۆبوونەوەیە بە ڕاگرتنی خولەکێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد.
پاشان لە لایەن فەرهاد عەبدوڵلاپوور بەرپرسی کۆمیتەی شێلەندی حیزب بە خێرهاتنی میوانان و نوێنەرانی هێزە کوردستانیەکان کرا. دواتر سلێمان کەڵەشی بەرپرسی گشتیی کۆمیتەی حیزب لە وڵاتی دانمارك باسێکی تێر و تەسەلی سەبارەت بە ئامانجی ئەو کۆبوونەوەیە و خەباتی حیزبی دێموکرات و بارودۆخی سیاسی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان پێشکەش کرد. کەڵەشی لە باسەکەیدا وێڕای پشتیوانیی حیزبی دێموکرات بۆ خەباتی نەتەوەیی لە هەموو پارچەکانی کوردستان، جەختی لە سەر برایەتی و پشت بەستنی کورد بە کورد کرد و وتی کە؛ چارەنووسی هەموو نەتەوەی کورد بە یەکەوە گرێدراوە.
بەرپرسی کۆمیتەی گشتی، هەروەها ئاماژەی بە قۆناغی نوێی خەباتی حیزب واتە ڕاسان کرد و وتی : ئیرادەی شۆڕشگێڕیی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕێبەری و ئەندامانی حیزب درێژە بە ڕاسان دەدەن و هەموو لایەك دڵنیا دەکەین کە ڕاسان درێژەی دەبێ. سلێمان کەڵەشی لە کۆتایی وتەکانیدا وێڕای سپاسی هێز و حیزبە کوردستانییەکان داوای هاوکاری لە هەموو حیزبە کوردستانییەکان کرد و وتی کە حیزبی دێموکرات هەمیشە پشتی بە خەڵکی کورد بەستووە و ئێوەش بەشێك لە نەتەوەی کوردن. لە کۆتایی ئەو کۆبوونەوەیەدا لە لایەن نوێنەرانی حیزبە کوردستانیەکان کۆمەڵێك پرسیار ئاراستەی سلێمان کەڵەشی کرا کە لە لایەن ناوبراوەوە وەڵام درایەوە. هەروەها هەموو حیزبە کوردستانییەکان پشتیوانیی خۆیان بۆ ڕاسان و خەباتی حیزبی دێموکرات لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەربڕی و سپاسی کۆمیتەی دانمارکی حیزبی دێموکراتیان کرد.

## درێژەی پەیڤ

خەڵک یەک ناگرێتەوە. بەڵام لە نێو نەتەوەی کورددا هەن کەسان و ڕەوتگەلێک کە سیاسەت و دەسەڵاتداری و تەنانەت بزاڤی ڕزگاریخوازیش بە ئیدئۆلۆژیەکی زۆر چەقبەستوو دەبەستنەوە و پێیان وایە کە تۆزقاڵێ لە دێڕەکانی نێو کتێبەکانی دووسەد ساڵ پێش ئێستا دوور بکەویەوە، ئەوە لە درگای جەهەننەم نزیک دەبیتەوە!
خاڵێکی گرنگی دیکە ئەوەیە کە وڵاتێکی وەکوو عەرەبستان، بە داهاتی ساڵانەی نەوتیی لانیکەم ١٨٠ میلیارد دۆلار و لانی زۆر ٣٦٠ میلیارد دۆلار و داهاتی بە دەیان میلیاردیی پیشەسازی و حەج و عومرە و ... و هەروەها بە سەردان کردنی ساڵانە دەیان میلیۆن موسڵمان لە تەواوی دونیاوە و هاوپەیمانیی لەگەڵ زلهێزەکانی جیهان و زۆر شتیتر، کاتێک ئاڵوگۆڕ لە سیاسەتی جیهانی و ناوچەیی پێکدێ، بە دوای هاوپەیمانی نوێ دەگەڕێ و هەست بەو پێویستیە دەکا کە بەرژەوەندییەکانی بە ڕێگای دیکەوە دابین بکا.
بەڵام لە نێو کورد و بەتایبەتی کوردی ڕۆژهەڵاتدا، پەیدا دەبن کەسانێک کە دەڵێن، ڕاسانی ڕۆژهەڵات دەبێ تەنیا لەسەر شانی بەشێک لە خەڵکی کوردی ڕۆژهەڵات بەڕێوە بچێ و نابێ بەدوای هیچ پشتیوان و هاوپەیمانێکدا بگەڕێ و تەنانەت لە نێو خودی کوردیشدا دەبێ بەگژ هەموو کەسدا بچێتەوە و دەبێ گەر باسیان کرد کە کورد پێوەندیی بە فلان شوێنەوە هەیە و یان ڕاسان بە دڵی فلانە شوێنە، دەبێ هەر زوو هەڵوێست دژی هەموو دونیا و هەموو جیهان بگرێ تاکوو بیسەلمێنێ کە ڕاسان، سەربەخۆیە!
ڕاسانی ڕۆژهەڵات ئیرادەی گەلی کوردە بۆ بەگژدا چوونەوەی ستەمکار و سەرەڕۆیی زاڵ بە سەر کوردستاندا و بۆ گەشەکردن و بەهێزبوونی ڕاسان، پێویستی بە دۆزینەوەی دۆستی زیاترە، نەک بەدوژمنکردنی هەموولایەک.

# کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات بە بۆنەی کۆچی دوایی دوکتور عەلی مەولەوی پەیامێکی پرسە و سەرەخۆشی بڵاو کردەوە

کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات بە بۆنەی کۆچی دوایی دوکتور عەلی مەولەوی ئەندامی لەمێژینەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پەیامێکی پرسە و سەرەخۆشی بڵاو کردەوە کە دەقەکەی بەم چەشنەیە:

بە داخەوە، بەیانیی ڕۆژی سێشەممە، ٣ی سەرماوەزی ١٣٩٥ی هەتاوی، دوکتور عەلی مەولەوی، کەسایەتی ناودار و ئەندامی لەمێژینەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پاش تێپەڕاندنی تەمەنی پڕ لە شانازی و سەربەرزانە، بە کۆچی دوایی خەمباری کردین.دوکتور عەلی مەولەوی، لە دایکبووی ساڵی ١٣٠٣ی هەتاوی لە شاری مەهاباد، خوێندنی سەرەتایی لە شاری تەورێز تەواو کردووە. لە ساڵی ١٣٢١ لە کۆلێژی پزیشکیی زانکۆی تاران درێژەی بە خوێندان داوە و لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا بووەتە ئەندامی حیزبی دێموکرات. پاش داگیرکرانی کۆماری کوردستان لە لایەن ڕێژیمی پاشایەتییەوە، لە ساڵی ١٣٢٧ وەک تێکۆشەریکی بوێر و چاونەترس بەردەوام بووە لە خەبات و کاروباری حیزبیدا.دوکتور عەلی مەولەوی ،ساڵی ١٣٣٢ی هەتاوی، پاش کودەتای ٢٨ گەلاوێژی ئەو ساڵە و دوای هێرش و پەلاماری پۆلیس بۆ سەر ڕێکخراو و ئەندامانی حیزبی، وێڕای ژمارەیەکی زۆر لە هاوڕێ و هاوخەباتەکانی دەستبەسەر کرا و حوکمی ئێعدامی بەسەردا سەپێندرا. پاش ئەشکەنجەدانێکی زۆری ڕۆحی و دوای سێ جار بردنی بۆ پای سێدارە و شانۆی تۆقێنەری ئێعدام کە بە مەبەستی چاوترسێن کردنی ناوبراو بوو، سەرئەنجام حوکمەکەی گۆڕا بۆ زیندانی هەتاهەتایی.دوکتور عەلی مەولەوی، ساڵی ١٣٤٣ لە بەندیخانە ڕزگاری هات و هەتا کۆچی دوایی بە ناچاری لە تاران ژیانی بردە سەر. دوکتور عەلی مەولەوی وەک کەسایەتییەکی خۆشناو و ناسراو تاسەر وەفادار بە ڕێبازی ڕزگاریخوازانەی حیزب و گەلەکەی مایەوە.کۆمیسیۆنی تەشکیلات بەو بۆنەوە سەرەخۆشی لە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات و بنەماڵەی بەرێز و سەربەرزی دوکتور عەلی مەولەوی دەکات.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
کۆمیسیۆنی تەشکیلات
٣ی سەرماوەزی ١٣٩٥ی هەتاوی

# هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات لە پارلمانی سوئێد لە سەر ڕاسانی ڕۆژهەڵات قسەیان کرد

هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی سوئێد لەگەڵ ئەندام پارلمان و نوێنەری پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزبی لیبراڵ، "فرێدریک ماڵم" (Fredrik Malm) کۆ بوونەوە و لە سەر ڕاسانی ڕۆژهەڵات گفتوگۆیان کرد.

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٥ی سەرماوەزی ١٣٩٥ی هەتاوی، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی حەمید تەیمووری نوێنەری پێوەندییەکانی حیزبی دێموکرات لە وڵاتی سوئێد لەگەڵ ئاسۆ ساڵح و ئەنوەر کاکایی بە مەبەستی دیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەندام پارلمان و نوێنەری پێوەندییە نێونەتەوەیەکانی حیزبی لیبراڵ، فرێدریک ماڵم (Fredrik Malm) لە پارلمانی ئەو وڵاتە کۆبوونەوە.

لەو چاوپێکەوتنەدا کۆمەڵێک خاڵیان خستە بەرباس، بەتایبەت لە سەر ڕاسانی ڕۆژهەڵات و کاریگەرییەکانی ڕاسان لە ناوچەکە و کوردستان و ئێران و بەگشتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست قسەیان کرد.

لەو دیدارەدا بە کورتی ئەم خاڵانە باس کران:

باسی هەلومەرجی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هێزی پێشمەرگە و خەباتی پێشمەرگە لە نێو خۆی کوردستان و جێگیرکردنی هێزی پێشمەرگە لە سەر سنوورەکان و پێشوازیی خەڵکی کوردستان لە ڕاسان و بڕیاری ڕێبەریی حدکا و هاتنی لاوانی کورد بۆ نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات و جێبەجێ کردنی ئەرکی نیشتمانی و پێشمەرگایەتی.

هەڕەشەی بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران لە ڕێبەریی "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران" و بۆردومانی ئۆردوگای پێشمەرگە و تەنانەت بۆردمانی باشووری کوردستان و داگیرکرانی لە لایەن هێزی سپای پاسداران و ئەرتشی ئەو وڵاتە و هەڕەشەی دەست پێکردنەوەی تیرۆری چالاکانی سیاسی کورد و ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات، سەر لە نوێ.

ناردنی هێزی نیزامی و میلیشیای چەکدار بۆ نێو خاکی وڵاتانی عێراق و سووریە و یەمەن و ئاژاوەنانەوە لە ناوچەکە و بە شێوەیەکیش ناردنی حەشدی شەعبی بۆ باشووری کوردستان بە مەبەستی شەڕ لەگەڵ داعش و کەڵک وەرگرتن لەو هێزانە دژی کورد بە گشتی و تێکدانی کوردستان بە گشتی. گرتنی لاوانی کورد لە ڕۆژهەڵات و ئێعدامی لاوان و ئەشکەنجەدانی زیندانیان و چاودێری کردنی چالاکوانانی مەدەنی، مامۆستایان، کرێکاران، ژنان و بڵاوە پێکردنی تاقمە سیخوڕی و ئەمنیەتییەکان لە نێو بازاڕ و شار و گوندەکان بە مەبەستی کۆنتڕۆڵ کردنی خەڵکی کورد. سەرەڕای ئەمانەش قەیرانی ئابووری، بێکاری و هەژاری و گرانیی خواردەمەنی، نەبوونی دەرمان بۆ خەڵک.

لەلایەکی دیکەشەوە ڕێژیم خەڵک هان دەدات چەک هەڵگرن و دژی هێزە کوردییەکان کەڵکی نەشیاویان لێ وەردەگرێ. ئەوەیە کە هەندێک خەڵک بۆ دابین کردنی بژیوی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان هانا دەبەنە بەر ئەوەی کە بە ناچاری چەک هەڵ بگرن.

بە کورتی باسی ڕاسان کرا کە ڕاسان نەک هەر دیفاع لە خەڵکی کورد دەکات، بەڵکوو پشتیوانی لە هەموو هێزێک دەکات کە دژبەری ڕێژیمی ئاخوندی بوەستێتەوە و بۆ دابینکردنی دیمۆکراسی و مافی مرۆڤی گەلانی ئێران وەک پشتیوانی لە بەلووچ، عەرەب، تورکمەن، ئازەری و هەر هێزێک کە دژی ئەو نیزامەیە لە ئێران. هەروەها باسی کوردە یارسانەکان کرا کە لەم دواییانەدا کەوتوونەتە بەر سووکایەتی و هێرشی ڕێژیمی ئاخوندی.لەبەرامبەریشدا فرێدریک ماڵم کۆمەڵێک پرسیار و لێکدانەوەی خۆی لە سەر هێزی پێشمەرگە و چۆنیەتی کاریگەرییان لە ناوچەکە ئاراستەی وەفدی میوان کرد و خۆشحاڵیی خۆی لەو دیدارە دەربڕی و ڕاشیگەیاند کە؛ حیزبەکەی بەتەواوەتی ئامادەیە تاکوو پشتیوانی لە خەباتی کورد بکات و هەر یارمەتییەکیش کە بۆ ڕاسانی ڕۆژهەڵات لە دەستیان بێت درێغی ناکەن.

# کاک عەبدوڵڵا شەرەفکەندی کۆچی دوایی کرد

کاک عەبدوڵڵا شەرەفکەندی برای د. سادق شەرەفکەندی و ئەدیبی ناوداری کورد مامۆستا هەژار لە شاری مەهاباد ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٣ی سەرماوەزی ١٣٩٥ی هەتاوی، عەبدوڵڵا شەرەفکەندی برای شەهید دوکتور سادق شەرەفکەندی سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەروەها مامۆستا هەژار نووسەر، وەرگێڕ و شاعیری بەناوبانگی گەلی کورد، لە شاری مەهاباد کۆچی دوایی کرد.

کاک عەبدوڵڵا کارمەندی خانەنشین کراوی ئیدارەی "سەبت و ئەسناد" بوو و لە کاتی کارکردن لەو ئیدارەیەدا چەندین جار لە لایەن بەرپرسانی شای دیکتاتۆر داوای لێکرابوو کە مل بۆ داواکاری و ویستە گەندەڵەکانی ئەوان دابنێت، بەڵام بە هۆی ئەوەیکە ملکەچی داواکارییەکانیان نەبوو کەوتبووە بەر ڕق و قینیان.

کاک عەبدوڵڵا پیاوێکی خۆش ئەخلاق، جێگای ڕێز و متمانەی خەڵکی ناوچەکە بوو.

تەرمی ناوبراو لە نێو ئاپۆرای خەڵکدا بە خاک سپێردرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەو بۆنەوە سەرەخۆشی لە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات و بنەماڵەی بەرێز و سەربەرزی کاک عەبدوڵڵا شەرەفکەندی دەکات.

# لە کەمپێکی پەناخوازان لە دانمارک ڕێز لە ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان گیرا

ڕۆژی ٢٦ی نۆڤامبری ٢٠١٦ لە دورگەی بۆرنهۆلمی وڵاتی دانمارک ژمارەیەک پەناخوازی کورد کە بەشێکی بەرچاویان لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبن لە ڕێوڕەسمێکدا ڕێزیان لە ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان گرت.

ڕێوڕەسمەکە کاتژمێر یەکی پاش نیوەڕۆ بە سروودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب"و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێز گرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کورد و کوردستان، دەستی پێکرد. پاشان بەڕێوەبەری کۆڕەکە خاتوو بەهار حوسێنی شاعیر و ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وێڕای بەخێر هاتن و پێشوازیی لە میوانانی ڕێوڕەسمەکە، پێناسەیەکی کورتی بە مەبەستی بەرز ڕاگرتنی خەبات و تێکۆشانی پێشمەرگە لە پێناو نرخە نەتەوەیی و مرۆییەکان لە پێشوازی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستاندا، بە بەشداریی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات و بە ئامادە بوونی کوردانی نیشتەجێی دورگەی بۆرنهۆلمی دانمارک کە دەکەوێتە نێو دەریای باڵتیک ڕێوڕەسمێک لە ژێر ناوی "ڕاسانی خاک" بەڕێوەچوو. ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانی پێشکەش بە بەشدار بووان کرد.

ڕێوڕەسمەکە بە شێعرێک لە لایەن بەڕێز ئیبراهیم وەتمانییەوە دەستی پێکرد. دواتر بەهار حوسێنی وتارێکی لە ژێر ناوی "سەرماوەز، لانکەی کۆرپە زێڕینەکەی مێژوو" پێشکەش کرد. خاتوو بەهار لە ناوەرۆکی وتارەکایدا ئاماژەی بەوە کردبوو کە: "لە ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ی هەتاویدا خرۆشی پێشمەرگانەی خەڵکی مەهابادی هەمیشە دێموکرات، وەك گەردەلوولێکی بەسام لاپەڕەی ژیانی دوایین بنکەی سەرکوت و کاولکاریی ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەویی تێکەوە پێچا و ئاڵای نەتەوەیی کوردستان لە سەر بینای شارەوانیی مەهاباد هەڵکرا و بەیداخی ژیانەوەی کوردان بە دەم هەناسەی ڕزگاریی موکریانەوە شەکایەوە".لە بەشێکی دیکەی وتارەکەدا، بەهار حسینی پرژایە سەر باسێک لە سەر ڕاسانی ڕۆژهەڵات و پێویستیی دەستپێکرانی ڕاسانەوەیەکی نوێ بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات لە یەک ساڵی ڕابردوودا و باسی لە خەباتی یەکساڵی کادر و پێشمەرگەکانی دێموکرات و قوربانییەکانی کرد: "کوردستانی ڕۆژهەڵات وەکوو لانکەی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیسمی مۆدێرنی کورد، ئەمساڵ پاش بێدەنگییەکی بیست ساڵە، مەکۆی گیانبازی و حەماسە خولقاندنی پێشمەرگە قارەمانەکانی حیزبی دێموکرات بوو کە لە چوارچێوەی بزاڤی پیرۆزی ڕاساندا دوورگەی بە ڕواڵەت ئارامی ڕێژیمی داگیرکەری تارانیان لە کوردستاندا شڵەژاند".

بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکە بەڕێوەبردنی پێرفۆرمەنسێک بوو لەپێوەندی لەگەڵ خەباتی پێشمەرگەدا کە لە لایەن خاتوو مۆژگان میرزاییەوە پێشکەش کرا. یەکێکی دیکە لە بەشدارانی ڕێوڕەسمی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان کە لاوێکی کوردستانی ڕۆژئاوا بوو بە چەند سروودی شۆڕشگێڕانە و تاکژەنیی مۆسیقا، کۆڕەکەی ڕازاندەوە.

بڕگەی کۆتایی ڕێوڕەسمەکە، ڕێزگرتن بوو لە کاک عەلی مەجیدیان ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پێشمەرگەی دێرینی کوردستان بووە.

ڕێوڕەسمی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان بە ئامادەبوونی میوانانی دانمارکی و کوردانی نیشتەجێی دورگەی بۆرنهۆلم، بە شایی و هەڵپەڕکێ کۆتایی پێهات.

# دایکی شەهیدێکی ڕاسان کۆچی دوایی کرد

ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە دایکی شەهیدی ڕاسان، شەهید "سەید عومەر حسەینی" کە لە جەریانی حەماسەی "قەرەسەقەڵ"دا شەهید بوو کۆچی دوایی کرد.

دایە "غەزاڵ مۆنعێم" کچی مەلا سەید کەریمی بێژاوێ، دایکی شەهید سەید عومەر حسەینی خەڵکی بێژاوێی شاری شنۆ، لە تەمەنی ٧٠ ساڵیدا ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ١١ی سەرماوەزی ١٣٩٥ی هەتاوی کۆچی دوایی کرد.

دایە غەزاڵ یەکێک لە شێرەژنانی کوردستان بوو کە بە ڕووسوورییەوە منداڵەکانی بەخێو و پەروەردە کرد؛ هەموو کات بە شانازییەوە باسی لە سەید عومەری کوڕی دەکرد کە لە ڕەوتی ڕاسانی ڕۆژهەڵات و لە جەریانی حەماسەی قەرەسەقەڵی شنۆ گیانی ئازیزی وێڕای ٥ کەس لە هاوبیرانی پێشکەش بە بارەگای پڕسەروەری کرد.

هاوڕێی شەهید سەید عومەر حسەینی کوڕی سەید قادر، خەڵکی گوندی بێژاوێی سەر بە ناوچەی شنۆ، ساڵی ١٣٥٣ی هەتاوی لە نێو بنەماڵەیەکی بەناوبانگی ناوچەی شنۆ لەدایك بوو. ساڵی ١٣٧٨ بووە پێشمەرگە و هەتا ساڵی ١٣٨٠ درێژەی بە خزمەتی پێشمەرگایەتی دا. هەر لەو ساڵەدا نەقڵی ناوەندی ٣ی کوردستان کرا. دواتر هەر لەو ساڵەدا، کاك سەید عومر لە لایەن حیزبەوە بۆ مەئموورییەتێکی حیزبی نێردرابوو بۆ نێوخۆی وڵات و لەوێ سازمان درا.

دوای یەك ساڵ کار و تێکۆشان، لە لایەن ڕێژیمەوە گیرا و بە زیندانی درێژماوە حوکم درا. هاوڕێی شەهید، دوای دوو ساڵ تێپەڕین لە ماوەی زیندانەکەی، لە ساڵی ١٣٨٢، بە کەڵک وەرگرتن لە مەرەخەسی، لە زیندان هاتەدەر و خۆی گەیاندەوە نێو ڕیزەکانی حیزب. پاشان ڕێگای دەرەوەی وڵاتی گرتەبەر و لە وڵاتی سوئێد نیشتەجێ بوو. دوای وەرگرتنی ئیقامەی وڵاتی سوئێد، دەستی لە کاروباری حیزب شل نەکرد و درێژەی بە کاروباری حیزبی لەو وڵاتە دا. ئەو لەو بەشەشدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا و بوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوچەی ئۆروبرو. هەروەها بوو بە ئەندامی ناوەندی یەکیەتی کوردان.

دواجار پاش بڕیاری ڕێبەریی حیزب لە ساڵی ١٣٩٥ بۆ گرێدانەوەی خەباتی شار و شاخ، لە خۆشی و ئاسوودەیی ژیانی وڵاتانی ئورووپایی دەستی هەڵگرت و لە خۆشەویستەکانی و خێزان و کچە خنجیلانەکەی ماڵئاوایی کرد و گەڕایەوە کوردستان و خۆی بە بنکەکانی حیزب لە سنوورەکانی کوردستان ناساند و چەکی شەرەفی پێشمەرگایەتی لە شان کردەوە و وێڕای شێرەکوڕانی ناوچەی شنۆ، بۆ ڕاپەڕاندنی هەندێک کاروباری حیزبی گەڕایەوە نێوخۆی وڵات و لە ڕەوتی حەماسەی قەرەسەقەڵ قارەمانانە بەرگری لە باوەڕە پیرۆزەکەی و خەڵک و خاکی کوردستان کرد و سەلماندی کە ئازادیخواز بوون لە ناخ و خوێنیدایە و سنوور ناناسێت. کاتێک کە داوای گەڕانەوە بۆ کوردستان و زێدی باب و باپیرانی کرد وتی: ڕێبەرانی پێشەنگ و مامۆستامان فێریان کردووین، بە شەهید بوونی هاوسەنگەرانمان، ورەمان ناڕووخێ و هەنگاومان شل نابێت و ناگرین، بەڵکوو خەباتمان شێلگیر و سەنگەرمان ئاوەدانتر دەکەین و باوەڕی قووڵمان بەوەیە: "گەلێک ئازادیی بوێ، دەبێ نرخی ئەو ئازادییەش بدات."

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای بەداخبوون لە کۆچی دوایی دایە غەزاڵ سەرەخۆشی لە خزم و کەس و کاری ناوبراو دەکات و خۆی بە هاوخەمیان دەزانێت.

# ئەندامێکی دێرینی حیزبی دێموکرات کۆچی دوایی کرد

"شەمسی فەراهەنی" ناسراو بە "پووره شەمێ" ئەندامێکی بە وەفا و دێرینی حیزبی دێموکرات و خوشکی دوو شەهید، ماڵئاوایی لە ژیان کرد.ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٣٠ی خەزەڵوەری ١٣٩٥ی هەتاوی، ئەندامێکی دێرینی حیزبی دێموکرات "شەمسی فەراهەنی" ناسراو بە "پووره شەمێ" کچی "محەممەد"، خەڵکی ناوچەی پیرانشار سەر بە تەشکیلاتی ئاشکرای ناوەندی ٢ی حیزبی دێموکرات، بە هۆی "جەڵتەی مێشک" لە تەمەنی٧٥ ساڵیدا لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری ڕانیە لە باشووری کوردستان کۆچی دوایی کرد.پووره شەمێ خوشکی شەهیدان "ئیبراهیم و قادر فەراهەنی" و هەروەها دایکی ئەندامێکی بەوەفای حیزبی دێموکرات جوانەمەرگ "حەسەن" بوو. هەروەها زاوای پووره شەمێ ناسراو بە "قادری حاجی عەبدوڵڵا" لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا شەهید بووە. لە ماوەی زیاتر لە ٣٠ ساڵدا، پووره شەمێ ئەمەگی دایکایەتی بە سەر هەزاران کەسدا هەبوو کە لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی خەباتدا لە ڕیزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا خزمەتیان کردبوو، ناوبراو نموونەی دایکێکی دڵسۆز و بەوەفایە کە لە تەواوی ساڵانی ئاوارەیی و دەربەدەریدا هەرشوێنێک حیزبی لێ بوایە ئەویش هەبوو و خزمەتی دەکرد.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لە بنەماڵە و خزم و کەسوکاری ناوبراو دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

# دایکی شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان کۆچی دوایی کرد

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٥ی سەرماوەزی ١٣٩٥ی هەتاوی، پورە لەیلێ بیابانی، دایکی شەهیدی قارەمانی حیزبی دێموکرات، حەمە وەیس، و هەروەها دایەگەورەی شەهیدی سەرفرازی گەل شەهید خالید بیابانی ناسراو بە خالیدە چکۆل، لە تەمەنی ٩٥ ساڵیدا لە ئاوایی کێلەشینی شاری سەقز کۆچی دوایی کرد.

پورە لەیلێ تا دواکاتی مانەوەی لە ژیاندا، وەفادار و دڵسۆزی حیزبی دێموکرات بوو.

شەهید حەمە وەیسەی کوڕی پورە لەیلێ کە ناوبانگی "ئازاد"ی هەبوو، ساڵی ١٣٤١ ی هەتاوی لە ئاوایی قەرەنیان سەر بە شاری سەقز لەدایک بووە و لە ڕێکەوتی ٢٠ی خەرمانانی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی لە گوندی سوونەتەی سەقز گیانی پێشکەش بە بارەگای ئازادی کرد و شەهید بوو. هەروەها شەهید خالید بیابانی کوڕەزای پورە لەیلێ ناسراو بە خالیدە چکۆل، لە ساڵی ١٣٥٠ی هەتاوی لە ئاوایی کێلەشین لە دایک بوو، کە بەداخەوە لە ڕێکەوتی ٢٣ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٧٢ی هەتاوی لە ناوچەی سەرشیوی سەقز لە کاتی بەرەنگاربوونەوەی هێزە چڵکاوخۆرەکانی ڕێژیم شەهید بوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای بەداخبوون لە کۆچی دوایی ئەم ژنە تێکۆشەر و نیشتمانپەروەرە، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و خزم و کەسوکاری ناوبراو و خەڵکی حیزب دۆستی ناوچەی گەورکی سەقز دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

# خوێنجمانی ڕۆژهەڵات لە شارەگی "ڕاسان"ەوە



مەنسوور عەزیزی

"ڕاسان" ئەو وشەیە کە لە ئاکامی بڕیاری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ چوونەوە نێو خەڵکی خۆی، بەستەڵەکێکی پڕ پاڵەپەستۆی شکاند و کوردستانی ڕۆژهەڵاتی لەو "شەوەیە" دەرهێنا و شۆکێکی لە بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتدا پێکهێنا.

ئەم بڕیارە دواتر لە لایەن خەڵکەوە بە "ڕاسان" ناوی دەرکرد و بووە هێمای گەڕانەوەی دووبارەی متمانە بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات.

"ڕاسان" و "ڕاس بوونەوە" واتە دەست بەرزکردنەوە بۆ لێدان، ژێستی لێدان لە شتێک بەخۆوە گرتن، واتە ڕاسبوونەوە، هەڵسانەوە، دوای کەوتن ڕاسبوونەوە لەسەر پێ، لە نەخۆشی چابوون. (هەنبانەبۆرینەی مامۆستا هەژار، لاپەڕەی ٣٤٠)باسێک کە من دەمهەوێ لە دووتوێی ئەم بابەتەدا لە سەری بدوێم، بڕیاری ڕێبەریی حیزبی دێموکراتە بۆ وەڕێخستنی بزووتنەوەی ڕاسان و کاریگەریی ئەو بزووتنەوەیە لە سەر سەرجەم جمگە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی نەتەوەکەمان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات. لەسەر ئەم باسە بیروڕای جودا هەن و تا ئێستاشی لەگەڵ بێ کە نزیک بە دوو ساڵ لەو بڕیارە تێپەڕیوە، هەن کەسانێک، یان ئەو لایەنانەی کە هەوڵیان ئەوەیە لە ڕەدی ئەو بڕیارەدا بدوێن یان هەڵوێست بگرن. بەڵام ئایا چەندە ئەو بڕیارە کردەییە و چەند کاریگەریی هەیە لەسەر گشتییەتی پرۆسە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات، ئەو پرسیارانەن کە گرینگە هەموومان ـ چ ڕازییەکان و چ ناڕازییەکان ـ لە خۆمانی بکەین و بە دوای وەڵامی دروستدا بگەڕێین. ئەو بڕیارەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لێکدانەوەی زۆر هەڵدەگرێ. جگە لەوەی کە هەر لە سەرەتاوە باس هەڵگر بووە، بە دڵنیاییەوە لە داهاتووشدا زۆر پەرتووکی لەسەر دەنووسرێ و شیکاریی زانستی و سیاسیی لەسەر دەکرێ. من ئارەزوو دەکەم کە زۆر کەسی دیکە، چ ئەوانەی دژی ئەو جووڵەیەی حیزبی دێموکراتن و چ ئەوانەی کە لەگەڵین، ڕای خۆیان بڵێن و شیکاریی ڕاوبۆچوونی خۆیان بکەن، بۆ ئەوەی بەرچاوڕوونیی زیاتر بێتە کایە و شێوە تێگەیشتنێکی بنەڕەتی دروست بێ لە نێو هەموو تێکۆشەرانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، لەم بابەتەدا من لە خانەی ڕیزبەندێکدا قۆناغی ڕووداوەکانی باشووری کوردستان و پێوەندییان بە ڕۆژهەڵاتەوە باس دەکەم و هەوڵ دەدەم لە چەند بەشدا ئاکام لە باسەکەم بگرم.

**بەشی یەکەم:**

**باشووری کوردستان:**

لە پاش شۆڕشی باشووری کوردستان لە دژی ڕێژیمی بەعسی عێراق و دابەزینی هێزە کوردییەکانی ئەو بەشە بۆ نێو شارەکان و گرتنە دەستی دەسەڵات، چەند فازی نوێتر لە ژیانی سیاسیی ئەواندا دەست پێدەکات. بە حوکمی ئەوەی کە خەڵک بەڕێوەی دەبەن و پێویستە وەڵامدەری پێداویستییە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی خەڵک بن، ڕۆڵیان دەگۆڕێ و لە حیزبی شۆڕشگێڕەوە، دەبنە حیزبی بەڕێوەبەری دەسەڵات. لێرەدایە کە لە پێوەندی لەگەڵ دەرودراوسێکانیشیاندا ڕۆڵیان دەگۆڕێ و هەندێک جار لە دژایەتیدان و هەندێک جاریش تەبان لە گەڵیان و ساتوسەودای بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییەکان لە نێوان ئەوان و دراوسێکانیاندا دەست پێ دەکات.

پاش شۆڕشی ساڵی ١٩٩١ی زایینی لە باشوور، ئەوە ڕوونە لە لای هەمووان کە ئەو بەشە لە کوردستان لە قۆناغێکی دیکەدایە و بێگومان شۆڕشی ئێمەش، بە حوکمی بوونی پێوەندیی لەمێژینە لە نیوان پارتەکانی باشووری کوردستان و ڕێژیمی ئێران، چاوەڕوانییی ئەوەی لێکراوە بکەوێتەوە بارودۆخێکی تایبەتەوە.

**بارودۆخی تایبەت:**

١. ڕێژیمی ئێران فۆرمی پێوەندییەکانی لەگەڵ باشووری کوردستان دەگۆڕێ و کاراکتێری نوێی سیاسی دروست دەبێ.

**بۆ نموونە**:ئەگەر لە پێش شۆڕشی ساڵی ١٩٩١ی زایینی، ئەو ڕێژیمە نەیدەتوانی پێیەک بە دیوی باشووری کوردستاندا بنێ، لە پاش شۆڕشی باشوور ئیدی دەیتوانی ئازادانە بێتە نێو باشووری کوردستان یان بە قەولی خۆیان باکووری عێراق و لەوێ بە دوای بەرنامە ستراتیژییەکانی خۆیدا بگەڕێ و هەوڵ بدات زەمینە بۆ ئەوە ساز بکات کە هێڵی گەیشتن بە قودس وردە وردە پێکبێنێ و" دۆمین" ێکی نوێ داڕێژێ.

٢. خەڵکی باشووری کوردستان لە بواری ئابوورییەوە لاواز بوون .

٣. حیزبەکانی باشووری کوردستان ئەودەم لە دەسەڵاتدارەتیدا تەواو نوێ بوون، ڕاست وەک خەڵکی ئەو بەشە لە کوردستان و لە ڕاستیدا کورد یەکەم جار بوو لەو ئاستەدا بکەوێتە نێو پرسی قووڵی دەسەڵاتدارەتی و سیاسەتی ناوچەیی و نێودەوڵەتی. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە پێوەندیشیان لەگەڵ ڕێژیمی ئێران بە هۆی جەنگی دژی دەسەڵاتی بەعس و هاوسنوور بوون، لە ئاستێکی بەریندا بوو.

٤. دیپلۆماسیی کورد لەو سەردەمەدا بە هۆی ئەوەی کە هێشتا لە سێبەری ڕووداوە جیهانی و ناوچەییەکاندا بووە، نەیتوانیوە متەقی لێوە بێ و هەڵوا‌سراوی ڕووداوەکانی دەوروبەری بووە و سەربەخۆ نەبووە.

ئاکام گرتن لە بەشی یەکەمی باسەکەمان

بە پێی ئەو خاڵانەی لە سەرەوە باس کران و لە دەرەوەی بازنەی سۆزن و زیاتر ئاوەزمەندانەن، وەڵامدانەوەی هێزەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، بە تایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە داوای حیزبەکانی باشووری کوردستان ـ لەو کاتەدا. بۆ ڕاوەستاندنی خەباتی چەکداری لە دیوی ڕۆژهەڵات لە دژی ڕێژیمی ئێران، وەڵامدانەوەیەکی ئەرێنی بووە و جگە لەوەش تێگەیشتنێکی ڕوونی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بووە بۆ ئەو بارودۆخەی کە هاتووەتە پێش و هاوکاتبوونی ستراتیژییەکی نەتەوەیی بووە لە لایەن ئەوانەوە، بەو مانایە کە ئەگەر باشووری کوردستان پێ بگرێ و لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێ و لە ئاستی نێودەوڵەتی و ناوچەییەوە جێگە پێی خۆی بکاتەوە، دەتوانێ سەکۆیەکی بەهێز بێ بۆ گەیشتنی کورد بە مافەکانی خۆی لە پارچەکانی دیکەش. وەک دەزانین لەگەڵ ئەوەی کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات، بە تایبەت حیزبی دێموکرات، ڕەچاوی بارودۆخی پێشهاتووی کرد و بەهانەی لەدەستی کۆماری ئیسلامی نەهێشتەوە بۆ ئاڵۆزکردنی باشووری کوردستان، کۆماری ئیسلامیی ئێران بە بەردەوامی هێرشی تێرۆریستیی خۆی بۆ سەر ئەو حیزبانە بە تایبەت حیزبی دێموکرات لە قوڵایی خاکی باشووری کوردستان هەر درێژە دا و لە ئاکامی ئەوەشدا سەدان کەس لە تێکۆشەرانی کوردی لەو ماوەیەدا لە باشوور، شەهید کرد. بە هەموو ئەو پاوانخوازییانەی کۆماری ئیسلامیشەوە، لە ڕەهەندی ستراتیژیی نەتەوەییەوە گەر چاو لەو بابەتە بکەین، دەبینین کورد ـ بە باشوور و ڕۆژهەڵاتییەوە_ توانی سەربکەوێ بە سەر پیلانگێڕییەکانی کۆماری ئیسلامیدا و باشووری کوردستان لە ئێستادا گەیشتووە بە ئاستێکی بەرزی سیاسی و دیپلۆماسی لە ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا.

**بەشی دووەم:**

**ڕێژیمی ئێران لە عێراقدا**

لە پاش ساڵی ٢٠٠٣ی زایینییەوە، بە ڕووخانی ڕێژیمی بەعس، ئەمجار ڕێژیمی ئێران نفوزی خۆی لە عێراق بەهێزتر کرد و بە کردەوە هەموو باشووری وڵاتی عێراقی خستە کۆنتڕۆڵی خۆیەوە. ئەو حیزبە شیعە عەرەبییانەی کە ساڵانێکی زۆر بەشێک بوونە لە سیستمی ستراتیژیی ڕێژیمی ئێران بۆ داگیرکردنی عێراق و لە ڕاستیدا وەک باسکی سیاسی و سەربازیی ئیتلاعاتی ئێران و سپای پاسداران کاریان دەکرد، هاتنە دەسەڵاتەوە و دەستیان گرت بە سەر نەوت و گاز و خاک و خەڵکی عێراقدا و سێبەریان کێشا بەسەر ڕووداوەکانی عێراق و ناوچەکەدا.

لە ئێستادا ئیدی ڕێژیمی ئێران جۆگەلە سیاسییەکانی خۆی بەرەو عێراق وەگەڕ خستووە و بە کردەوە هەوڵی ئەوە دەدا عێراق بکاتە بەشێک لە ئێران و بۆ ئەو کارەش چەند هەوڵی بنەڕەتیی هەیە:

١. لە ڕێی بیروباوەڕی ئایینییەوە کولتوورێکی نوێتر و بەربڵاوتر دروست بکات لە سایکۆلۆژیی خەڵکی عێراقدا و وا هەست بکەن کە بەشێکن لە ئێران و ئەوان لە خۆیاندا بتوێنێتەوە.

٢. لە بواری سەربازییەوە هەوڵ بدات کە کۆمەڵێک جمگی سەربازیی تایبەت بە سپای پاسداران پێکبێنێ و هەر لە ڕێی پارلمانی عێراقەوە یاسامەندیان بکات وەک ئەوەی کە لە سەر حەشدی شەعبی لە پارلمانی عێراقدا دەنگی پێدرا و بە فەرمی ناساندیان.

٣. هەوڵی تەواوی ئەو ڕێژیمە بۆ تێکدانی دێموگرافیی عێراق و تێکدان و لەنێوبردنی شار و گوند و جێگە و ڕێگەی سوننەکانی عێراق و ئەمن ڕاگرتنی شارە شیعە نشینەکان و ئاوەدانکردنەوەیان و پەرەدان بە دروستبوونی هەژموونی شیعە لە ناوچە سوننەنشینەکان. واتە لە درێژماوەدا ڕێژیمی ئێران هەوڵ دەدات خەڵکی عەرەبی سوننە بەرەو مەزهەبی شیعە بڕۆن و ئەمەش دەتوانێ جێگە پێی ئەو بەهێزتر بکات.

٤. گوشاری زۆر بۆ سەر هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی وردە وردە بچێتە ژێر هەژموونی شیعە لە عێراق و لە ئاکامدا دەستەمۆکردنی بزووتنەوەی کورد لە باشوور.

٥. هەوڵە سەرەکییەکە ئەوەیە کە بە تەواوی عێراق بخاتە ژێر کۆنتڕۆڵ و خاک و خەڵک و فەرهەنگ و زمان و ئابوورییەکەی بکاتە بەشێک لە خۆی.

**ئاکام تا ئێرە:**

ڕێژیمی ئێران و هەژموونیی ئەو ڕێژیمە، دەتوانێ وەک ئاوێکی ڕژاو بگاتە بن پێیەکانی ئێمەش وەک حیزبەکانی ڕۆژهەڵات کە لە باشوور نیشتەجێین و ئەگەر وریا نەبین، بە دڵنیاییەوە کلاشەکانمان تەڕ دەبن. ئەوە حاشاهەڵنەگرە و نابێ دەست لە سەر دەست دانیشین و ڕۆڵی سەرەکیی خۆمان وەک حیزبی شۆڕشگێڕ و خودان خەڵک، لەدەست بدەین. دوژمن شەو و ڕۆژ پیلان دادەڕێژێ و ئێمەش دەبێ خاوەن پلانی خۆمان بین.

باشووری کوردستان لە ئێستادا و بارودۆخی پارچەکانی دیکە:

١.کورد لە باشوور لە ئێستادا لە ئاستێکی بەرزدا ڕۆڵ دەگێڕێ و خاوەن ئابووری و دیپلۆماسیی خۆیەتی و وەک لایەنێک کە ڕاستەوخۆ لە نێو کایەکاندایە ڕۆڵ دەگێڕێ نەک وەک کارتێک کە بەکاری بهێنن.

٢.نەوتی کوردستان گەیشتۆتە بازاڕە نێونەتەوەییەکان و وا بڕیارە لە ساڵی ٢٠١٧ی زایینیشدا گازی هەرێمی کوردستان بە ڕێژەیەکی بەرچاو بچێتە نێو کایەی بۆرسە نێودەوڵەتییەکانەوە و ئەمەش وا دەکات باشووری کوردستان زیاتر قورسایی هەبێ و شەریکی زۆرتر بۆ خۆی ببینێتەوە.

٣. کورد لە بواری سەربازییەوە ، هێزی سەربازیی خۆی تاقیکردەوە و سپای کوردستان شەڕی جبهەیشی لە دژی یەکێک لە دڕندەترین سپاکان(داعش) لە مێژووی کۆن و نوێی مرۆڤایەتیدا، ئەزموون کرد و لەو شەڕەشدا سەرکەوتوو دەرکەوت.

٤. بارودۆخی کورد لە ناوچەکە گۆڕاوە و ڕووداوەکان ئەوەمان پێدەڵێن کە داهاتوویەکی باش چاوەڕوانی کوردە.

**جوڵەی ئێمە و بەرژەوەندییەکانی باشوور:**

ئەو لایەنانە، یان ئەو کەسانەی دەڵێن کاتی چوونەوە نێو خەڵک نەهاتووە، بەهانەیان ئەوەیە کە نابێ ئارامیی خەڵکی خانەخوێ واتە باشووری کوردستان، تێکبدەین. بەڵام ئایا بە ڕاستی بوونی ئێمە لە نێو خەڵکی خۆمان ئاسایشی باشوور تێکدەدات یان بە قازانجیانە؟

بە چەند هۆکار من پێموایە ئەو ڕوانگەیەی ئەوانە هەڵەیە، لەبەر ئەوەی کە:

١. لە ئێستادا کە ڕێژیمی ئێران هەوڵ دەدات حاڵەتی هێرشبەرانە لە سەر باشوور بکاتە ژێستێک بۆ ئەوەی کوردەکان لەو بەشە لە کوردستان، تەسلیمی ویستەکانی بەغدا بن و لە قسەی ئەوان دەرنەچن، دەنا لە بواری ئابوورییەوە تووشی کارەساتیان دەکات، یان ئەوەی لە بواری سەربازییەوە لە مۆرەکانیان دەدات، یان ئەوەی لە نێوخۆی کوردەکانی باشووردا دژبەریان بۆ دروست دەکات، بوونی ئێمە لە سنوورەکان و لە نیوخەڵکی خۆمان، کۆماری ئیسلامی تووشی پاشەکشە دەکات لە بەرانبەر باشوور و ئەودەم دەزانێ کە دەست خستنە نێو باشووری کوردستان لە ئاکامدا بە زیانی دەکەوێتەوە.

٢. لە ئەگەری بوونی هێزەکانی ڕۆژهەڵات لەم قۆناغەدا لە نێو خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەردەم کۆماری ئیسلامی داوایەکی هەیە کە ئاراستەی دەسەڵاتی باشووری کوردستانی بکات و لە ڕاستیدا پێوەندییەکانی لە هەڕەشەکردنەوە دەگۆڕدرێ بۆ داواکردن.

٣. کۆماری ئیسلامیی ئێران هەوڵ دەدات ئەودەم بۆ ئەوەی سەرنجی خەڵکی باشوور ڕابکێشی ـ لە بەر ئەوەی زیانە ستراتیژییەکە نەکات ـ دەرگە ئابوورییەکان زیاتر بەسەر باشووردا بکاتەوە و ئەمەش دیسان بە قازانجی خەڵکی باشوورە.

٤. ڕێژیمی ئێران بە بوونی ئەو بارودۆخە نێودەوڵەتییە و ئەو نفوزەی کە ئێستا هەرێمی کوردستان لە ئاستی جیهاندا هەیەتی، ناتوانێ کەمەربەندی ئێمەنی بە دەوری باشووردا بتەنێ و لە ڕاستیدا ئەوان ـ ڕێژیمی ئێران ـ باش دەزانن کە هەولێر ئێستا زیاتر لە تاران لە نێو کایە نێودەوڵەتییە سیاسی و سەربازییەکاندایە.

٥. هەروەک چۆن بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژئاوا لە قاڵبی ستراتیژیدا پاڵپشتێکی گەورەیە بۆ دۆزی کورد لە باشوور، بوونی جووڵە سیاسی و سەربازییەکانی کورد لە ڕۆژهەڵات، وەزنەی باشووری کوردستان قورستر دەکات نەک سووکتر. واتە تاران لە کاتی ئێستادا بە بوونی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات، زیاتر ڕێز لە باشووری کوردستان دەگرێ و پێویستیی زیاتری پێی دەبێ.

**پشتی جبهە:**

هەندێک جار، چەند کەسێک لە بەرپرسانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات، وێڕای ئەوەی کە هەوڵ دەدەن بە باسکردنی ئەو خاڵەی کە ئێمە دەبێ ئاسایشی باشوور بپارێزین و بەهانە نەدەین بە کۆماری ئیسلامی، خاڵێکی دیکە وەک بەهانە دێننەوە و ئەویش ئەوەیە کە دەڵێن: بەکام پشتی جبهەوە ئەو خەباتە دەست پێدەکەینەوە؟ یەکەم ئەوەی دەبێ ئاماژە بەوە بدەم کە هەروەک چۆن بارودۆخە سیاسی و سەربازییەکان لە قاڵبی کلاسیکیی خۆیاندا گۆڕاون، ئاوەهاش بابەتی پشتی جبهە ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە. پێش لە هەموو شتێک خەڵکی ئێمە لە ڕۆژهەڵات بەو ئاستە لە ڕۆشنبیری و تێگەیشتوویی گەیشتوون کە ببنە پشتی جبهەی جووڵەکانی ئێمە و لە ڕاستیدا ئەوان سەرەکیترین پاڵپشت و هاوکاری پێشمەرگەن.

دووەم ئەوەی کە پێویستیی کورد بۆ سەرکەوتنی ئەو بەشەی کە خۆی تێیدا دەژی، لە خودی خۆیدا پێویستیی بەوە هەیە پاڵپشتیی دۆزی کورد لە پارچەیەکی دیکە بکات و هەوڵ بدات ئەو کەمەربەندە ئەمنییەتییە دروست بکات، تەنانەت گەر لە بەر مانەوەی خۆشی بووە.

سێهەم ئەوەی کە لە بەرانبەر ڕێژیمێکی وەک ڕێژیمی ئێراندا کە لە ئاستی نێودەوڵەتی و ناوچەییدا وەک ڕێژیمێکی بێزراو چاوی لێدەکرێ و بە باشی وەری ناگرن، جووڵەی کورد لە ڕۆژهەڵات درەنگ یان زوو لە لایەن کۆمەڵگەی نیودەوڵەتییەوە بەهەند وەردەگیرێ و دەستکەوتی گەورەتری دەبێ، بابەتەکە تەنیا بەستراوەتەوە بە کاتەوە و بەس.

**ئاکام:**

پێش هەر شتێک ئەوە دەبێ ڕوون بێ کە ئێمە وەک حیزبەکانی ڕۆژهەڵات، ئەرکێکی سیاسی و ئەخلاقی و نەتەوەییمان لەسەرە و ئەو ئەرکەمان خۆمان بە کۆڵ کێشاوە و ڕامانگەیاندووە کە ڕێبەریی خەباتی نەتەوەیی دێموکراتیکی کورد دەکەین لە ڕۆژهەڵات، کەواتە پێویستە بە ئەرکی خۆمان هەستین و بەهانەی جیاجیا نەهێنینەوە بۆ پاسیڤ بوونمان. پاشان ئەبێ بزانین کە ئەو قۆناغە، واتە ئەو بیست ساڵەی پێیدا تێپەڕین، ئیستا ئیدی بەسەرچووە و نەوەی نوێی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵات، پێویستی بە بەرنامە و پلانی نوێتر هەیە بۆ ڕێبەری کردنیان.هەر لەو چوارچێوەیەدا، بە دڵنیاییەوە جەوهەری ویستی حیزبەکانی باشووریش کە ڕووی لە ئێمەیە، ئەوەیە کە بچین بە دوای ویستەکانی خۆماندا و ئیدی ئەوان ناچارمان ناکەن خەباتەکەمان ڕاوەستێنین و لە ڕاستیشدا پێویستیی ڕاوەستانی ئەو خەباتە، نەماوە. ڕاسانی ڕۆژهەڵات لەو دوو ساڵەدا پێشوازییەکی بەرینی لێکراوە لە لایەن خەڵکی ڕۆژهەڵاتەوە و دەلاقەیەکی نوێی کردەوە بۆ تێڕوانینە سیاسییەکان و ئێستا کاتی ئەوە هاتووە، هەموو لایەک شیکاریی نوێ بکەن بۆ ئەو ڕاسانە و بەبێ دەمارگرژی و لە خانەی ڕاستبینیی زانستیدا ئەو هەنگاوە بە کردەوەیە بەهێزتر بکەن و لە ئاکامدا ڕاسان ببێ بە پلانی هەمووان و پێکەوە دەوڵەمەندتری بکەن و بەرەو پێشەوەی ببەن لە پێناو ویستە ڕەواکانی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵات.

# ئەو کلیلەی هەموو درگاکانی داخست

دیاکۆ ڕۆژهەڵاتی

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی هەڵبژاردن لە هەر وڵاتێکدا ئەوەیە کە ئەو کەس و لایەنانەی خۆیان بۆ هەڵبژاردنەکە دەپاڵێون، کۆمەڵێك بەرنامە و دروشم دەکەنە بنەمای کاری خۆیان و بەو کەرەستانەوە دەچنە نێو کێبڕکێی هەڵبژاردنەکەوە و بەو شێوەیە، خۆیان بە خەڵکی دەناسێنن و داوایان لێ دەکەن، دەنگ بدەن بەو دروشمانە و بەو هۆیەوە هیوادارن کە سەرنجی خەڵکی بەرەولای خۆیان و بەرنامەکانیان ڕابکێشن تا دەنگ بێننەوە و براوەی هەڵبژاردنەکە بن و دەسەڵات وەدەست بێنن و لە ماوەی دەسەڵاتدارێتیدا ئەو بەرنامانە کە داخوازی ئەوانیشە، جێبەجێ بکەن.
ئەو دروشمانەی کە بەربژێرەکان هەڵیدەبژێرن، لە گەڵ کێشە و گیروگرفتەکانی خەڵك لەو سەردەمەدا یەك دەگرنەوە و ئەوان هەوڵ دەدەن ئەگەر هەر بۆ بانگەشەش بێ، حەز و خولیاکانی خەڵك لە بەر چاو بگرن و لە بەرنامە و دروشمەکانی خۆیاندا، لەماوەی بانگەشەی بەر لە هەڵبژاردندا بیانگونجێنن و سەرنجی زیاتری خەڵك بۆ لای خۆیان ڕابکێشن.
دیارە شێوەی هەڵبژاردن لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێك و لە ئایدۆلۆژیایەکەوە بو ئایدۆلۆژیایەکی دیکەوە گۆڕانی بەسەردا دێ و دەسکەوت و خەسارەکانیان وەك یەك نین. لە وڵاتە ئازاد و دێموکراتەکاندا دوای هەڵبژاردن خەڵك داوای جێبەجێکردنی وادەکان دەکەن و ئەگەر ئەو کارە نەکرێت، دەڕژێنە سەر شەقامەکان و لە دەسەڵات وە دەنگ دێن و لێی قبووڵ ناکەن. بەڵام لە وڵاتانی نادێموکراتیکی تۆتالیتێری وەك ئێراندا هەر کەس وستەی لێوە بێ، وستەی لێ دەبڕن.
لە ماوەی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، بە دەیان هەڵبژاردن ڕێك خراوە و بەڕێوە چووە و بە هۆی ئەوانەوە، دەموچاوەکان لە دەسەڵاتدا گۆڕاون و دیارە هەموویان بە بەرنامە و دروشمی جیاوازەوە چوونەتە سەر کورسیی دەسەڵات و ماوەکەی خۆیان تێپەڕاندووە و بێ ئەوەی ئاوڕ لە دروشم و وادەکانیان بە خەڵك بدەنەوە، هەر بە تەشییەکەی دەسەڵات ڕستوویانە و پاش چەند ساڵ لە هەڵبژاردنێکی دیکەدا، بێ ئەوەی هیچ گۆڕانێك ڕووی دابێت، جێی خۆیان داوە بە کەسێك یان کەسانێکی دیکە و خۆیان لە شوێنێکی دیکە دەست بە کار بوونەتەوە و بە باڵای ڕێژیمیاندا هەڵگوتۆتەوە.
هەڵبژاردن لە ئێراندا بۆ خۆی چیرۆکێکی جیاوازی هەیە و لەگەڵ هیچ پێوانەیەکی جیهانی و دێموکراسیدا یەك ناگرێتەوە و لەو بارەوە بۆ خۆی بە ڕاستی شتێکی جیاوازە و بە هۆی ئەو دارشتنەی بۆ شێوەی دەسەڵاتدارێتی داڕێژراوە، ئەوان کەمتر کاریان لە دەست دێت و زیاتر وەك کارمەندێکی بەردەستی دەسەڵات چاویان لێ دەکرێت. دیارە و شتێکی ئاشکرایە کە هەڵبژاردن لە ئێراندا دەسەڵات وەك دەنگێکی ئۆکەی بۆ خۆی چاوی لێ دەکات و لەوە زیاتر مانایەکی دیکەی نییە و ئەوەندە گوێ بە دەرەنجامەکانی نادات. چوونکە هەر کەسێکیش کە سەر بکەوێ، ناتوانێت ئەو هێڵە ببەزێنێت کە لە لایەن دەسەڵاتەوە بۆی دەکێشرێت.
لە ئێراندا بۆ شۆرای شارەکان و مەجلیس و پۆستی سەرکۆماری بە ڕواڵەت دەنگی خەڵك وەردەگیرێت. بەڵام ئەو کەسانەی کە دەنگیان دەدرێتێ، لە نێو دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی وڵاتدا، چ شۆرا و چ نوێنەرانی مەجلیس و چ سەرکۆمار، هیچیان دەسەڵاتێکی وایان نییە و سەرەنجام، ئەو دروشمانەی لە ماوەی بەر لە هەڵبژاردندا هەڵیدەگرن و باسی لێوە دەکەن، بۆیان ناچێتە واری جیبەجێکردن و ئەو وادە و بەڵێنانەی بە خەڵکی دەدەن، لە کۆڕی هەڵبژاردنەکان واوەتر ناچێ و هەر لە منداڵدانی دایکدا دەمرن و دووپەلە نابن.
لەم هەڵبژاردنانەدا ئەوەی بەرزترین پلەی دەست دەکەوێ سەرنجی زۆرتر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت. هەڵبژاردنی سەرکۆمار ئەو هەڵبژاردنەیە کە زۆرترین دەنگ و مشتومڕی لێ ساز دەبێت.
لەماوەی ئەم سی و چەند ساڵەدا پاڵێوراوەکانی پۆستی سەرکۆماری کە هیچیان بۆ لایەنی دەسەڵات، واتە قەڵانشینەکانی بەیتی ڕەهبەری، جیاوازییەکیان نیە و نەبووە، هەوڵیان داوە بە دروشم و بەرنامەی ڕەنگاوڕەنگی جیاوازەوە پێ بنێنە نێو ململانێی هەڵبژاردنەوە و خۆیان بە ڕیفۆرمخواز و سوننەتی بە خەڵك ناساندووە. بەڵام لە ئاکامدا هەر کەسێکیان سەرکەوتبێ، لە ماوەی سەرکۆماریدا هەر گوێی لە لای قەڵای ڕێبەری بووە و ئەوەی ئەو کوتوویەتی و فەرمانی پێ داوە، بەڕێوەی بردووە و پێی لە سەر وادە و بەڵێنەکانی خۆی داناوە و لە ئاکامدا ئەو خەڵکەی دەنگیان پێ دەدەن دەبنە مامە شوانەی ڕەنجەڕۆ و دەم لە پووش دەمێننەوە.
لە ماوەی بەر لە هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە خولی یازدەهەمدا، پاڵێوراوەکانی ئەو خولە بە چەند ڕوخسارێکی جیاواز و بە دروشم و بەرنامەی بە نێو جیاوازەوە هاتنە گۆڕەپانەکەوە و هەمیسان خەڵك لە دەوریان کۆ بوونەوە و باس و خواستی جیاواز هاتنە ئاراوە و دیسان ڕیفۆرمخوازەکان، کەوتنە بەر سەرنجی هیندێك کەسی بە نێو سیاسەتمەدار و ڕووناکبیر، "دەنگ مەدەن بەم و باڵی فڵانەکەس بگرن" دەستی پێ کرد و هیندێك لە سیاسەتمەدارەکانی دەرەوەش، بە زمان چەوری بۆیان کەوتنە قلەسەما و پێیاندا هەڵگوتن.
لەنێو ئەو پاڵێوراوانەدا کە بۆ ئەو خولە بەربژێر کرابوون، ئەوەی کە توانیی سەرنجەکان زیاتر بۆ لای خۆی ڕاکێشێت و دروشمەکانی لەوانی دیکە پڕ زریقەو بریقەتر بوو، سەر کۆماری ئێستا، حەسەن ڕۆحانی بوو. ئەم پیاوە لە بەر ئەوەی لە لایەن چەند کەسێکی ئیسلاحخوازی وەك خاتەمی و کەسانێکی دیکەوە پشتیوانیی لێ کرا خەڵکێکی زۆر لە دەوری هاڵان. ئەوەی کە لە نێو دروشمەکانی ڕۆحانیدا زەق و بەرچاوە و لە نێو خەڵکدا ماوەتەوە، هەر ئەو کلیلەیە کە بەردەوام لە ماوەی هەڵبژاردندا بە دەستییەوە بوو و بەردەوام نیشانی خەڵکی دەدا.
نە ئەو کلیلە و نە ئەو دروشمانەی کە لەو ماوەیەدا بە خەڵکی ڕاگەیاند، هەتا ئێستا



هیچیان نەهاتوونەتە دی و هەر لە جێی خۆیاندا ماونەتەوە. ئەو کلیلەش درگای هیچ گرفتێکی نێو خۆیی پێ نەکراوەتەوە و کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و نەتەوەییەکانی ئێران، هەر لە جێی خۆیاندا ماونەتەوە و ژنان هەر لە قەفەزی چارشێودا دیلن و پیاوان، بە دەست بێکاری و گرانی و دەستەنگییەوە دەناڵێنن. تەنانەت ئەو درگایانەش کە بەر لە هاتنی ئەو بۆ بژیو و گوزەرانی خەڵك لە سەر پشت بوون، دانە دانە داخران و ئێستا ئەم دەوڵەتە، بە تەواوی دەستی ناوەتە بینەقاقای ئەو خەڵکە و لە هەموو لایەکەوە خەریکە دەیانخنکێنێت. بەرەبەرە پێداویستییەکانی ژیان گران دەبن و نانی لە سەر سفرەی خەڵك هەڵگرتووە و بە گرانکردنی ماڵیات و ئاو و برق و تەلەفوون و گاز، گیرفانی دەوڵەتی ئاخنیوە. هەر ڕۆژەی بە بیانوویەك دەست دەکا بە گیرفانی خەڵکدا و بێ سەرنجدان بە هەژاری و بێکاریی خەڵك، دەیان ڕووتێنێتەوە و لە سەر ساجی عەلی دایناون. ئێستا زیندانەکان لە جیابیران جمەیان دێت و لەسێدارەدان و کوشتن و بەرتیلخۆری و پارتی بازی، وەك مۆتەکە بە سەر وڵاتدا کشاوە.
ڕێژەی تەڵاق چۆتە سەرێ و بە هۆی بێکاری و دەست تەنگەییەوە، ماڵەکان پڕ بوونە لە پیرە کچ و پیرە کوڕ.
ئەوەی لەماوەی ئەو چوار ساڵەدا بۆ تیمەکەی حەسەن ڕۆحانی گرینگ بووە، کردنەوەی درگاکانی دەرەوە بە ڕووی کۆماری ئیسلامیدا بووە و هیچ سەرنجێکی ئەوتۆی نەداوەتە گوزەران و ئابووریی خەڵك و ئەوەی لە ڕێی ئەو ڕێککەوتنە ئەتۆمییەوە دەستی خەڵکی ئێران و ناوچەکە کەوتووە، بە کوشت دانی کۆمەڵێك پاسدار و زیادکردنی هەتیو و هەتیوباران بووە و ئاوردوویەکی باشی بۆ ئاگری شەڕەکانی سووریە و عێراق و یەمەن دابین کردووە و و نەیهێشتووە ئەو شەڕانەی بۆ بەرژەوەندیی خۆی هەڵی ئایساندبوون بکوژێنەوە. ئێستا دەبینین لێدوانی فەرمانەکانی سپا زۆر لە لێدوانەکانی حەسەن ڕۆحانی و وەزیرەکانی زۆرترن و باسی شەڕ و کوشتار و شەهادەت، لە باسی ئاوەدانکردنەوە و ژیان و ژیانەوە زۆرترە.
گرینگیی ئەو ڕێککەوتنە بۆ کۆماری ئیسلامی لەوەدا دەردەکەوێ کە کاتێك ترامپ لە ئەمریکا دەنگی هێنایەوە، ئەو کەس و بەرپرسانەی پێشتر باسی خراپیی ئەم ڕێککەوتنەیان دەکرد و وایان بە خەڵك دەنواند کە ناڕازین، ئێستا بە ئاشکرا ترسیان لەوە لێ نیشتووە کە نەکا ترامپ وادەکانی هەڵبژاردنی خۆی بەرێتە سەرێ و ڕێککەوتنەکە هەڵبوەشێنێتەوە و لەم لا و ئەو لا، لێدوان دەدەن و دەڵێن ترامپ ناتوانێ هەر وا بە ئاسانی ئەو ڕێککەوتنە هەڵبوەشێنێتەوە.
ئێستا دوای نزیکەی چوار ساڵ، ئەو کلیلەی کە وا بڕیار بوو قوفڵی درگاکان بکاتەوە و ئابووری ببوژێنێتەوە و ژیان جوانتر بکات و خەڵك، بەرەو فەرعانە بەرێت، خەریکە دانە دانە درگاکان بە ڕووی خەڵکدا دادەخات و ژیان و ئازادی بەرتەسك دەکاتەوە و دەبێتە ئەو کلیلەی کە هەموو درگاکانی بە ڕووی ئازادیی ژیان و گوزەرانی خەڵکدا داخست.

## هاوپەیمانیی عەرەبی، گەمییە چەکهەڵگرەکانی ئێران لە یەمەنیان بۆردومان کرد



فڕۆکە شەڕکەرەکانی هاوپەیمانیی عەرەبی بە ڕێبەریی عەرەبستانی سعوودی، گەمییە چەکهەڵگرەکانی ڕێژیمی ئێران، کە چەکوچۆڵیان بۆ میلیشیا حووسییەکانی یەمەن قاچاخ دەکرد، لە کەنارئاوەکانی "المخاء" و ناوچەی "ذوباب" لە ڕۆژئاوای پارێزگای "تعز" لە باکووری گەرووی "باب المندب" کردە ئامانج.
بەپێی ڕاپۆرتی "العربیه"، شاهێدە باوەڕپێکراوەکان لە شوێنی ڕووداوەکە، گوتوویانە کە؛ فڕۆکە شەڕکەرەکان، گەمییەکانیان بۆردومان کردووە. ئەم هێرشە بووەتە هۆی تەقینەوەگەلێک کە دەنگی لە مەودای دووریشەوە بیستراوە. پاش ئەم تەقینەوانە، نێڵەی ئاگری گەمییەکان بەرز بۆتەوە.ڕێژیمی ئێران بە ناردنی قاچاخی چەکوچۆڵ و کەرەستەی تەقینەوە بۆ بەکرێگیراوانی خۆی و تێرۆریستەکان لە شوێنە جیاوازەکانی ناوچە و جیهان، لە ماوەی دەسەڵاتداریی خۆیدا، هەردەم یەکێک لە گەروەترین هەڕەشەکان لە دژی ئاشتیی و سەقامگیریی جیهانی و گەورەترین هۆکاری ئاژاوە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بووە.
یەمەن لەو چەند ساڵەی دواییدا بووەتە یەکێک لە ناوەندەکانی ئاژاوەگێڕیی کۆماری ئیسلامی و شەڕی بە وەکالەتی بەکرێگیراوانی حووسی لە دژی خەڵکی ئەم وڵاتە و دراوسێ باشوورییەکانی ئێران وەکوو عەرەبستانی سعوودی.

## دوکتور موحەممەد سیلمی:
## داعش خزمەتی زۆر گەورەی بە ڕێژیمی ئێران کردووە

دوکتور مەحەممەد سیلمی، سەرۆکی "ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی ئێران لە کەنداو" دەڵێ داعش خزمەتی زۆر گەورەی بە ڕێژیمی ئێران کردووە.
دوکتور مەحەممەد سیلمی لە وتارێکدا کە لە ڕۆژنامەی "ئەلوەتەن" بڵاوی کردۆتەوە، نووسیویە: "ڕێژیمی ئێران دێوەزمەیەکی بە ناوی داعش خولقاند یان لانیکەم لە پێکهێنانیدا دەستی هەبوو، بەڵام ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە خۆی بەو جۆرە بناسێنێت کە گوایە تاقە وڵاتێکە کە دەتوانێ هەمووان لە شەڕی داعش ڕزگار بکات. داعش و تاران دژ بە یەکتر دروشم دەدەن، بەڵام ئەگەر لەو دروشمانە بگەڕێین، تێدەگەین کە داعش خزمەتی زۆر گەورەی بە پرۆژەی کاولکەرانە و هێژمۆنیخوازانەی ڕێژیمی ئێران لە ناوچەکەدا کردووە. ڕەنگە باشترین نموونە و بەڵگە بۆ ئەو وتەیە، ئەو ڕووداوانە بێت کە بە تایبەتی لە ناوچە سوننەنشینەکانی عێراق ڕوو دەدەن. ئەوانەی کە بەدواداچوون بۆ هەڵوێستەکانی ڕێژیمی ئێران لەمەڕ شۆڕشی سووریە دەکەن، تێدەگەن کە ڕێژیمی ئێران و لقوپۆپەکانی چۆن لە داعش کەڵك وەردەگرن تا وا نیشان بدەن کە لە سووریە سەرقاڵی شەڕ لە دژی تیرۆریزمن".دوکتور موحەممەد سیلمی هەروەها دەڵێ: "گرووپەکانی لایەنگری ڕێژیمی ئێران لە ڕۆژئاوا بە تایبەتی ئەمریکا زۆر هەوڵ دەدەن وا نیشان بدەن کە دەبێ ئەمریکا ئەو هەلە بقۆزێتەوە و لە شەڕی دژ بە داعشدا شانبەشانی ڕێژیمی ئێران بەشدار بێت. ئەوان ئەو وەهمە بڵاو دەکەنەوە کە گوایە تەنیا لە سێبەری هاوکاریکردنی ڕێژیمی ئێراندایە کە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە شەڕی دژ بە داعشدا دابین دەکرێت".دوکتور موحەممەد سیلمی لە درێژەدا دەنووسێت: "بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ڕێژیمی ئێران پاڵپشتی سەرەکیی تیرۆریزمە و داعش بە هەڕەشەیەکی جیددی بۆ سەر ئەو ڕێژیمە و بەرژەوەندییەکانی لە ناوچەکەدا نایەتە ئەژمار، بەڵکوو ئەو گرووپە خزمەتی زۆر گەورە بە ڕێژیمی ئێران دەکات کە تەنانەت سپای پاسدارانیش ناتوانێ وەها خزمەتێك بکات. خزمەتەکانی داعش بە ڕێژیمی ئێران تەنانەت لە خزمەتەکانی قاسم سلێمانی، فەرمانەدەی سپای قودسیش زیاترە. ڕاستییەکەی ئەوەیە کەڕێژیمی ئێران سەرچاوەی هەموو ئاژاوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و دەبێ پێشی پێ بگیردرێت".پێشتر و هەر لە سەرەتای هێرشی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستاندا، "مستەفا هیجری" سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وتارێکدا باسی لە ڕۆڵ و بەرژەوەندییەکانی ڕێژیمی ئێران لە پێکهاتن و بەهێزکردنی داعش لە عێراق و سووریەدا کردبوو و پەردەی لە سەر ئامانجە شاراوەکانی ڕێژیمی کاولکەری تیرۆریستیی ئێران و ئەو ڕێکخراوە دژەمرۆییە لە هێرش بۆ سەر کوردستان و ناوچە سوننەنشینەکانی عێراق و سووریە لادابوو.

# کاتێک سەرۆکی هێزی دادوەری گەندەڵ بێت!

شەماڵ تەرغیبی

بەپێی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی (فەسڵی ١١، ئەسڵی ١٥٦)، هێزی دادوەری هێزێکی سەربەخۆیە کە پشتیوانی لە مافی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی دەکات و بەرپرسی وەدیهێنانی "یەکسانی و عەداڵەت"ە و ئەم ئەرکانەی لە ئەستۆیە:
١.تاوتوێ کردن و دەرکردنی حوکم لەپێوەندی لەگەڵ دەستدرێژییەکان، سکاڵاکان، زوڵم و زۆرییەکان.
٢.زیندووکردنەوەی مافە گشتییەکان و پەرەدان بە دادپەروەری و ئازادییەکان.
٣.چاودێری کردن بەسەر شێوازی بەڕێوەجوونی یاساکان.
٤.دۆزینەوەی تاوان و سزادانی کەسانی تاوانبار.
بەواتایەکی ڕوونتر، لەنێوئاخنی ئەم یاسادا و بەپێی لق و پۆپەکانی یاسای ئاماژەبۆکراو، ئەرکی خەبات لەدژی گەندەڵییەکان و یەک لەوان گەندەڵییە ماڵییەکان وەکوو یەکێک لە تاوانەکان دەکەوێتە ئەستۆی هێزی دادوەری، کە لە ڕێگەی "دەزگای بازرەسیی گشتیی وڵات"ەوە ئەنجام دەدرێت؛ بەڵام ئەگەر سەرۆکی ئەم هێزە (کە بەدەستنیشانکراوی خودی وەلی فەقیهە) بۆ خۆی یەکێک لە گەندەڵکاران بێت و لە ڕێگەی بەرپرسایەتیەکەیەوە سەرقاڵی گەندەڵی واتە "ئیختلاس" بێت، چ ڕوو دەدات؟
"مەحموود سادقی"، نوێنەری تاران لە مەجلیسی ڕێژیم، ڕێکەوتی ٨ی سەرماوەز لە نامەیەکدا بۆ سادقی ئامۆلیی لاریجانی (سەرۆکی هێزی دادوەری) باسی لە گەندەڵییە ماڵییەکانی ناوبراو کرد و داوای لێکردبوو کە ڕوونکردنەوەیەک لەسەر حیسابە شەخسییەکانی بخاتەڕوو. ئەم پرسە هەڵڵایەکی نوێی لە ئێراندا نایەوە و هێمای پرسیارێکی گەورەتری خستە سەر سیستمی دادوەریی ئێران کە پێشتریش کۆمەڵێک گومان لەمەڕ گەندەڵیی ماڵی و ئیداریی لەسەر بوو. بەپێی ئەم لەقاودانەی مەحموود سادقی، سادقی لاریجانی خاوەنی ٦٣ حیسابی بانکی لە بانکی "ملی"یە، کە بڕی ١٠٠٠ میلیارد تمەن پارەی تێدایە؛ ئەم پارە بریتییە لە داهاتەکانی هێزی دادوەری کە لە ئەنجامی سکاڵا حقوقی و کەیفەرییەکان دەخرێنە نێو حیسابە بانکییەکانی هێزی دادوەری؛ بەپێی دوایین ڕاپۆرتە بڵاوبووەکان، قازانجی ساڵانەی لاریجانی لەم ٦٣ حیسابە بانکییە بریتیی بووە لە ٢٥٠ میلیارد تمەن، واتە لە هەر مانگێکدا نیزیک بە ٢٠ میلیارد تمەن لە پارەی خەڵکی ئاسایی چووەتە گیرفانی ئەم زاتەوە.لەبەرانبەردا هەواڵدەرییەکانی ڕێژیم و لەوانە هەواڵدەریی "مێهر" وێڕای هێنانەوەی پاساو ئەم پەروەندەیان بە ناڕاست و ساختە لەقەڵەم دا، بەڵام پێشتریش لە ساڵی ٢٠١٣دا مەحموود ئەحمەدی نژاد، سادقی لاریجانی و براکانی بەوە تۆمەتبار کرد کە گەندەڵییە ماڵییەکانیان دەخاتەڕوو، کە ئەوکات بە نێوانگیریی عەلی خامنەیی ئەو باس و بابەتە داخرا و بە نهێنی مایەوە.لێرەدا بۆ ئەوەیکە زۆر و زەوەندیی گەندەڵییەکەی جەنابی سەرۆکی هێزی "دادوەری" بخەینەڕوو، بەراوردێک لەنێوان حیسابە بانکییەکەی لاریجانی و داهاتی ڕۆژانەی کۆڵبەرانی کوردستان دەکەین، کە ڕۆژانە لەژێر ناوی "قاچاخچی و تێکدەری سیستمی ئابووری وڵات" دەکوژرێن:
ئەگەر وەها گریمانە بکەین کە هەر کۆڵبەرێک لە شەو و ڕۆژێکدا بڕی ٣٠هەزار تمەن داهاتی هەبێ و لە ماوەی ساڵدا هەموو شەوێک بتوانێ بارێکی ٣٠ هەزار تمەنی بگوازێتەوە، بڕی داهاتەکەی دەکاتە ١٠٩٥٠٠٠٠تمەن؛ ئێستا ئەگەر ئەو کۆڵبەرە بۆ ماوەی ٣٠ ساڵ بەردەوام و هەموو شەوێک بارێکی ٣٠ هەزار تمەنی بگوازێتەوە، داهاتە گشتییەکەی دەکاتە؛ ٣٢٨٥٠٠٠٠٠ تمەن کە بەبەراورد لەگەڵ بڕە پارەی ئاشکرابوو لەسەر لاریجانی، دەگەینە ئەو ئەنجامەی حیسابی ئەم زاتە گەندەڵکارە یەکسانە لەگەڵ ژیانی ٣٠٤٤ کۆڵبەری کورد لە ماوەی ٣٠ ساڵدا، بە داهاتی ٣٠ هەزار تمەن لە شەو و ڕۆژێکدا.
٣٠×٣٠٠٠٠=١٠٩٥٠٠٠٠تمەن
٣٠×١٠٩٥٠٠٠٠= ٣٢٨٥٠٠٠٠٠تمەن
١٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠/ ٣٢٨٥٠٠٠٠٠= ٣٠٤٤



ئەمە یەکەمجار نییە کە هەواڵی لەم چەشنە لە ڕاگەیەنەکاندا بڵاو دەبێتەوە و لە دەیەی ٧٠ی هەتاوی بەملاوە بەردەوام ئێمە شاهێدی زنجیرە ئیختلاسی لەم چەشنە لە قەبارەی جۆربەجۆر هەین؛ ئەم دۆخەش وای کردووە کە وەک ئابووریناسان و کارناسانی بواری ئابووریی ئێران دەڵێن؛ گەندەڵی ئاوێتەی سیستمی ئابووریی ئێران بووە، کە پەروەندەکانی وەک بابەک زەنجانی، مێهئافەرید ئەمیر خۆسرەوی، مورتەزا ڕەفیقدوست، شاندیز، بیمەی ئێران، ئیختلاسی ١٢هەزار میلیاردی و مووچە نجوومییەکانی لێکەوتۆتەوە.
وەک چاوەدێرانی بازاڕ و شارەزایانی ئەم بوارەش دەڵێن، "گەندەڵی" لە ئێراندا بەشێوەیەکی سیستماتیک "نەهادینە" کراوە و لەهەر کون و قوژبنێکی ئەم وڵاتەدا ئاسەوارێکی گەندەڵی دەبیندرێ، بەچەشنێک کە ئەگەر کەسێک هەلی کەڵکاژۆوەرگرتن لە پێگە کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسییەکەی بۆ هەڵکەوێت و کەڵکی لێوەرنەگرێ، وەک کەسێکی گەمژە و نەزان سەیر دەکرێت! بە واتایەکی دیکە، دیاردەی گەندەڵی و ئیختلاس لە ئێران هەنووکە وەک فەرهەنگی زاڵ سەیر دەکرێت کە تێیدا هیچ کەس بیر لەوە ناکاتەوە کە ئەو کارەی دەیکات درووستە یان هەڵەیە، چوونکە کاتێک سەیری دەوروپشتی خۆی دەکات دەبینێ کە هەمووان، هەر لە دەسەڵاتبەدەستانەوە بگرە تاکوو بەڕێوەبەر و کارمەندێکی ئاسایی ئیدارە یان کۆمپانیایەک، وەکوو ئەو، هەوڵ بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە دەدەن، بۆیە پێی وایە کە زۆر ئاساییە کە ئەو گەندەڵییە ئەنجام بدات.هۆکار و ڕیشەی سەرهەڵدانی ئەم دۆخەش لەڕاستیدا بوونی ئابووریی داخراوی حکومەتی لە ئێران و لەهەمانکاتیشدا شۆڕبوونەوەی گەندەڵی لە نێو دام و دەزگا حکومەتییەکانە؛ بەتایبەت ئەو ناوەند و دەزگایانەی کە یان جێبەجێکاری یاساکانن یان چاودێر بەسەر یاساکان و بەڕێوەچوونیانن، بۆ وێنە: شۆراکان و شارەدارییەکان، کەرتی نیمچە حکومەتی، بانکەکان، نوێنەرانی مەجلیس، هێزی دادوەری، حەوزەی عیلمیە و وەزارەتەکانی دەوڵەت.

## هەواڵی ئابووری

### هەڵبژاردنی ترامپ، ڕیاڵی ئێرانی بێنرختر کردووە

لە پاش سەرکەوتنی دۆناڵد ترامپ لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ئەمریکا تا هەنووکە، بەهای ڕیاڵی ئێران لە بەرانبەر دراوە بیانییەکاندا بە شێوەیەکی خێرا ڕووی لە دابەزین کردووە و ئەو ڕەوتە کە لە چوار ساڵی ڕابردوودا بێوێنە بووە، هەروا درێژەی هەیە.
ڕۆژی دووشەممە (٨ی سەرماوەز) بەهای هەر دۆلارێکی ئەمریکا لە بازاڕی تاران گەیشتە لانیکەم ٣٨٠٥ تمەن و لانی زۆر ٣٨٢٠ تمەن. هەروەها بەهای یۆرۆ ٧٧ تمەن زیادی کرد و گەیشتە ٤١٥٠ تمەن. بەهای درهەمی ئیماراتیش ١٩ تمەن بەرز بووەوە و گەیشتە ١٠٧٥ تمەن.
هەواڵدەریی حکوومەتیی فارس بەم چەشنە باسی ڕەوتی دابەزینی خێرای بەهای دراوی ئێران دەکات: "دراوی بیانی بە چوارناڵان غار دەدات".
بەهای هەر دۆلارێکی ئەمریکا لە ڕۆژی سەرکەوتنی دۆناڵد ترامپدا ٣٦٨٧ تمەن بوو. ئەو بابەتە نیشان دەدات کە بەهای ڕیاڵی ئێران لە ماوەی ٢٠ ڕۆژدا ٣.٦٪ دابەزیوە.ماڵپەڕی "ئەلف" لە سەر زاری حەبیبوڵڵا عەسکەر ئەولادی ئەندامی ژووری بازرگانییەوە ڕایگەیاند؛ گورێسی کۆنتڕۆڵی دراوی بیانی پچڕاوە و ئەوەش مەترسیی هەڵاوسانی هەوسارپچڕاوی لێ دەکەوێتەوە.
"عەباس ئارگۆن" ئەندامی ژووری بازرگانی، پیشەسازی، کانگاکان و کشتوکاڵی تاران، دەڵێ: "گرینگترین هۆکاری بەرزبوونەوەی بەهای دۆلار لە چەند حەوتووی ڕابردوودا لە بازاڕەکانی ئێران، هەڵبژاردنی ترامپ وەکوو سەرۆك کۆماری ئەمریکا و دژایەتیی ناوبراو لەگەڵ ڕێککەوتنی ناوکیی ناسراو بە بەرجام بووە کە کاریگەریی خراپی لەسەر بازاڕی دراو لە ئێراندا داناوە".

### ڕێژیمی ئێران تا تەوقەسەر لە قاچاخچێتیدا چەقیوە

سەرۆکی ڕێکخراوی تەعزیراتی حکوومەتیی ڕێژیمی ئێران، ڕایگەیاند بەرپرسیاری زۆرترین ڕێژەی قاچاخ لە ئێراندا "یەخە سپییەکان" و ئەو کەسانەن کە بە وتەی ناوبراو "لە ڕاگەیەنەکان و تەلەڤیزیۆندا خۆیان بە دڵسۆز نیشان دەدەن، بەڵام قاچاخچین".
بە گوێرەی ڕاپۆرتی هەواڵدەریی حکوومەتیی فارس، عەلیڕەزا جەمشیدی ڕۆژی شەممە ٦ی خەزەڵوەر لە دانیشتنی شوورای قەزایی پارێزگای گیلان هەروەها وتی بابەتی قاچاخ بەدەر لە بازنەی "کەسانی خاوەن دەسەڵات و سەرمایە" نیە.هەر لەو پێوەندییەدا مەحموود سادقی، نوێنەری مەجلیسی شۆرای ئیسلامیی ڕێژیمیش کە لە ماوەیەك پێشترەوە بەدواداچوونی بۆ هێندێك ڕاپۆرت لەمەڕ حەسابە بانکییەکانی سەرۆکی دەزگای قەزایی کردووە، ڕایگەیاندووە ئەو حەسابانە زیاتر لە سەدان میلیارد تمەنیان تێدایە و سوودی مانگانەیان چەندین میلیارد تمەنە.ناوبراو کە داوای ڕوونکردنەوەی لەمەڕ حەسابە تایبەتییەکانی سەرۆکی دەزگای قەزایی ڕێژیم کردبوو، بەم دواییانە بانگ کراوەتە دادسەرا.لە هەواڵێکی دیکەدا، کۆمیسیۆنی ئابووریی مەجلیسی ڕێژیم لە نوێترین ڕاپۆرتی خۆیدا ئاماژەی بەوە کردووە کە یەک لە سەر سێی شتومەکە هاوردەکراوەکان بە شێوەی قاچاخ هێنراونەتە نێو ئێران.بەپێی ئەم ڕاپۆرتە لە ساڵدا بڕی ٧٠ میلیارد دۆلار شتومەک هاوردە دەکرێت کە لەم ڕێژەیە زیاتر لە ٢٢ میلیارد دۆلار بەشێوەی نایاسایی و بە قاچاخ هاوردەکراون.بەپێی ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی ئابووریی مەجلیسی ڕێژیم هەنووکە ناوچەی عەسەلوویە یەکێک لە گەورەترین ناوچەکانی قاچاخە لە ئێراندا؛ جگە لەمەش ٦٠٪ی لەنگەرگەکانی ئێران نایاساییین و کاری قاچاخیان تێدا دەکرێت.
پێشتر مەحموود ئەحمەدینژاد، سەرکۆماری پێشووی ڕێژیمیش وێڕای ئاماژە بە ڕۆڵی سەرەکیی سپای پاسداران لە قاچاخی شتومەکدا، بەرپرسانی ئەو ڕێکخراوە سەرکوتکەرەی ڕێژیمی بە "برادەرانی قاچاخچی" ناو هێنابوو.دانپێدانانەکانی بەرپرسانی ڕێژیم لەم پێوەندییەدا لە کاتێکدایە کە ڕێژیمی ئێران بە بیانووی پێشگرتن بە قاچاخ، وێڕای جێگیرکردنی هێزێکی یەکجار زۆری ئینتزامی و میلیشیای تیرۆریستیی سپای پاسداران لە ناوچەکانی وەك کوردستان و بەلووچستاندا، ساڵانە دەیان کەس لە کۆڵبەران و کاسبکارانی سنووری کە سەرپەرەستی بنەماڵە و زۆربەشیان لە توێژە هەژارەکانی کۆمەڵگان و تەنیا بە مەبەستی دابینکردنی بژیوی ژیان ڕوو دەکەنە ئەو کارە پڕمەترسییە، دەکاتە ئامانجی تەقەی ڕاستەوخۆ و گیانیان لێ دەستێنێ یان بریندار و کەمئەندامیان دەکات.

### دانی پارەی زۆرەملی بەرۆکی قوتابیانی سەقزی گرتەوە

ئیدارەی پەروەردە و بارهێنانی شاری سەقز لە پارێزگای سنە، لە ڕاگەیەندراوێکدا داوای لە قوتابیانی ئەو شارە کردووە بڕی ٧٠هەزار تمەن وەکوو یارمەتی بۆ قوتابخانە بهێنن.
سەرەڕای کەمیی داهاتی هاونیشتمانیان لە شارەکانی کوردستان، ئیدارەی پەروەردە و بارهێنان لە ڕاگەیەندراوێکدا داوای لە بنەماڵەی قوتابیانی ئەو شارە کردووە، بڕی ٧٠هەزار تەمەن بە قوتابخانە بدەن.
لەو ڕاگەیەندراوەدا ئاماژە بەوە کراوە کە؛ ئەو بڕە پارەیە لە ٧ قوناغدا و لە هەر قۆناخێکدا ١٠هەزار تمەن بە قوتابخانە بدەن.
شایانی وەبیر هێنانەوەیە کە؛ پێشتریش لە سەرەتای وەرزی نوێی خوێندنی ئەمساڵدا، ئیدارەی پەروەردە و بارهێنان لە شارەکانی مەلەکشای پارێزگای ئیلام و شاری بۆکان لە کاتی ناونووس کردنی قوتابییان، پێیان ڕاگەیاندون کە؛ هەر قۆتابیەک پێویستە بڕی ١٠٠هەزار تمەن وکوو یارمەتی ڕادەستی قۆتابخانەکەی خۆی لەو دوو شارە بکات.
خەمساردی و دابین نەکردنی تێچووی قوتابخانە بۆ بارهێنان و پەروەردە لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە، لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، بووەتە هۆی زۆر بوونی وەرگرتنی بڕی پارەی نەخت لە قوتابیان بە تایبەت لە قوتابخانەکانی کوردستان، و هەروەها هاتنە خوارەوەی ئاستی حەقدەستی مامۆستایان.
لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا وەرگرتنی پارە لە قوتابیان بە شێوەیەکی بەرین لە قوتابخانەکانی ئێران و بە تایبەت لە قوتابخانەی ناوچە کوردنشینەکانی ئێران لە ئارادا بووە و تەنانەت لە زۆربەی شوێنەکانیش، قوتابیان بۆ خۆیان سووتەمەنییان لەگەڵ خۆیاندا بۆ قوتابخانەکان بردووە.
بەپێی یاسای بنەڕەتیی وڵاتی ئێران، خوێندن بۆ منداڵانی "(واجب تحصیل)" بەخۆڕاییە، بەڵام لە کردەوەدا قوتابخانە دەوڵەتییەکان بە بیانووی جۆراوجۆر لە پرۆسەی خوێندندا و لەژێر ناوی بەڕێوەبردنی خولی فێرکاریی غەیرە دەرسی، پارە لە قوتابییان وەردەگرن.

# سەرکوتی میدیاکان، پێویستیی دەسەڵاتە سەرەڕۆکانە

"عەلی ئەسغەر فەریدی"

و: سارا پارسا

لە ساڵی ڕابردووی زایینیدا(٢٠١٥)، ١١٠ ڕۆژنامەوان کوژراون کە زیاتر لە نیوەی ڕۆژنامەوانە کوژراوەکان بە ئەنقەست و لەکاتی جێبەجێ کردنی ئەرکەکانیاندا کوژراون. لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٦ی زایینیدا بڵاوکراوەتەوە کە، لە هەر پێنج ڕۆژدا، یەک ڕۆژنامەوان لە جیهاندا دەکوژرێت. وڵاتانی چین، میسر، ئێران، ئێریترە و تورکیە کە بە گەورەترین وڵاتان لە بواری زیندانی کردنی ڕۆژنامەوانان بە ئەژمار دێن، زۆرترین ڕێژەی ڕۆژنامەوانانی زیندانییان لە بەندیخانەکانی خۆیاندا تۆمار کردووە.

**ڕۆڵی ڕاگەنەکان لە کۆمەڵگا ئازادەکاندا**

ڕاگەیەنە ئازاد و سەربەخۆکان، کە وەکوو یەکێک لە پێناسە و بناغەکانی دێموکراسی بە ئەژمار دێن، بە هۆی پەیوەندیی بەردەوام و ڕاستەوخۆ لەگەڵ خەڵک و ڕووماڵ کردنی هەواڵ و ڕوونکردنەوەی ئەرک و کردەوەی دەوڵەتەکان و ئۆرگانە پەیوەندیدارەکان بەوانەوە، دەتوانن وەکوو گەرەنتیی دێموکراسی و لەمپەرێک بۆ سەرەڕۆیی و گەندەڵیی ماڵیی بەرپرسانی حکومەتی هەنگاو هەڵبگرن.

لە حکومەتە ناسەرەڕۆکاندا، کە دەوڵەتەکان و حیزبە سیاسییەکان بەدوای ڕاکێشانی پشتگیریی خەڵک بۆ سیاسەتەکانیانن، تەنیا لەڕێی کەرەستەکانی پێوەندی گرتن وەکوو ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و چاپەمەنی کە زۆرینەی خەڵک دەستی پێی ڕادەگات، مسۆگەر دەبێت.

هەروەها، ڕاگەیەن و چاپەمەنییە سەربەخۆکان، لەو کۆمەڵگایانەی کە دێموکراسی تێیدا زاڵە، جگە لەوەی کە دەتوانن تریبوونێک بۆ سیاسەتەکانی دەوڵەت و حیزبە سیاسییەکان بن، بە بردنە ژێرپرسیاری کردەوەی دەوڵەت، سیاسەتوانان، بنکە ئابوورییەکان، کۆمپانیا بەرهەمهێنەر و پیشەسازییە چووکە و گەورەکان، بە بڵاو کردنەوەی زانیاری و ڕوونکردنەوەی بیروڕای گشتی، دەتوانن پێش بە گەندەڵی لە نێو کۆمەڵگادا بگرن.

لەو کۆمەڵگایانەی زۆرینەخوازن و خاوەنی سیستمی دێموکراسی و دەسەڵاتداریی یاسان، ڕاگەیەنەکان و بەتایبەت چاپەمەنییەکان، بە ئازادییەکی تەواو، ئەو دەنگە جۆراوجۆرانەی کە نوێنەری خواست و پێداویستیی و بیر و بۆچوون و حەزی چینە جۆراوجۆرەکانی نێو کۆمەڵگادایە، پەرەی پێدەدەن و بڵاوی دەکەنەوە.

هەروەها لەم کۆمەڵگایانەدا، پەرەپێدان بە بیر و بۆچوونی جیاواز و گرووپە جۆراوجۆرەکان، دەبێتە هۆی پێکهاتنی پانتایەک بۆ کولتووری وتووێژ، گفتوگۆ و ڕێزگرتن لە بیروبۆچوونە دژبەیەکەکان و کۆلتووری گفتوگۆ و ڕێزگرتن لە ڕوانگە جیاوازەکان، جێگرەوەی کۆلتووری زۆرداری و توندوتیژی و وەلاتانی دژبەران دەبێت.

**سووری بەتاڵی ڕاگەیەنە حکوومەتییەکان لە ئێراندا**

مێژووی بڵاوکراوە و چاپەمەنییەکان هەر لە سەرەتای پێکهاتنیانەوە هەتاکوو ئێستا، لە هەموو جیهاندا،ڕێگەگەلێکی پڕ لە هەوراز و نشێویان بەرانبەر بە سانسۆڕ و گوشاری دەسەڵاتداران، لەڕەوتی ئەرکی بنچینەیی و سەرەکیان کە هەمان ڕۆشنگەری بووە،تێپەڕاندووە.

بەڵام لە ئێراندا، بە ماوەیەکی کورت پاش دەرچوونی یەکەمین ڕۆژنامە، بە ناوی" کاغەز ئەخبار" کە لە لایەن "میرزا سالحی شیرازی"ەوە، لە ساڵی ١٢١٦ی هەتاوی چاپ و بڵاو کرایەوە، ڕێگای سانسۆڕیش بۆ چاپەمەنی لەئێراندا کرایەوە.

پاش تێپەڕینی ١٦٦ساڵ لە یەکەمین ڕاگەیەنی حکوومەتی لە ئێران بە ناوی "وقایع اتفاقیه"، کە لە سێهەمین ساڵی دەسەڵاتداریی ناسرەدینشادا بڵاوکرایەوە و زۆربەی زۆری بابەتەکانی بە پێداهەڵگوتن و زمان لووسی بۆ شا تەرخان کرابوو، هەتاکوو ئێستا ڕاگەیەنە حکوومەتییەکان هەمان قەوان لێدەدەنەوە و هەمان ڕێچکە دەپێون.

لە ڕۆژنامەی "وقایع اتفاقیه"دا، تەنانەت لە کاتی دەسەڵاتداریی ئەمیرکەبیریشدا، لە شەش لاپەرەی ئەو ڕۆژنامەیە، یەک و نیو لاپەرەی بۆ وردەکاریەکانی کاروباری ڕۆژانەی ناسرەدینشا تەرخان کرابوو و هەواڵەکانی دیکەشی بە وەها زبانتەڕیی و زێدەڕۆییێکەوە بڵاو دەکردەوە کە تەنانەت ئاڵوگۆڕەکانی کەش و هەواش بە پێی نووسراوەکانی ئەو ڕۆژنامەیە، بە "موبارەکیی بوونی شا"وە گرێ دەدا و دەیبەستەوە.

نموونەیەکی بەرچاو و هاوشێوە لە ڕۆژنامەی ""وقایع اتفاقیه" و هەواڵی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی لە مەودایەکی زەمەنیی سەد و پەنجا ساڵیدا سەبارەت بە ڕاپۆرتە پێوەندیدارەکان بە کەش و هەوا، لە ڕاگەیەنە حکومەتیەکاندا جێگای سەرنج و تێڕامانە.

لە ساڵی ١٢٢٩دا، ڕۆژنامەی "وقایع اتفاقیه" لە ژمارەی سێهەمی خۆیدا دەنووسێت: "بە هۆی بەرەکەت و موبارەکیی بەختی بێهاوتای بەڕێز خاوەن شکۆی پاشا، کەش و هەوای دارۆلخەلافەی تاران لەم کاتانەدا وەها خۆش و دڵڕفێن تێدەپەڕێت، کە وەها بەفرێکی قورس، لە ماوەی سێ تا چوار ڕۆژدا بە تەواوی لەو ئاقار و ناوچەیە نەما".

پاش ١٦٦ساڵ لە بڵاو کردنەوەی ئەو هەواڵە سەبارەت بە کەش و هەوا، تەلەفزیۆنی حکوومەتیی ئێران، سەبارەت بە شەپۆلی بەفر و بۆران لە وڵاتی ئامریکا دەڵێت: "بەڵای ئاسمانی وڵاتی ئاو ئامریکای فەلەج کرد" و هەروەها سەبارەت بە تۆز و خۆڵ و ئاخبارانێک کە ژیانی ئاسایی خەڵکی خوزستانی شپرزە کردبوو و زۆر کەسی خستبووە نەخۆشخانە، دەڵێت: "کەش و هەوای خوزستان دیسانەوە بۆنی خاک و خۆڵی کەربەلای لێ دێت"، و دووپات بوونەوەی ئەو گەپچارە مێژوویییە لە مێژووی ڕۆژنامەوانیی حکوومەتی لە ئێراندا، گەلێک بەئازارە.

بەڵام سەرەڕای وتەکان و لێدوانەکانی هەندێ لە سیاسەتوانان و بانگەشەکارانی ڕۆشنبیری کە زۆرتر گرێدراوی ڕەوتی ڕێفۆرمخوازن و ئێستاش لە دەرەوەی وڵات، تریبوونی ڕاگەیەنە قەبەکانیان لەبەردەستە، سانسۆڕ، سەپاندنی سزای درێژخایەن بەسەر ڕۆژنامەوانانیدا، داخستنی هەڕەمەکیی چاپەمەنییەکان و پەرەپێدان بە کولتووری درۆ، پێداهەڵگوتن و زێدەڕۆیی، لە ڕاگەیەنە حکوومەتی و دەوڵەتییەکان، بە تەنیا بۆ یەک سەرکۆمار یان بەرپرسێکی وەزارەتی ئیرشادی ئیسلامی هەڵناگەڕێتەوە، بەڵکوو ئەم دەردە هەر لە سەرەتای دەسەڵاتداریی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە، داوێنی میدیاکانی ئێرانی گرتەوە و تاکوو ئێستاش ئەم ڕەوتە بەردەوامە.

**زیندانێک بە پانتای ئێران بۆ ڕۆژنامەنووسان**

ئەگەرچی بە گشتی لە زۆربەی ناوچەکانی دونیادا، شوێنێکی ئەمن و پارێزراو بۆ ڕۆژنامەنووسان و میدیاکاران بوونی نییە، بەڵام هەن وڵاتانێک کە دەسەڵاتدارەکانیان، تەنگیان بە ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەوانان هەڵچنیوە و جەهنمێکیان بۆ میدیاکاران و ڕۆژنامەوانان پێک هێناوە. وڵاتانی چین، میسر، ئێران، ئێریترە وتورکیە لەو وڵاتانن کە بە گشتی زۆرترین ڕێژەی دەستبەسەر کردنی ڕۆژنامەوانان و زیندانی کردنی میدیاکارانیان هەیە.

بەو دواییانە، ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوور، لیستەیەکیان بەناوی "لیستەی ڕەشی دڕندەکانی ئازادیی ڕاگەیاندن" بڵاوکردووەتەوە. لەم لیستەیەدا، ناوی ٣٥ بەرپرسی حکوومەتی، ڕێبەری ئایینی، سیاسەتوان و هەروەها گرووپە تاوانکارەکان کە سانسۆڕی ڕاگەیاندنەکان دەکەن و ڕۆژنامەنووسان دەستبەسەر و زیندانی دەکەن و ئازار و ئەشکەنجەیان دەدەن و دەیانکوژن، بەرچاو دەکەوێت. لەم لیستەیەدا، ناوی "ئایەتوڵڵا خامنەیی" ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش لە تەنیشت ناوی کەسان و گرووپگەلێک وەکوو "پییێر نکاوراوزیزا" سەر کۆماری بڕوندی، گرووپی ئیسلامگەرای توندئاژۆی "ئەنسارۆڵڵا بەنگلاتایم" لە بەنگلادێش، گرووپی "ئەلقاعیدە" و "تالیبان" لە ئەفغانستان و پاکستان، "حووسییە شیعەکان"ی یەمەن و گرووپە تاوانکارە قاچاخچیەکانی مادەی سڕکەر "کارتل لووس زێتاس" لە وڵاتی میکزیک جێی گرتووە.

هەروەها ڕێکخراوی ڕاپۆرتنێرانی بێسنوور، لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیدا بە ئاماژە بە ژمارەی ڕۆژنامەوانانی زیندانی کراو لە ساڵی ٢٠١٥ی زایینیدا ڕادەگەیەنێت کە؛ "لە سەرانسەری جیهاندا، ١٥٣ هەواڵنێری پڕۆفیشناڵ، تا نیوەی مانگی دێسامبری ساڵی ٢٠١٥دا دەست بەسەر کراون، کە نیوەی ئەم ڕێژەیە لە زیندانەکانی چین ، میسر، ئێران و ئێریترە ڕاگیراون".

دیارە بەپێی پێناسە، چاپەمەنی و میدیای ئازاد وەکوو دەسەڵاتی چوارەمی دێموکراسی ناوی لێ دەبرێت، هەربۆیەش ئەگەر لە وڵاتێکی وەکوو ئێران، بە دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری ئیسلامی، سەرکوتکەر و توتالیتێر نیشانەیەک لە لانیکەمی ئازادیی ڕادەربڕین و ڕاگەیاندنی ئازاد و سەربەخۆ بوونی نەبێت و ڕۆژنامەوانان سزای درێژخایەنیان بەسەردا بسەپێت، زۆر ئاساییە و هیچ جێگای سەرسووڕمان نییە.

نەبوونی ئازادی ڕادەربڕین و سەرکوت، وەکوو د و و نموونەی ئاشکرا و بەرچاو لە هەموو دەسەڵاتە سەرەڕۆ و سەرکوتکەرەکاندا بوونی هەبووە و هەیە. ئەم دوو بابەتە بەردەوام لە کۆمەڵگا سەرکوت کراوەکاندا بەردەوامە و بوونی هەیە و لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە بەسەر خەڵک و کۆمەڵگادا سەپێندراوە،لە ئێرانیشدا لە کۆنەوە هەتا ئێستا هەبووە و هەنووکەش لە خراپترین شێوەی خۆیدا هێشتاش زاڵە.

بە دڵنیاییشەوە گەلێک بەجێ و ڕاستە کە ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوور، ڕێبەری ئێرانی لە ڕیزی تاوانباران و باندە مافیاییەکانی مادە سڕکەرەکان و گرووپە توندئاژۆ ئیسلامییە سوننە و شێعەکان لە لیستەی ڕەشی دڕندەکانی ئازادیی ڕاگەیاندن گونجاندووە، لەبەر ئەوەیکە هەموو ئەمان لە ڕۆشنگەری و لەقاودان تۆقیون.

دواجار ئەگەر ڕۆژنامەوانێک لە ئێراندا لە هەموو هەڕەشەکان و ڕوانینە ئەمنیەتیەکان دەرباز بێت، بەهۆی نەبوونی سەقامگیریی ئیش و کار، داخستنی بڵاوکراوەکان کە لایەن دەزگای دادوەری و ئەمنییەتی ئێرانەوە بەتوندی بەڕێوەدەچێت، کەم بوونی حەقدەست و مۆکافەئە کەموکورتەکان، بێبەش بوون لە خزمەتگوزاریی خانەنشینی و بیمەی خزمەتگوزاریی دەرمانی، لە دیکەی بابەتە سەخت و دژوارەکانە بۆ تەنگەبەر کردنی ژیانی ڕۆژنامەوانانی نێوخۆی ئێران.

**ڕوانگەی ئەمنییەتیتر لەسەر ڕۆژنامەوانانی کورد لە ئێراندا**

بەپێی کردەوەی ساڵانی ڕابردووی کاربەدەستان و حکوومەتی ئێران بەرانبەر ئازادیی ڕادەربڕین و ڕاگەیەنەکان، بۆئەوەی ئێران ببێتە یەکێک لە خراپترین وڵاتانی دونیا لە بواری چالاکیی ڕاگەیاندنەوە، ناوچە کوردنشینەکانی ئێران و ڕۆژنامەوانانی کورد، هەم لە پارێزگا کوردنشینەکانی ئیلام، کرماشان، سنە و ورمێ و هەم لە تاران، بەهۆی ڕوانگەی ئەمنیەتی بۆ بەپرسی کوردستان و کورد لە ئێران، لە ژێر گوشار و سانسۆڕی چەند قاتی ئەمنیەتیدایە.

سەپاندنی سزای درێژ خایەن و تەنانەت ئێعدام بۆ چالاکانی ڕاگەیەندنکاری کورد، یەکێک لە نموونەکانی ڕوانگەی توندی ئەمنیەتیتر لەسەر ڕۆژنامەوانانی کوردە، بە نیسبەتی ناوچەکانی دیکە لە ئیراندا. بۆ نموونە، لە نێوان دەیان حوکمی نادادپەروەرانە و نا مرۆڤانە سەبارەت بە ڕۆژنامەوانانی کورد، دەکرێت ئاماژە بە "عەدنان حەسەن پوور" و "محەممەد سدیق کەبوودوەند"بکرێت.

"عەدنان حەسەن پوور"، ئەندامی دەستەی نووسەرانی "حەوتوونامەی ئاسۆ" بوو کە لە بەفرانباری ساڵی ١٣٨٥ی هەتاویدا دەستبەسەر کرا. پووشپەڕی ساڵی ١٣٨٦ حوکمی ئیعدامی لە دادگایەکی نهێنیدا، لە لایەن دادگای ئینقلابی مەریوانەوە بە پارێزەر وبنەماڵەکەی ڕاگەیەندرا و لە ٣٠ی مانگی ڕەزبەری ١٣٨٦ی هەمان ساڵدا، ئەم حوکمە لە لایەن دیوانی باڵای وڵاتەوە پشتڕاست کرایەوە.

ئەگەرچی لەسەر داوای پێداچوونەوەی حوکمەکەی، لە ڕێبەندانی ساڵی ١٣٨٧دا ، دادگای ئینقلابی سنە، حوکمی ئیعدامی حەسەن پووری هەڵوەشاندەوە و ئەم ڕۆژنامەوانە کوردەی بە ١٥ساڵ زیندان حوکم دا، بەڵام دواجار ناوبراو ١٠ساڵ لە تەمەنی لە زینداندا تێپەڕکرد.

"محەممەد سدیق کەبوودوەند"، دامەزرێنەری "ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان" و سەرنووسەری حەوتوونامەی "پیام مردم" یەکێکی دیکە لە ڕۆژنامەوانە دەست بەسەرکراوەکانی کوردستانە کە لە مانگی پووشپەڕی (١٣٨٦)ەوە دەست بەسەر و زیندانی کراوە و هەنووکەش زۆرتر لە ١٠ساڵە لە زینداندایە.

دانانی پارازیت لەسەر شەپۆلە ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنییەکان، یەکێکی دیکە لە کردەوەکانی حکوومەتی ئێرانە کە هەر لە سەرەتای دەسەڵاتدارییەوە تاکوو ئێستا بەردەوام لە ڕەوتی بێدەنگ کردنی دەنگە دژبەرەکانی کەڵکی لێ وەرگرتووە.

لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵانی ٥٧ و دەیەی ٦٠ی هەتاویدا کە زۆربەی خەڵکی کوردستان گوێیان لە ڕادیۆی دوو حیزبی سەرەکیی کورد، ڕادیۆ کۆمەڵە و ڕادیۆ دیمۆکرات "دەنگی کوردستانی ئێران"، کە لەسەر شەپۆلی نێوەڕاست بڵاو دەکرایەوە، ڕادەگرت، بەهۆی ناردنی شەپۆلی پارازیتەوە، دەنگی ئەم دوو ڕادیۆیە زۆر بە دژواری دەگەییشتە لەی بەردەنگی خۆی.

لە ئێستاشدا کە ڕاگەیەنە دەنگ و ڕەنگەکان و ماهوارە گەییشتۆتە نێو ماڵەکانی خەڵک، حکوومەتی ئێران سەرەڕای ئاگادار بوونی لە زەرەر و خەسارەکانی بوونی پارازیتێک لەسەر شەپۆلی تەلەفزیۆنی بۆ سەر تەندرووستیی ئەو کەسانەی کەڵک لەم ڕایەڵەگەلە وەردەگرن، بەڵام تا ئەو شوێنەی تێکنۆلۆژی ڕێی پێ بدات، لە ناردنی پارازیتی ناتەندرووستب بۆ گیانی شارۆمەندان، بۆسەر کاناڵە تەلەفزیۆنییەکان، بەتایبەت تەلەفزیۆنی حیزبە کوردییەکان، لە ناوچە کورد نشینەکانی ئێران دەست ناپارێزێت.



## فەرامەرز بەختیاری:

# خەم و دەردی هاوبەش، پێویستی بە خەبات و بەرەنگاریی هاوبەشە

وتووێژی ڕۆژنامەی کوردستان لەگەڵ "فەرامەرز بەختیاری"

وتووێژ: شەهرام میرزائی
وەرگێڕانی: شەریف فەلاح

زاگروس بە درێژایی مێژووی خۆی شاهێدی قۆناغگەلێکی جیاوازی سیاسی-کۆمەڵایەتی- فەرهەنگی بووە و سەرەڕای ئەوەی کە لانکەی شارستانیەتی جیهان بووە و زۆرێک لە یەکەمین دەسکەوتەکانی جیهان وەکوو یەکەمین نیشتەجێ بوونەکان، یەکەمین گوندەکان، یەکەمین شارەکان و... ، لەم سەرزەمینە پێکهاتووە و دواتر بۆ ناوچەکانی دیکە شۆڕ بووەتەوە، بەڵام بە درێژایی ٢٥٠٠ ساڵی ڕابردوو و دوای زال بوونی دەسەڵاتی فارسەکان بە سەر کوردستاندا، هەتا ئێستا بێجگە لە قڕ کردن و لە نێوبردنی جەستە و ڕۆحی، ئەم گەلە هیچ شتێکی دیکەی لە جیهانی بیانی نەدیوە و پێشکەشی نەکراوە. بەڵام بە هۆی سەرکش بوون و باوەڕی قووڵی خەڵکی دانیشتووی زاگرۆس بە ئازادی و ژیان، لە بڕگە بڕگەی ئەم مێژووە تاڵە قەت بەرانبەر بە داگیر کەرانی خاک و نیشتمان چۆکی نەداوە و لە قۆناغگەلی جیا جیا و بە شێوەگەلێکی جۆراوجۆر بۆ بەدەست هێنانی ژیانێکی ئازاد خەباتی کردووە، تەنانەت ئەگەر لە ئاکامی تاڵی ئەو خەباتانەیش ئاگادار بوویێت.

لوڕستان بەشی دانەبراوی زاگرۆسە کە ناوی بە مێژوویەکی سەرانسەر خەبات و خۆڕاگری بەرانبەر بە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی ئێرانی گرێ دراوە و بۆ تاوتوێ کردنی بارودۆخی سیاسی ئەم ناوچە کە لە دوای سەرکوتی خەباتی هاوچەرخی لوڕ بەدەستی "ڕەزا میرپەنج"- مخابن هەتا ئەمڕۆکە جووڵانەوەکەی لاواز بووە- لەو پێوەندییانەدا لەگەڵ بەڕێز کاک "فەرامەرز بەختیاری" وتووێژکمان پێکهناوە کە پێشکەشی خوێنەرانی ئازیز دەبێ:

لە سەرەتای وتووێژەکەمان "فەرامەرز بەختیاری" ئاماژەی بە هۆکارەکانی لاوازبوونی خەبات لە لوڕستان لە ٧٠ ساڵی ڕابردوودا کرد و گوتی: "لوڕەکان، لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا، چەندین بزاڤی جۆراوجۆریان وەڕێ خستووە. گرنگ و سەرکەوتووترین ڕاپەڕینی لوڕەکان، لە سەردەمی شۆڕشی مەشرووتە و ڕزگارکردنی تاراندا بووە. لوڕەکانی (بەختیاری) بە فەرمەندەیی و ڕێبەریی (عەلی قولیخانی سەردار ئەسعەدەی دووەم) و (سەمسام ئەلسەڵتەنە) و خانەدانە گەنجە خوێندەوارەکانی دیکە، سەرەتا ئیسفەهان و پاشان تارانیان کۆنتڕۆڵ کرد و دیموکراسی و ئازادییان بۆ ئێران بەدیاری هێنا، بەڵام بەداخەوە پارێزگاریی لێ نەکرا و بە کوودەتای قەزاقەکان و بە هاوکاریی ئینگلیزییەکان ئەم شەمەندەفەرە لە ڕاستەڕێ لای دا و بە ئاراستەی سەرەڕۆیی و دەسەڵاتی ناوەندگەری و کەسۆکی ڕێگەی گرتەبەر کە هێشتا کاریگەرییە نەرێنییەکانی داوێنگیری خەڵکی ئێرانە.

چەند ساڵ دواتر و لە ساڵی ١٣٠٨ی هەتاوی، ڕاپەڕینی "عەلیمراد خان و سەردار فاتیح" (باوی شاپوور بەختیار) دەستی پێکرد کە بووە هۆی ڕوودانی چەندین شەڕ لەگەڵ هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران لە (دەشتی سپی) ڕووی دا کە بە نێوەندگیریی ئەو (بەختیاری)یانەی کە لەنێو دەسەڵاتدا بوون، کۆتایی پێهێنرا و سەرەنجام ئەو دوو خانەدانەی بەختیارییەکان گوللەباران کران.

ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی (ئەبولقاسم خانی بەختیار) کە لە ئورووپا خوێندبووی، خەڵکی لوڕستانی لەدژی دەسەڵاتی سەرەڕۆ و سەرکوتکەر تەیار کرد و هانیانی دا.

لەم ڕاپەڕینەدا ناوچەکانی (کهگیلوویە و بوویر ئەحمەد) یش لەگەڵی بوون کە بەداخەوە دیسانەوە لە بەرانبەر ئەرتش و هێزە چەکدارەکانی حکوومەتی ناوەندیی ئێراندا شکستیان خوارد.

دوایین ڕاپەڕینەکان لە ساڵانی ١٣٤١ — ١٣٤٨ لە ناوچەی باشووری لوڕستان، لە بوویر ئەحمەد و مەمەسەنی ڕوویان دا، کە دیسان لەلایەن هێزی ئاسمانی و پەڕەشووتوان، ئەرتش و چەند پیلانێکەوە سەرکوت کران و (عەبدوڵڵا خان زەرغامپوور) و یارانی گوللەباران کران.

پشتکردن لە دەسەڵاتی ناوەند و دژی داگیرکاری و سەرەڕۆیی هەردەم لە ناوچەکانی لوڕستان هەبووە، بەڵام هیچکات ئەنجامی شیاو و پێویستی بەدەست نەهێناوە. لێرەدا ئەرکی سەرشانی ڕۆشنبیرانی لوڕە هەتا لە هۆکار و بنەماکانی ئەم شکست و بە ئەنجام نەگەیشتنەی ڕاپەڕین و بزاڤەکان بکۆڵنەوە، هەتا لە ڕاپەڕینەکانی دیکەدا سەرکەتوو بن".

دواتر ئەو پرسیارم لە "بەختیاری" کرد کە سەرەڕای دامەرزاندنی پارتی "ستارەی بختیاری" کە حزبێکی بە تەواوی مودێرن بوو، بۆچی خەڵکی ڕۆشنبیری لوڕ دوای سەرکوتی خەباتی لوڕستان نەیانتوانی درێژە بەو شێوە ڕاپەڕینە مۆدێرنە بدەن؟ وەڵامی بەڕێزیان ئەوە بوو کە: "ستەم و سەرەڕۆیی نێوخۆیی بە پشتیوانیی داگیرکەر ڕۆژ لە دوای ڕۆژ درێژەی بە سەرکوت دەدا و لەو سۆنگەیەوە چەکوچۆڵی نوێیان پێ دەدا. دەبێ سەرنج بەوە بدەن کە لە سەردەمی ڕەزاشادا بوودجەی سەربازی ٨٠٪ بوو، لە بەرانبەردا بڕە بوودجەی پەروەردە و بارهێنان ٣٪ بووە. سیستمی پەروەردە لەژێر چاودێریی ڕاوێژکارە بیانییەکاندا بەڕێوە دەچوو. لە دوایین شەڕەکانی ئێمە لەگەڵ ئەرتشی ئێران، هێزی ئاسمانی، فڕۆکە و چەکوچۆڵی زۆر قورس بەکار هێنرا. هەرچەندە پەیوەندییەکان چەشنی ئەمڕۆ زۆر پێشکەوتوو نەبوون، بەڵام نەتەوەکانی نێوخۆی ئێران لە بارودۆخی یەکتر بێئاگا نەبوون. بۆ وێنە ڕاپەڕینی بەختیارییەکان هاوکات بووە لەگەڵ سەرهەڵدانی کۆماری کوردستان و سەرکۆماریی پێشەوا قازی محەممەد لە مەهاباد، بەڵام بەداخەوە پەیوەندییەکی چڕوپڕ و ڕێکخراو لە ئارادا نەبووە، کە دەبێ ئەم کەموکووڕییە چارەسەر بکرێت.

دەبێ ئاماژە بەوە بکەین، لەو قۆناغە لە مێژووی نەتەوەکەماندا، فەلسەفە و ئایدیای سۆسیالیزم بەرەوی سەند و ڕۆشنبیرانی ئێران ڕێگەچارەیان بە (خەباتی چینایەتی) دەزانی و بە دیاردەیەکی پێشکەوتوویان لەقەڵەم دەدا، لە حاڵێکدا هیچ چەشنە هاوئاهەنگییەکی لەگەڵ کۆمەڵگەی ئێڵ و تایفەگەریی ئێمە نەبوو. لە کردەوەدا (توودە)ییەکان کەوتنە بەرەی پرۆسەی ناوەندگەرێتی و سڕینەوەی ئێڵ و خانەدان کۆژییەکانی ڕەزاشا (فیۆدالیزم)یان چەشنی سیستمی خان و ئاغاوات و دەرەبەگایەتی پێناسە کرد و بە مەبەستی جێبەجێ کردنی پرۆسەی ئایدیای یەکسانی و بەرابەری دەستیان دایە سەرکوتی حکوومەتە بچووکە ناوچەییەکان. گەشە و پەرەسەندنی خەباتی شوناسخوازیی ئەمڕۆ، پەرچەکردارێکە بە سیاسەتە شکستخوادووەکانی ئەندێشەی یەکسانیخوازیی دوێنێ".

لە پرسیارکدا ئاماژەم بە ڕێژەی زۆری چەکدارانی لوڕ بەرانبەر بە ئەرتەشی داگیرکەری ئێرانی کرد و پرسیم بەو هەموو چەکدارەوە بۆچی نەمانتوانیوە بەرانبەر بە فارسەکان سەرکەوتن بە دەست بینین و مافی خۆمان دیاری بکەین؟ بەختیاری لە وەڵامدا گوتی: "بایەخە ئەخلاقییەکان بەسەر ئێڵ و عەشیرەدا زاڵ بوون، بنەما و جەوهەرگەلێکی وەک پابەند بوون بە بەڵێن، خۆڕاگری و بەسەر ویستی خۆدا زاڵبوون، یەکڕەنگی، ڕاستبێژی، بوێری و هیمەت و قسەلەڕوویی و شەفاف بوون. بەڵام لە ناوەندا بەم بنەما و جەوهەرانە پابەند نەبوون و تەنیا پاراستن و پارێزگاری لە دەسەڵات لە سەرووی هەموو شتێکەوە بوو، هەر بەم بۆنەوە هەر چەشنە بێئەخلاقییەکی وەک "درۆ، چەواشەکاری، خەڵک فریودان، دووڕوویی، دەنگۆسازکردن، فریو و فێڵ کردن بۆ پاراستنی سیاسەتی دەسەڵات ئاسایی و ڕێگەپێدراو بوو.

زۆربەی ئەو کەسانەی ئێمە کە گوللەباران کران، ئەو کەسانە بوون کە حکوومەت بەڵێنی پێدابوون گەر لە شاخ بێنە خوارەوە و چەک دابنێن، کاریان پێیان نابێت. خاڵی دووەم ئەوەیە کە حکوومەتی ناوەندی هەموو کات بەشێک لە سەرۆک هۆز و عەشیرەکانی لە پایتەخت وەک بارمتە ڕادەگرت، هەتا برا و کەسوکاریان نەتوانن لەدژی حکوومەت و نادادپەروەرییەکان ڕاپەڕن. خاڵی سێیەم، دەسەڵاتی قاجار پۆست و پلەی دەدا بە سەرکردە و سەرۆک هۆزەکان و لە کاتی ڕوودانی قەیران و شەڕەکاندا، لەدژی یەکتر بەکاری دەهێنان".

لە درێژەی وتووێژەکەدا ئاوڕێکمان لە هۆکارەکانی جیایی و دوو دەستەیی و یەکگیرنەبوونی خەڵکانی دانیشتووی زاگرۆس — لە باکوور هەتا باشووری زاگرۆس بە تایبەت لە نێوان لوڕەکان- دایەوە، کە بەڕێز بەختیاری لەو باوەڕەدا بوو کە: "لە دەورانی قاجاردا ئێڵخانی بەختیاری توانییان کۆنفدراڵیزمێک دابمەزرێنن. هەموو نیشتمانی لوڕ زمان، لە لوڕستان و پشتکۆوە بگرە هەتا بەختیاری و کهگیلۆیە و بوویر ئەحمەد و مەمەسەنی هەتا لێوار و کەنارەکانی کەنداو، لەژێر دەسەڵات و کۆنترۆڵی ئەودا بوون و بەتەما بوو لەڕێگەی کەشتییەوانی لە ڕووباری کاروونەوە هەتا بەندەر و دوورگەکانی هێند دەست بداتە بازرگانی و لە ناوچەی بەختیارییەوە کەلوپەل و کاڵا هەناردە بکات و تەنانەت گرێبەستیشی واژۆ کرد.

دەسەڵات و خۆشەویستی، ژیەر و وریایی ئێڵخانی بەختیاری بووە هۆی ئەوەی کە؛ لەلایەن (زەلل سوڵتان) کوڕی (ناسرەدین شا) لە ڕێوڕەسمی جەژنی نەورۆزدا کە بۆ دانی باج و سەرانەی ساڵانە هاتبووە ئیسفەهان، لەلایەن خزمەتگوزارەکانەوە لە ژوورێک بە دیل گیرا و پەرۆیەکیان خستە نێو دەمی و کوشتیان و سوڵتان دەنگۆی بڵاو کردەوە کە تووشی سەکتەی دڵ بووە. دوای ئەو (سەردار ئەسعەد) کوڕی ئیلخانی لە سەرەتای شۆڕشی مەشرووتە کە لە پاریس و لە ڕێگەی بەسرەوە گەڕابۆوە ئێران، لەگەڵ شێخ (خەزعەل) حاکمی عەرەبستانی سعوودی دیداری کرد و دوایی لەگەڵ (سەوڵەت ئەلدەوڵە)ی قەشقایی (غوڵامڕەزا خان ئەرکەوازی) والیی پشتکۆ ڕێککەوتنیان کرد و دواتر گەڕایەوە ناوچەی بەختیاری.

لەڕاستیدا لەوێ جۆرێک لە کۆنفدراڵیزم هەبوو کە دەکرا بکرێتە فیدراڵیزمێکی هاوچەرخ و بە تێپەڕبوونی کات بە شێوەی سروشتی گەشە بکات، بەڵام ئەندێشەی زاڵی حکوومەتی تاک نەتەوە و خۆسەپێن لە وڵاتێکی فرەنەتەوەدا سەرئەنجام دەبێتە سەرکوت و زەبر و سەرەڕۆیی، کە ئەمڕۆ لە ئێران شایەتی ئەم شێوازە حکوومەتەین. یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی کێشە و دووبەرەکێ لە نێوان هۆز و ئێڵە لوڕەکان ئەوەیە کە کۆمەڵێک لە لوڕەکان بەشێکن لە پەیکەرەی دەسەڵاتی سەربازی — سیاسیی ئاخوندەکان و دەمیان گەیشتووەتە نان و ئاو و پۆستیان بەدەستە. ئەو کەسانە لە شەڕ لەدژی عێراقدا بەشدار بوون و کەوتوونەتە ناو جۆرێک لەڕوو دامان و هەتا ئێستا لەگەڵ باڵی بەناو ڕیفۆرمی حکوومەتدان و لە ئەنجامدا پەیوەندییان لەگەڵ ئاخوندەکان کەم و کەمتر دەبێتەوە".

پرسیارم لە بەختیاری کرد کە بیری عەشیرەیی و ناوچەیی تا چ ڕادەیەک زەربەی لە خەباتی لوڕستان داوە؟ لە وەڵامدا گوتی: "دەبێ سەرنجی ئەوە بدەین کە لوڕەکان زەربە و خەسارێکی زۆریان پێ گەییشتووە. لەوانەیە چیرۆکی قەسابیی لوڕستانتان بیستبێ. ئەو تاوان و جینایەتانەی ئەرتشی ڕەزاشا لە لوڕستان ئەنجامی داون، لە هیچ شوێنێکی دیکەی ئێران ڕوویان نەداوە. پاش ئەو هێرشە سەربازی و نیزامییە، لوڕستان بە یەکجاری لە خەڵک چۆڵ بوو، وێران و تاڵان کرا. دادوەری باڵای ئەوکاتی ئەمریکا (ویلیام داگلاس) پاش ئەو هێرشە دڕندانەیە سەردانی لوڕستانی کرد و باس و بەسەرهاتی ئەو سەفەرەی بە وردی لە کتێبێکدا نووسیوە. کوشتارێکی بەکۆمەڵ و بەربڵاو ڕوویدا. کۆمەڵێکیش ڕوویان لە ناوچە سنوورییەکانی عێراق کرد و کۆمەڵێکی دیکەش ڕوویان کردە پەراوێزی شارە گەورەکانی ئێران و لەنێو خانووە تەنەکەکانی ناسراو بە (حەڵەبی‌ئاوا) نیشتەجێ بوون و تووشی دابڕان و نارِوونیی ناسنامە بوون. ناوچەی لوڕ زمانیان لە نێوان ١١ پارێزگای ئەوکاتی ئێران دابەش کرد و ئەو یەکپارچەییەمانیان تێکدا. گەنجەکانیش لەژێر ناوی سەربازی و ئەرکی حکوومەتی، برانە بێگاری و فەرمانبەری و زەجر و ئازارێکی زۆریان چەشت. ئەمڕۆش پاش ساڵانێکی زۆر لە هەژاری، بێبەشبوون لە پێداویستییەکانی ژیان، دیسانەوە بزووتنەوەی بێداری و نەتەوەیی لوڕستان دەستی پێکردووە و ڕوو لە گەشەیە".بەڵام گەنگەشەی سەرەکیمان لەم وتووێژەدا لە بوون یان نەبوونی بزووتنەوەی شوناسخوازی لە ئەمڕۆی کوردستاندا بوو، کە بەڕێزی لەو باوەڕەدا بوو کە: "ئەمڕۆکە بە شکستی ئایدیۆلۆژییە گشتگیر و جیهان تەوەرەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین، گوتاری سیاسیی ناسنامە و شوناسخوازیی بووەتە گرنگترین گوتاری نێوان نەتەوەکانی پێکهێنەری ئێران. بزووتنەوە دێموکراتیکەکانی دژبەری سەرەڕۆیی و ستەمی نەتەوەیی، خوازیاری دەستەبەربوونی ویست و داخوازییە زەوتکراوەکانی خۆیانن کە لە ماوەی ٩٠ ساڵ دەسەڵاتی ڕەش و نگریسی ڕابردووی ئێراندا لێیان بێبەش کراون. ئێمە لە ناوچەکانی لوڕستاندا، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ شایەتی بەرین بوونەوە و گەشەکردنی خەباتی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و سیاسین. ئەوەی خەباتی ئێمە دەکاتە خەباتێکی ڕەوا، هەوڵدانە بۆ دەستەبەرکردنی سەرەتاییترین مافە سروشتی و مرۆییەکانمان. لوڕستان پاش ئەو زەربە سەربازییەی کە خواردی و لەلایەن حکوومەتی ناوەندییەوە داگیر کرایەوە، هەموو کات لەژێر هێرشێکی فەرهەنگی بێگانە و سووکایەتی و گەرمارۆدا بووە. ئەمڕۆ ئیدی ڕاستییەکان بۆ ئێمەی لوڕ ڕوون و ئاشکرا بوون و نهێنی و نەوتراوەکانی مێژوو وتراون و بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی لوڕ خەریکە دەگاتە ئاستی پێگەیشتوویی سیاسیی خۆی. ئەم بزووتنەوەیە دەتوانێ بەپێی هەڵکەوتەی شیاوی جوغرافیایی و ناوچەیی خۆی و کەڵکوەرگرتن لە ژێئۆپۆلۆتیک و بە پاڵپشتیی نەتەوەی کورد، لە ناوچەکە ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت".

بەختیاری لە نێو قسەکانیدا ئاماژەی بە ڕۆڵی خوێندکار و زانکۆ لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان کرد و گوتی: "لە هەر کۆمەڵگایەکدا توێژی خوێندکار لە ڕیزی پێشەوەی خەباتی دادپەروەرانەدان. لە ئێراندا بەو پێیەی لە زانکۆکان کەش و دۆخێکی ئەمنیەتی زاڵە و خوێندکار هەڵوەدای بەدەستهێنانی بڕوانامە و پیشەیەکی گونجاوە و دەبێ بە زمانێکی جیا لە زمانی دایکیی خۆی دەرس بخوێنێ، هەلومەرج بە جۆرێکە کە دەیهەوێ نەختێ بە پارێزەوە لە چاو توێژەکانی دیکە بجووڵێتەوە. لەژێر زەخت و گوشارێکی زۆری ئاسیمیلاسیۆندایە و حکوومەتیش بەردەوام هەوڵ دەدا لە نێوان ئەو و ناسنامەی نەتەوەیی و فەرهەنگیدا دابڕانی فەرهەنگی بخولقێنێ. خوێندکاری لوڕ دەبێ دەست بکا بە ڕۆشنگەری و وشیاریی نەتەوەیی خۆی و ویست و داخواز و کەم و کوورییەکان بە زمانی سیاسەت فۆرموولە بکات و ببێتە پێشەنگ و ڕێنوێنی توێژەکانی دیکەی کۆمەڵ".

دواجار پرسیارم کرد کە؛ ئێمەی خەڵکی زاگرۆس چۆن دەتوانین بە یەکگرتوویەکی سەرانسەری بگەین و لە باکوور هەتا باشووری زاگرۆس بە کردەوە لە یەک بەرەدا دژ بە داگیرکەری خاکمان و بەدەست هێنانی مافی چارەنووس، بوونمان هەبێ؟ کە بەختیاری لەم بارەوە گوتی: "زاگرۆس، سەرچاوە و ناوەندی شارستانیەتە. شارستانیەتی عیلام لە ٤٠٠٠ ساڵ پێش لەم ناوچەیە بووە. وشەی عیلامات بە مانای کوێستانە. ئێمەی لوڕ، بەشێک لەم شارستانییەتە بووین و ئەگەر هەتا ئێستا لەناو نەچووین، خاترجەم بن لەمەودواش ناتوێینەوە. گرنگترین سەرچاوە و کانگاکانمان، سەرچاوەکانی نەوت، گاز و ئاون. دوو ڕووباری گەورەی (کاروون و زایندەڕوود) لە دڵی (زەردکێو) لە بەختیاری لە ناوچەی زاگرۆسی ناوەندییەوە سەرچاوە دەگرن. هەر بەم هۆیەشەوە داگیرکاری و سەرکوتی ئێمە زیاتر بووە. لەم قۆناغە هەستیارە مێژووییەدا بە سەرنجدان بە دراوسێتیی لەگەڵ نەتەوەی کورد لە زاگرۆس، زەروورەتی مێژوویی وا دەخوازێ هەتا خەباتگێرانی ئێمە لەگەڵ یەکتر و شانبەشانی یەکتر، یەکێتییەکی بەربڵاو بنیات بنێین و خوازیاری ماف و ویستەکانی خۆمان بین و ئیزن نەدەین حکوومەتی ناشایستی ناوەندی ئێمە لەدژی یەکتر بەکار بێنێ. پێویستیی ئەم یەکێتییە، خۆناسین و وشیارییە. بەبێ ناسینی یەکتر، ناتوانین بگەینە یەکیەتی. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خەڵک ناسینی زیاتر و قووڵتر لەسەر یەکدی بەدەست دەهێنن. لەوانەیە ئەم وتووێژەش بە جۆرێک یارمەتیی ئەم ناسینانە بدات. هەموو مافەکانمان لە ناوەند (تاران)ەوە لێمان زەوت کراون، دەبێ ئاراستەی پڕ لە جووڵەی خەباتمان بەرەو تاران بێت. لەم سەردەمی وشیاریی نەتەوەییەدا ئیدی ناکرێ نەتەوە ستەم لێکراوەکان لەژێر دەسەڵاتی داگیرکاریی ناوەندا بهێڵرێنەوە. خەم و دەردی هاوبەشمان، پێویستی بە خەبات و بەرەنگاریی هاوبەشە، هەتا سەرەنجام پێکەوە ئاهەنگی سەرکەوتنی هاوبەش بگێڕین. بە هیوای ئەو ڕۆژەی ڕێگەی ئازادیی ئێران لە ناوچە و دڵی زاگرۆسەی تێپەڕێت.

> ئەمڕۆکە بە شکستی ئایدیۆلۆژییە گشتگیر و جیهان تەوەرەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین، گوتاری سیاسیی ناسنامە و شوناسخوازیی بووەتە گرنگترین گوتاری نێوان نەتەوەکانی پێکهێنەری ئێران

# هەنگاو بە هەنگاو بەرەو بەئێران کردنی عێراق

ئەلبۆرز ڕووئین تەن

کاتێک دوو ساڵ لەوەبەر و تا بەر لە دروستبوونی داعش، بەڕێز مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە چەند وتارێکدا ڕۆشنای تەواوی خستە سەر پلان و بەرنامەکانی کۆماری ئیسلامی لە عێراق بۆ دروستکردنی ڕێژیمێکی هاوشێوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بڕوامان نەدەکرد تا ئەو ڕادەیە پێشبینییەکان وەڕاست بگەڕێن.وێڕای ئاشکرا بوونی دەستێوەردانەکانی ئێران لەو وڵاتە، بەڵام بەو شێوە سیستماتیکە کارکردن بۆ ئەوەی پڕۆژەی بەئێران کردنی عێراق بە تەواوی سەربگرێت، وێڕای ئەوەی جێگەی پرسیارە، هاوکات زەنگێکی زۆر مەترسیدارە بۆ هەموو جیهان و دوایین هەنگاوی ئەو سیستماتیک کار کردنە، پەسند کردنی یاسای بەفەرمی ناسینی حەشدی شەعبیی شیعە بوو لە پەرلەمانی عێراق. ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بە جێگای ئەوەی عێراقی دوای دیکتاتۆری بەرەو عێراقێکی دێموکراتیکی فیدراڵی بڕوات، بەرەو ڕێژیمێکی دیکتاتۆریی ئایینی لە ژێر کۆنترۆڵی دیکتاتۆرێکی دیکە کە بۆ هەموو جیهان و ناوچەکە کێشەخوڵقێنە، دەڕوات. ئەم ڕەوتە چەندە شکستهێنانە بۆ سیاسەتوانانی عێراق و ڕۆژئاوا لەهەمبەر دامەزراندنی سیستمێکی دێموکراتیك لەم وڵاتەدا، هاوکات عێراقیش بەرەو دۆخێکی نالەباری نێوخۆیی دەبات و بێگومان کاریگەرییەکانیشی لەسەر باشووری کوردستان ڕەنگدانەوەی دەبێ.

لە هەموو وڵاتە دێموکراتیکەکان سوپایەك بۆ پاراستنی وڵات و هاونیشتمانان هەیە، ئەو سوپایە بوودجە لە دەوڵەتی ناوەندی وەردەگرێت و لە هەمانکاتدا دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتی هەڵبژێردراو لە لایەن خەڵکەوە. هەر هێزێکی دیکە و بەتایبەتی لە وڵاتێکی وەکوو عێراقدا کە پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینیی جیاوازی هەیە، ئەگەر هێزێکی دەرەوەی ئەو سوپایە هەبێت، ئەوە هێزێکی تەیار کراوی دەستی تاقمێکە بۆ بەکارهێنانی و بۆ جێبەجێ کردنی ئامانجەکانی.

دوای پەسەند کردنی یاسای حەشدی شەعبی لە پاڕلمان، وردبوونەوە لە پێکهاتەی حەشد و چۆنیەتیی دروستبوونی، بە جوانی ڕوون دەبێتەوە کە ئەو هێزە بە مەبەستی دابینکردنی خواستی تاقمێک دروست کراوە، پەرەی پێدراوە و ئێستاش بە یاسایی کراوە و دواتریش کار دەکات بۆ جێبەجێ کردنی بەرنامە و پلانەکانی ئەو تاقمە کە سەرچاوەکەی لە ئێرانە. بەو شێوەیە سوپای پاسدارانێکی دیکە بە هەمان هێز، وزە و تواناوە وەک حیزبوڵڵایەکی دیکە دەکەوێتە ژێردەستی ئێران بۆ ئەوەی ناوچە بە گوێرەی خواستی خۆی کە دوورە لە هەموو بەها مرۆییەکان و بەتایبەتی دێموکراسی، دیزاین بکات.

لێرەدایە کە مەترسیی ئەو یاسایە بە تەواوی دەردەکەوێ و نیشان دەدات ناوچە بەرەو ئاڵۆزییەکی چۆن دەڕوات کە تێیدا ئارامی و ژیانی مرۆڤەکان بە تەواوی نامێنێ و بە جێگای خەڵک تاقمێکی دیاریکراو بە ئامانجی خۆیان بۆ دەسەڵاتداری و بەتاڵان بردنی سامانی ئەو نیشتمانە دەگەن.

ئەو یاسایە و بە دەیان یاسای دیکەی پاڕلمانی عێراق بۆ هەموو دێموکراتخواز و ئازادیخوازێک کە کوردیش دەگرێتەوە، پەیامێکی ئاشکرای پێیە، ئەویش پەیامی کۆتایی هاتنی هەوڵی کۆمارێکی فیدراڵە و بەرەو دیکتاتۆرییەکی هاوشێوەی ئێران دەڕوات کە هەر لە ئێستاوە بەشێک لە یاساکانی وەکوو قەدەغە کردنی مەشروب و دروستکردنی سوپای پاسدارانی تێدا بە یاسایی کراون.

هەربۆیەش وەکوو کورد دەبێت ئەو زەنگە مەترسییە زیاتر لە هەموو پێکهاتەیەکی دیکە هەست پێ بکات. چوونکە هەر لە سەرەتای دروستبوونی ئەو هێزە و بوونیان لە ناوچەکانی وەک کەرکوک و ناوچەکانی دیکەی نزیک لە خاکی کوردستان، بێ واتا نییە و پێدەچێ بۆ ڕۆژێکی دیاریکراو لەو ناوچانە دانراون.

لە بواری نێوخۆیی عیراقیشدا، ئەو هێزە، هێزێکی نزیک لە نووری مالکی سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراقە و هەربۆیەش لەو هێزە وەک ئامرازێک بۆ دووبارە بەدەسەڵات گەیشتنی خۆی کەڵك وەردەگرێت. لە کاتی گەیشتن بە دەسەڵاتی ئەویشدا، دەسکەوت و ئەزموونی کوردستان زۆر دەکەوێتە مەترسی و هەر بۆیەش ئەو هەوڵە و بەیاسایی کردنە، لە چەند ڕەهەندەوە دژایەتی داهاتووی کورد دەکات.

هەروەها هەموو دونیا دەبێ بزانێ، ئەگەر ئەو ڕەوتانە بەو شێوەیە بەردەوام بێت، ئەوا بەرەو ئیمپراتورییەکی نوێ لە جیهان دەڕۆین کە خۆی لە ئێران و ئەو وڵاتانەی لەژێر کۆنترۆڵی ئێراندان، وەکوو عێراق و لوبنان و سووریە و یەمەن دەگرێتەوە و بەرەبەرە بۆ پەرەپێدانی ئەو ئیمپراتووریەش تێدەکۆشێ، کە تێیدا کۆمەڵێک مەلای شیعە دەسەڵاتیان بەدەست بێ.




## هەواڵ

# تیمێکی چەکدارانی داعش لە دەربەندیخان لەنێوبران





تیمێک لە خۆکوژانی سەر بە ڕێکخراوی داعش دزەیان کردبووە نێو ناوچەی دەربەندیخان و دوای تێکهەڵچوون لەگەڵ ئاسایشی هەرێمی کوردستان، ئەندامانی ئەو تیمە تەفروتوونا کران.

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١٤ی سەرماوەزی ١٣٩٥ی هەتاوی، تیمێک لە تیرۆریستانی داعش کە دزەیان کردبووە ناوچەکانی دەوروبەری شاری دەربەندیخان، کەوتنە بۆسەی هێزەکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان و دوای شەڕ و تێکهەڵچوون لە نێوانیاندا، ٢ لە تیرۆریستەکان خۆیان تەقاندەوە و ٢ چەکداری دیکەش کوژران.

لە ڕووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی ئاسایش و چەکدارانی داعشدا کە لە گوندی "پوونگەڵە"ی سەر بە دەربەندیخان ڕوویدا، ٢ چەکداری داعش خۆیان تەقاندەوە و هاوکات لە گوندی "باوە عەمرە" ٢ چەکداری دیکەی ئەو تیمە، لە لایەن هێزە ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستانەوە کوژران.

لەو پەیوەندییەدا جەعفەر شێخ مستەفا فەرماندەی "یەکەی ٧٠"ی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە هەواڵدەریی ڕووداوی ڕاگەیاند کە؛ ئەو چەکدارانە دزەیان کردبووە ناوچەکە و بەرلەوەی بێنە ناوچەی دەربەنیخان، چووبوونە ناوچەی هەورامان و لەوێ دوای ئەوەیکە چەکدارێکیان دەکوژرێ، ڕوو دەکەنە ناوچەی دەربەندیخان.

شایەنی باسە کە ئەوە چەندەمین جارە کە چەکدارانی داعش هەوڵی ئەوە دەدەن کە لە شکڵی تیمی چەند کەسی دا دزە بکەنە نێو هەرێمی کوردستان، بەڵام هەوڵەکانیان لەلایەن دەزگا ئەمنیەکانی هەرێمەوە پووچەڵ دەکرێنەوە.

هەر لەو پەیوەندییەدا جەعفەر شێخ مستەفا گوتی کە؛ "بڵاوبوونەوەی چەکدارانی داعش لە شکڵی تیمی بچووکدا سەرکەوتوو نابێت، چوونکە خەڵکی هەرێمی کوردستان لەو پەیوەندییەدا هاوکاریی هێزە ئەمنییەکان دەکەن".

هەر لەو پەیوەندییەدا مەحموود سەنگاوی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان و بەرپرسی مێحوەری گەرمیانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ڕایگەیاند کە؛ ئەو چەکدارانە پێشتر لە ناوچەی سەنگاو بوون و دواتر هاتوونەتە ناوچەی هەورامان و دەربەندیخان.

سەنگاوی هەروەها ئاشکرای کرد کە؛ چاوساخ و بەڵەدی ئەو گرووپەی داعش کەسێکی ناسیاوی خۆیەتی کە لە وڵاتی بریتانیا و شاری لەندەن نیشتەجێیە و لەوێ لەگەڵ ئەو گرووپە تیرۆریستییە تێکەل بووە و پاشان چووە بۆ وڵاتی تورکیە و لەوێشەوە چووەتە سووریە".

سەنگاوی هەروەها ڕایگەیاند کە؛ هەر چوار چەکدارەکە کورد بوون و ناوکانیان بریتین لە: زانا سەعید خەڵکی خورماتوو، هاوڕێ محەممەد خەڵکی خورماتوو، ڕێژوان سدیق کە هێشتا دیار نییە خەڵکی کوێیە و هەروەها شوناسی چوارەم کەسیش نادیارە.

## دوکتور بێهرۆز شوجاعی:

# ڕێژیمی ئێران پیشانی دا کە نوێنەری کوردەکانی ڕۆژهەڵات، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە

دیمانە: سەلیم زەنجیری

وەرگێڕان بۆ کوردی: چەکۆ ئەحمەدی

**سەبارەت بە ڕاسانی ڕۆژهەڵات وتووێژێکمان لەگەڵ دوکتور بێهرۆز شوجاعی، مامۆستای زانکۆی ماردین پێکهێناوە. کوردستان لە ناوەڕۆکی ڕای بەڕێزیان بەرپرسیار نییە. سەرنجتانی بۆ ڕادەکێشین:**

**سەرەتا بفەرموون کە ستراتیژیی نوێی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات لەژێرناوی ڕاساندا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

ئەو ڕەخنەی کە لەسەر زۆربەی بزووتنەوە ئازادیخوازەکانی کوردستان (ئەمە پێناسەی منە لەم بزووتنەوە، چوونکە ئامانجی کۆتایی ئەم بزووتنەوە شۆڕش و ڕووخاندنی ڕێژیمێك نییە، بەڵکوو دستپێڕاگەیشتن بە دەسەڵاتداریی نەتەوەیەکە)، وەڕاست دەگەڕێ، دژکردەوەی بوون جەوهەری بزوێنەری بووە، بە جۆرێك کە خۆی داهێنەری بارودۆخ نەبووە، بەڵکوو یا ئەم دۆخەی بەسەردا سەپێندراوە یا لە باشترین دۆخدا ڕۆڵێکی ئۆپۆرتۆنیستیی گێڕاوە. بە باوەڕی من ئەگەر ڕاسان لەسەر بنەمای تیۆریکی دامەزرانی کۆمەڵەی ژ ـ ك (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد) دامەزرابێ، دەتوانێ هەم لەباری واتایی و هەمیش گوتارەوە لەگەڵ بزووتنەوەی سەرەتای دەیەی ١٩٤٠ کە دواتر دامەزرانی کۆماری کوردستانی لێکەوتەوە، هاوتەریبیی هەبێ. بەڵام ئەگەر پێکهاتەی تیۆریکی ئەم ڕابوونە نوێیە ڕووی لە گوتارێکی دژکردەوەگەرانەی حیزبی دێموکرات پاش نسکۆی کۆماری کوردستان بێ، پێموایە یەکانگیرنەبوونی گوتاری سیاسیی حیزب و ناوەڕۆکی سەرەکیی دۆزی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەبێتە هۆی کات و وزە لەکیس چوون و لە ئاکامدا شکستهێنانی دیسانەوەی بزووتنەوەکە. ئەگەر سەرنجی مێژوو بدەین، پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان، تاقمێك لەنێو حیزبی دێموکراتدا تەنانەت خوازیاری گۆڕینی ناوی حیزب بۆ کۆمەڵەی کۆمۆنیستی کوردستان بوون. ئەم گوتارە چەپگەرا ئەستوونییە بە تەواوی لەگەڵ گوتاری نەتەوەیی ئاسۆیی ژ ـك و حیزب لە سەردەمی دەسەڵاتی کۆماری کوردستان دژایەتییەکی تیۆریکی بوو. پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتدا سەرەڕای یەکسانیی کۆمەڵایەتی و دێموکراسی، زۆرتر چڕ دەبێتەوە لەسەر بەدەستهێنانی دەسەڵاتداری بۆ نەتەوەیەك. خواستی دەسەڵاتداری بۆ نەتەوەیەك کە بەشێوی سروشتی توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگاش لەخۆ دەگرێ، لێڕوانینێکی ئاسۆیی هەیە کە لەگەڵ تیۆریی ئەستوونیی چەپ کە ئامانجی دامەزراندنی یەکسانیی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای بەرزکردنەوەی چینێکی کۆمەڵگایە، یەکانگیر نابێ. گوتەزای ئایدۆلۆژیك لەسەر بنەمای لایەنەکانی ڕاست و چەپ بۆ ڕێکخراوێك یا حیزبێك کە بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتداریی نەتەوەیەك خەبات دەکات، بایەخێکی پلە دووی هەیە، لەکاتێکدا حیزبە کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتدا بە کردەوە ئەم پرسەیان لە سەرووی گوتارە سیاسییەکانی خۆیاندا لەبەرچاو گرتووە، هەرچەن لەو بەرانەدا کە هێندێجار لەگەڵ حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران (بۆ نموونە حیزبی دێموکرات لەگەڵ توودە، حیزبی دێموکرات لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنو چەپ، حیزبی دێموکرات لەگەڵ شووڕای میللیی مەقاوەمەت و بەرچاوترین نموونە، کۆمەڵە لەگەڵ کۆمۆنیستەکانی ئێران و پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)، نموونەی ڕوونی ئەم پرسەیە. من هەست دەکەم (هیوادارم هەستێکی هەڵە بێ) دیاریکردنی ئەم ناوە، بەجۆرێك ئیلهام وەرگرتن لە ئینتەفازەی فلەستین یان سەرهەڵدانی کوردەکانی باکوور (تورکیە) بێ. ئەگەر ئاوا بێ لە دەستەواژەی شۆڕشەوە نزیك دەبێ، کە بە باوەڕی من هەڵبژاردنی ئەم ڕێکارە، هەروەك ئاماژەم پێکرد لەگەڵ پرسی سەرەکیی کورد لە ڕۆژهەڵات دژایەتیی بنەڕەتیی دەبێ، پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتدا لە ئاکامدا خەبات بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتدارییە نەك ڕووخاندنی ڕێژیمێك، لەکەتێکدا شۆڕش بۆ ڕووخاندن یا گۆڕینی سیستمی حکوومەتییە. بەڵام هیوادارم ئەم هەڵێنجانە لە ڕاسان هەڵە بێ و ڕاسان بە واتای گەڕانەوە بۆ ناوەندێتیی بزووتنەوەی ڕزگاریدەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەت هێڵی ئازادگەریی سمکۆ و نیشتمانپەروەریی کۆمەڵەی ژ ـ ك و دەسەڵاتداریی کوردستانیی حیزبی دێموکرات لە سەردەمی کۆمار و هەڵبژاردنی ڕێگایەکی نوێ بۆ دەستەبەر کردنی مافی دەسەڵاتداری بۆ نەتەوەی کورد بێت.

**گەلۆ، بارودۆخی سیاسی و ئابووریی زاڵ لە ئێران و ناوچەکەدا بزووتنەوە و ڕێنێسانسی لەمشێوە دەخوازێ؟**

هێنانە بەرباسی ئەم پرسە بەمشێوەیە چییەتیی چەند دەیەی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتدا دەناسێنن، واتە چاوەڕێی بارودۆخی سیاسی و ئابووری و... بوون. ڕاستە کە بارودۆخی سیاسی و ئابووری بایەخی هەیە، بەڵام گرێ خواردن لەگەڵ بارودۆخی دەرەکی، توانا و لێهاتوویی کردەیی لە بزووتنەوە ئەستاندووەتەوە. بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد هەمووکات بزووتنەوەیەکی دژکردەوەیی بووە و زۆرتر لە کاتێکدا بوونی خۆی پیشان داوە کە یا گوشاری سەر نەتەوەی کورد هانی داوە بۆ ڕاپەڕین یا بارودۆخی ناوچەیی بووەتە هۆکاری هەڵبژاردنی ڕێکارێکی نوێ. من پێموایە دەبوا بزووتنەوەی کورد لە نێوەڕاستی دەیەی ١٩٨٠ دا کە بارودۆخی ئابووری و ناوچەیی لەبار بوو، ئامادەکاریی بۆ قۆناغی دوای بزووتنەوە کردبا. ئەم ئامادەکارییە هەم لە ڕووی ڕێکخستن و هەم لە ڕووی لۆجیستیکەوە بایەخی زۆری هەیە. بارودۆخی هەنووکەیی بۆ سەرهەڵدانی ڕاسان لەبارە، بەڵام من بێگومان نیم لەوەی کە گەلۆ بزووتنەوە ئامادەیی پێویستی دابین کردووە یا نا، و چڕبوونەوە لەسەر دۆخی سیاسی، ئابووری و پێگەی ناوچەیی ئێران بۆ هەڵبژاردنی ڕێکارێکی نوێ لە هەمبەر بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ حکوومەتی ئێران، بەس نییە. دەبێ بزووتنەوە پێش ڕاگەیاندنی ڕاسان، ساڵانێك لەسەر لێهاتوویی و تواناییەکانی بۆ بەهێز کردنی کاری کردبا. ئەم تواناییانە دەبا چ لە ڕووی ڕێکخستن و تەیار کردنی خەڵکەوە تەواو کرابا و قۆناغی دوای بە کردەیی کردنی و لە ئاکامدا ڕاگەیاندنی بوو. لەم بەتوانا کردنەدا خوێندنەوەی لێهاتوویی دەوڵەت و حکوومەتەکەی و خوێندنەوەی وردتری تواناکانی خۆ، بایەخێکی زۆری هەیە. بابەتێکی دیکە کە دەبوا جێبەجێ کرابا، خوێندنەوەیەکی دروستە لەو ناسیۆنالیزمەی کە دەوڵەتی ئێرانی لەسەر چێکراوە و ئاکامە دەروونییە کۆمەڵایەتییەکانی کە لەسەر خەڵکی ئێران بەجێ ماوە. ناسیۆنالیزمێك کە تاکوو سەردەمی پاش شۆڕشی ١٣٥٧ کامڵبوونێکی بنەڕەتیی هەبووە، بەم شێوەیە کە بەشێکی زۆر لە هێزە بەناو پێشکەوتنخوازەکانی دەیەی ٤٠ و ٥٠ی هەتاوی یا فەوتاون یا لەژێر کاریگەریی هزری نیولیبراڵی، جارێ ئاراستەیەکی چەپی ناسیۆنالیستیی هەڵبژاردووە و دەربڕینی هەرجۆرە مافخوازییەك لەلایەن نەتەوەکانی چەوساوەی ئێران کە لەسەر بنەمای هزری دژە ئیمپریالیزمییە، بە مەترسییەکی گرێدراو بە یەکپارچەیی خاکی ئێران دەزانن. لەلایەکی دیکەوە، کۆماری ئیسلامی توخمێکی شیعەگەریی ئاوێتەی چییەتیی ناسیۆنالیزمی سێکۆلار مێژوویی فارس کردووە. ناسیۆنالیستە سێکۆلار و مەزهەبییەکانی فارس لە بابەتێکدا هاوڕان، پیرۆزیی سنوورەکانی خاکی ئێران، ئەو سنوورانەی کە بە درێژایی چەند سەدە لە مێشکیاندا بیچمی گرتووە، ئەم پیرۆزی و نەمرییە تەنیا لە پرسی خاکدا نییە، بەڵکوو دوو توخمی دیکەش لەخۆ دەگرێ، مەزنایەتیی ئێرانی و مەزنایەتیی ئیزەدی. مەزنایەتیی ئیزەدی تایبەتە بە قەومی فارس کە تاکەکانی ئەم قەومە خۆیان بە وێنەی خاوەن و فەرماندەی ئەم وڵاتە هەڵبژاردووە. کەواتە دەسەڵاتداری لە ئێرانیشدا شوناسێکی نەتەوەیی هەیە، ئەم دەسەڵاتدارییە چەقبەستووە لە نێو دڵی ئیتنیسیتە یا قەومی فارسدا پێناسە کراوە. کەواتە بەپێی یاسای بنەڕەتیی ئەم وڵاتە، چ لە سەردەمی پاشایەتی و چ لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا، هاووڵاتیانی ئەم وڵاتە فارسن. ئەندامانی نەتەوە نافارسەکان، لە باشترین دۆخدا یا فارس لێدراو (تورکەکانی ئازەربایجان) و لە دۆخە خراپەکەیدا وەکوو کورد و بەلووچەکان پێگەیەکی سەرتر لە ڕەعیەتیان نییە. بە باوڕی من، تەنانەت ناوی ئێران (لە ئیتنیکە جیاوازەکانی ئێرانی لەخۆ دەگرێ) لێکدانەوەیەکی هەڵەیە و عەجەمستان بەپێی دەربڕینی کوردەکان، persia لە زمانی ڕۆژئاواییەکان و قەجەریش بە پێی دەربڕینی بەلووچەکان لە سەردەمی ئێمەدا بۆ ئەم وڵاتە بەربژێری دروستتر و شایانترە. واتە تەنانەت ئەگەر هەلومەرجی سیاسی و ناوچەییش لەبار بێ، بنەما و چەمکەکانی دەسەڵاتداری لە ئێراندا بۆ گۆڕانکاریی بنەڕەتی لەهەمبەر دەستەبەر بوونی مافەکانی نەتەوەکانی چەوساوە لەبار نابێ. بۆ پرسێکی لەمشێوە ڕەوتی ناناوەندێتی (the process of devoltion) دەسەڵاتدارییەی وەك ئەوەی لە بریتانیادا پێڕەو کراوە، پێویستە. بەڵام گەلۆ کولتووری سیاسی لە ئێراندا ئامادەی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیی لەم چەشنەی لە سیستم و بنەمای دەسەڵاتداری لە ئێرانیدا هەیە؟ پرۆژەی مۆدێرنیتە لە ئێراندا، لەهەمبەر پرۆژەگەلی لەمشێوە لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی، بەپێی چەمکەکانی ژاکۆبنێست دارێژراوە کە لەسەر بنەمای سێ کۆڵەکە دارێژراوە، سەرمایەداری وەك کۆڵەکەی ئابووری، دەوڵەتی نەتەوەیی بەوێنەی کۆڵەکەی سیاسی و ناسیۆنالیزم بەوێنەی کۆڵەکەی ئایدۆلۆژیك. ئەم سێ کۆڵەکە هەر لە سەرەتای تاج و تەختی پەهلەوییەوە هەڵدران و تا هەنووکەش تەنیا لە کۆڵەکە ئایدۆلۆژیکەکیدا، ئەویش بە مەبەستی نرخاندنی، هێندێ گۆڕانی بەسەردا هاتووە. لەلایەکی دیکەشەوە دەبێ وەبیر بێنمەوە کە بازنەی پرسیارەکەی تۆ کوردستان بێ نە ئێران. بارودۆخی سیاسی و ئابووریی ئێران بە هیچ جۆرێك لەبار نییە بۆ ڕابوونی بزووتنەوەی ڕاسان و بە شێوەیەکی بنەڕەتی لەگەڵی بەرەوڕوو دەبێتەوە. بەڵام بە باوەڕی من، حیزبە کوردستانییەکان بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دەبا توێژینەوەیەکی ورد و تەواوی لەسەر بارودۆخی سیاسی و ئابووریی کوردستان بکردبا و ئەگەر بەڕاستی خەڵکی بێبەش و بەشخوراوی کوردستان توانای بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ حکوومەتی هەبایە، دەکرا لەسەر دەستپێك، دەست پێنەکردن یان هەڵسەنگاندنی کاتەکەی باسی لەسەر بکرێت. من وەك خۆم زانیاریم لەسەر توێژینەوەیەکی لەم چەشنە نییە. ڕاسان دەبێ لەسەر داوای خەڵکی کوردستان و ئامادەییان بێ. ئایا حیزبە کوردییەکان پرسیاریان لە خەڵك کردووە کە جووڵانەوەی لەمشێوەیان دەوێ یا نا؟ من خۆم ئاگادار نیم. ئەگەر ئەو پرسیارە کراوە، ئەمە بە واتای دێموکراتیك بوونی ڕاستەقینەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستانە.

ئەگەریش نەکرابێ، بە باوەڕی من ئەمە جۆرێك لە ڕوانگەی دەوڵەتگەرایانەیە لە جۆری کەمالیستییەکەی.

**سەرەڕای ئەوەی ئەم بزووتنەوە هێشتا لە قۆناغی سەرەتاییدایە، بەڵام ئەم بزووتنەوە تا ئێستا چەندە توانیویە ئامانجەکانی بپێکێ و کۆماری ئیسلامی تووشی ململانێ بکات؟**

لە پێوەندی لەگەڵ بزووتنەوەدا من هەست بە بوونی دوو کێشە دەکەم، یەکیان ئەمەی کە هێنانە بەرباسی پرسی کوردستان لە ئێراندا. واتە پێناسەی ئەو و دربڕینی ڕوانگەگەلێك بۆ چارەسەری پرسەکە و دووهەم، دیاریکردنی ئامانجی بزووتنەوەکە. ئەگەر چارەسەری پرسی کورد و کوردستان لە ئێراندا بە دابین کردنی مافی دەسەڵاتدارێتی لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا بلوێ (کە ئەم پێویستییە سەرەکییە بۆ دابینکردنی ئازادییە شوناسییەکانی وەك زمان و کولتوور و بەپێی توانای دابینکردنی خود موختاری \ فیدرالیسۆن \ سەربەخۆییە). ئامانجەکانی ڕاسان دەبێ پێکهاتەشکێنی بکرێ، بەتایبەت لە پرسە سەربازییەکەیدا. وەك نموونە لە قۆناغی یەکەمدا ڕێکاری چەکداریی چریکیی لێدە و هەڵبێ لە حاڵێکدا دەگیرێتە پێش کە ئامانج ڕووخانی ڕێژیم بێ. ئاکامی کارێکی لەمشێوە ئەوەیە کە پاش ماوەیەك، بزووتنەوە لە وەڕێخستنی خەڵکدا سەرکەوتوو بووە و بە شۆڕشێکی گشتی ڕێژیم دەڕووخێت. لێرەدا دەبێ ئەم پرسیارە بێتە گۆڕێ کە کێشەی کورد لەگەڵ دەوڵەتی ئێران (دەسەڵاتی قەومی فارس)دایە یا لەگەڵ حکوومەت (کۆماری ئیسلامی)؟ گەلۆ بە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی چەمکی دەسەڵات تا چ ڕادەیەك ڕیفۆرمی بەسەردا دێ، و لە ئاکامدا دەبێتە ناناوەندی؟ کامیەك لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی ئامادەیە ڕیفۆرمێکی لەمشێوە بکات؟ بەگشتی هەڵکەوتەی سیاسی و کولتووریی قەومی زاڵ (فارس)، لە ڕێژیمی دەسەڵاتدارەوە بگرە تا ئۆپۆزیسیۆن، لەباری دەروونی کۆمەڵایەتییەوە لە دۆخێکی ئاوادا هەن؟ ئایا بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، ڕۆژهەڵاتی کوردستانی هەنووکە بە وێنەی کۆلۆن پێناسە دەکەن یا بەوێنەی چەند پارێزگای دوورەدەست و بێبەش؟ بۆچی کۆلۆن نییە و ئەگەر هەیە، دەبێ چ ڕێکارێك لەپێش بگیرێ؟ ئایا دەستکەوتەکانی شەڕی چەکداری تێچووی وەك دیاردەی سەرهەڵدانی جاش، پرسی ئابووری و ئەمنیەتی و...، پاساو دەداتەوە؟ ئەمە لە ڕوانگەی کوردییەوە.

ئەگەر لە ڕوانگەی دەوڵەتەوە چاو لە پرسەکە بکەین، کۆمەڵێك نیگەرانی و ڕاستی دەبینین.

لە ماوەی ڕابردوودارێژیمی ئێران بە دژکردەوە توندەکانی پیشانی دا کە نوێنەری ڕاستەقینەی کوردەکانی ڕۆژهەڵات حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە، نە حیزبە هاوردەکانی وەك پژاك. هەرچەند پژاك لە دەیەی ڕابردوودا دژی کۆماری ئیسلامی کۆمەڵێك شەڕی چەکداریی بەڕێوە بردووە کە پانتاکەی لەو تێکهەڵچوونانەی حدکا لەگەڵ ڕێژیم زیاتر بوو، بەڵام سەرەڕای ئەمەش، ئەو دژکردەوانەی ڕێژیم بەرانبەر حیزبی دێموکرات هەیبوو بەرامبەر پژاك پیشانی نەدا. ئەمە بەو واتایەیە کە ڕێژیمی ئێران حیزب وەك نوێنەری خەڵکی کوردستان دەبینێ و بەگشتی بوونی ئەم حیزبە لە ڕۆژهەڵاتدا بە مەترسی بۆ سەر مانی خۆی دەزانێ.

هاوسۆزی و دڵسۆزیی خەڵکی ڕۆژهەڵات بۆ شەهیدبوونی پێشمەرگەکانی حیزبیش پشتڕاستکردنەوەی ئەو ڕاستییەیە کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان مێژوویەکی هەیە بە سێمبۆلەکانی خۆیەوە و ئەم سێمبۆلانە لە بیری مێژوویی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتدا زیندوون.

**زۆربەی حیزبە سەراسەرییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی فارس و هێندێ لە کەسایەتییەکان و ڕاگەیەنە فارسی زمانەکانی دەرەوەی ئێران و هێندێ لە هێزە کوردییەکانیش ئەم بزووتنەوەیان بردووەتە ژێر پرسیار و بە گرێدراوی بێگانەیان، ئەم ڕوانگەیە چۆنە؟**

فارسە سیاسییەکان لە چەپ و ڕاستەوە بگرە تا دەگاتە لیبراڵ و دینییەکان، هەموویان لەسەر ئەو باوەڕن کە دەبێ نەتەوەکانی پەراوێزی ئێران وەك کورد، بەلووچ، تورکمەن، قەشقایی و عەرەب لە نامۆیی وەدەر بێن و لە پەسایەکی هاوڕەنگ کە پێیانوایە ئێرانیی پەتی و ڕەوایە، تێکەڵ و ئاوێتە بکرێن.

لە هەوڵەکانیان بۆ بەهێزکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان، قەومی فارس پانتای خۆیان بەوێنەی وڵاتانی ئیمپریالیزمی پەرە داوە و میلیتاریزەیان کردووە.

بە واتایەکی دیکە، سنوورەکانی ناسیۆنالیزم و ئیمپریالیزم لە یەکدیدا ون دەبن. بەپێی وتەیەکی مێژووگەرایانە، ناسیۆنالیزمی فارس واتا خەڵکێك کە خاوەن مێژوو ژیارێکی کۆنن، مافی سروشتییان بەسەر قەڵەمڕۆ و دەوڵەتی خۆیاندا هەیە، لە بەرانبەردا نەتەوەکانی دیکە دەبێ لەژێر دەسەڵاتی قەومی مێژوویی فارسدا بن. لەم پێوەندییەدا، لایەنە سیاسییەکانی فارس لەو بڕوایەدان کە دەسەڵاتداریی هەتایی ئێران مافی ڕەوای ئەم قەومەیە. بەمشێوە، ئەم لایەنانە سەرەڕای گوتارەکانیان لەسەر دێموکراسی، باوڕیان وایە کە دەسەڵات دەبێ لە چوارچێوەی دەوڵەتی ناوەندیدا مۆنۆپۆل بکرێ. لە تەوەری دێموکراتیزە کردنی ئێراندا، ئەم ڕەوتانە هیچ ئاماژەیەك بە چەمکی دەسەڵاتدارێتی ناکەن، بابەتی سەرەکییان ڕیفۆرمی دەوڵەت نییە، بەڵکوو ڕووخاندن یان ڕیفۆرمی حکوومەتە. لە پێوەندی لەگەڵ بنەماکانی بونیاتی مافیی دەوڵەتدا ئەم ڕەوتانە پرۆژەیەکی دیاریکراو لەهەمبەر ناناوەندی کردن پێشکەش نەکردووە. هەر بەم هۆیەوە چالاك بوونەوەی حیزبی دێموکرات کە پرسە سەرەکییەکەی ڕیفۆرم یا گۆڕانی بنەماکانی بنەڕەتیی دەسەڵاتە، ڕیفلێکسەکانی ناسیۆنالیزمیی ئەم ڕەوتانە و دەسەڵاتدارانیکۆماری ئیسلامی دەکەونە جووڵە. هاوتەریب لەگەڵ گوتاری حکوومەتی ناوەندی، ئەم ڕەوتانەش چالاك بوونەوەی حیزب بە سەرچاوەگرتوو لە هاندانەکانی وڵاتانی دەرەکی و بە دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆی دەزانن. بە گرێدانی وڵاتانی دەرەکی بەم بابەتەوە، لە پێوەندی لەگەڵ پێوەری ئێرانی یا نائێرانی بوونی حیزب و ڕەوتە ئازادیخوازەکانی کوردستان، حوکم دەدەن. ئەگەر ڕەوتە کوردییەکان لە شێواز و بنەمای تیۆری و کردەیی ڕاسان ڕەخنە بگرن، بە بڕوای من بەگشتی بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بەقازانج دەبێ، بەڵام ناوێتکەی وەك بەکرێگیراوی دەرەکی و شتی لەمشێوە، گوتارێکی جیا لە گوتاری کۆماری ئیسلامی و ئۆپۆزیسیۆنە شۆینیزمەکەی نابێ.

**بە پێی ناسیاوییەك لە ناوەڕۆکی سەرەڕۆیانەی ڕێژیمتان هەیە، گەلۆ ئەم ستراتیژییە دەتوانێ ڕێژیم ناچار بە چارەسەری پرسی کورد و نەتەوەکانی ئێران بکەت؟**

ڕێژیم ناچار نابێ بە چارەسەری پرسی کورد، چوونکە نە پۆتانسیەلی تیۆریك، نە پۆتانسیەلی سیاسی نە کولتووری و نە پۆتانسیەلی دەروونناسانەی چارەسەری ئەم پرسەی هەیە.

ئەم ستراتیژییە کاتێك دەتوانێ سەرکەوتوو بێ، خوێندنەوەی وردی لە کۆمەڵگای ئێران، بنەماکانی ناسیۆنالیزمی ئێرانی، خوێندنەوە لەسەر دەزگای سیخوڕی و ئیتلاعاتی ئێران کرابێ و داتای پێویست لەسەر پۆتانسیەلە سەربازییەکانی ئێران بەدەست هێنرابێ. قۆناغی دوایی ئەوەیە کە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان بە پێکهێنانی توانا و پۆتانسیەلی پێویست، وڵاتی کوردستان لە چنگ داگیرکەر ئازاد بکات.

# دیدار لەگەڵ شەریف فەلاح، نووسەر و چالاکی فەرهەنگی

بەشی پێنجەم

سازدانی: ژووری ڕۆژەڤ لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تێلێگرام

**ڕۆژەڤ: ماوەیەک پێش هاوکات لەگەڵ بەربڵاو بوونی پرسی خوێندن بە زمانی دایکی لە ئاستی ئێراندا، عەلی یوونسی ڕاوێژکاری حەسەن ڕۆحانی بۆ کاروباری کەمایەتییە نەتەوەییەکان ڕایگەیاندووە کە "پرسی زمانی دایکی"، خواستێکی گشتیی خەڵکی کوردستان و ئازەربایجان و بەلووچستان نییە و تەنیا داواکارییەکی بەرتەسکی ڕۆشنبیرانەیە و لەڕاستیدا وتەکانی هاوتەریبە لەگەڵ هەڵوێستەکەی فەرهەنگستانی زمانی فارسی لە دژی خوێندن بە زمانی دایکی. هاوکات لە وتارێکی ماڵپەڕی ئیسنادا، بابەتێک بڵاو کراوەتەوە کە تێیدا هاتووە کە؛ "ئێمە بە هیچ شێوەیەک لە ئێران، غەیرە فارسمان نییە و هەموو فارسن و فارسیش بە واتای ئێرانییە". قسە و لێدوانەکانی یوونسی، بەڕای ئێوە هەڵقوڵاوی چین؟ گریمان هەموو نەتەوەکانی ئێران بتوانن بە زمانی دایکیی خۆیان لە قوتابخانەدا بخوێنن و بنووسن، ئەمە چ خاڵێکی ئەرێنیی هەیە و ترسی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە چییە کە ئەم ئیجازەیە نادات؟**

**شەریف فەلاح :** ئەگەر چاو لە کارنامەی ڕاوێژکاری سەرکۆماری ئێران حەسەن ڕۆحانی کە (عەلی یوونسی) یە بکەین، دەبێ بزانین کێیە و لەبەرچی ئەو کەسە بەو کارنامە و ڕابردووەوە لەو پۆستە دانراوە، عەلی یوونسی سیمایەکی ئەمنی، هەواڵگری و سەربازیی نێو دەزگاکانی کۆماری ئیسلامییە، بۆچی ئەو کەسە بۆ پرسە نەتەوەییەکان دادەنرێت؟ کە پێی دەڵێن پرسی کەمایەتی نەتەوەیی و (اقوام ایرانی)، ئەوە خۆی لەخۆیدا واتە تێڕوانینی جەوهەریی کۆماری ئیسلامی کە بریتییە لە ترس و وەهمێک لە بەرانبەر نەتەوەکانی دیکەی ئێران، هەر دانانی ئەو کەسە خۆی واتە کۆماری ئیسلامی هیچ نییەتێکی خێری نییە و هیچ پرسێکی سیاسی و فەرهەنگی نەتەوەکانی نێو ئێران چارەسەر بکات، چ بگات بە پرسی زمانی دایکییان، ئەوەش کە ئایا زمانی دایکی لە ئێراندا لەنێو نەتەوەکانی، کورد، عەرەب، بەلووچ، تورکەمەن و ئازەری و... دا بخوێندرێت چ قازانجێکی دەبێ، من پێم وایە بەو جۆرەی کە خودی نەتەوەکان دەیانەوێ قازانجی دەبێ بۆیان، بەڵام ئەو پرۆژەیەی کە کۆماری ئیسلامیی ئێران هەیەتی، نەتەنیا هیچ قازانجێکی نابێت، بەڵکوو زیاتر دەتوێنەوە و پەراوێز دەخرێن.

لێرەدا ئاماژە بە خاڵێک دەکەم؛ ئەو پڕوپاگەندانەی کە کۆماری ئیسلامی و بەتایبەت سیستمی پەروەردە لەڕێگای سەرکۆمار و وەزیری پەروەردەوە بانگەشەیان بۆ دەکات، ئەم وەزیرە لە دوایین سەفەریدا بۆ پارێزگای سنە، ئەگەر چاوتان لە ڕوومالی ڕاگەیاندنەکان کردبێ، ئاماژەیەکی زۆر گرنگی تێدایە کە ئەگەر هەر کەسێکی وردبین ئەو هەواڵانە بخوێنێتەوە لە ماڵپەڕەکانی (ئیرنا، ئیسنا و مهر) و هەردوو ماڵپەڕی (تەسمیم و فارسنیوز) ی سەر بە سوپای پاسداران بڵاو کراونەوەتەوە، ڕێک پێچەوانەی هەموو بانگەشەکانی کۆماری ئیسلامییە، لەوێدا دەڵێ ئێمە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەو ناوچانەی کە خاوەنی گرفتی دوو زمانن، واتە بێجگە لە زمانی فارسی زمانێکی دیکەیان هەیە، واتە زمانی ئاخاوتنیان جیایە لە زمانی فارسی، بوودجەیەکی زیاتریان بۆ تەرخان دەکەین، بۆچی؟ ئایا ئەو ئەو بودجەیە بۆچی تەرخان دەکات؟ ئەو دێ لێرەدا شی دەکاتەوە، دەڵێ بۆ ئەوەی گرفتی خوێندنیان لە قوتابخانە بۆ چارەسەر بکرێت، واتە بەرلەوەی بڕۆنە قوتابخانە لە "دایەنگە و ڕەوزەکان" (زمانی شیرینی فارسیی ئێرانیان فێر دەکەین!) واتە دوو جار چەوسانەوە، ئەوەش واتە دوورخستنەوەیان بەتەواوی لە کولتوور و فەرهەنگی خۆیان، کە لەڕاستیدا نەتەنیا بە ئاراستەی چارەسەریی کێشەکان نیە، بەڵکوو قووڵتر کردنەوەی قەیرانەکان و تواندنەوەی زمان و فەرهەنگی نەتەوەکانە لە قاوخی فەرهەنگی بالادەستی دەسەڵاتدا.

**ڕۆژەڤ: ئەگەر بمانەوێ لەڕووی کات و زەمەوەنەوە لێکی بدەینەوە، بەڕای ئێوە بۆچێ ئێستا کۆماری ئیسلامی دیسان باسی زمانی کوردی هێناوەتەوە بەرباس؟ واتە گرنگیی ئەو پرسە لەڕووی کاتەوە لە چی دایە؟**

**شەریف فەلاح :** ئەم پرسە لەمێژە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە وکوو دروشم و پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن بانگەشەی بۆ دەکرێت و دەست و پیوەندییەکانی کە هەمان بەناو ڕیفۆرمخوازانی کوردن لەبەر بەرژەوەندیی تاکەکەسی نانی پێوە دەخۆن و لەڕاستیدا ئاو دەکەنە جۆگەی دوژمن، بەڵام لە ناوەرۆکدا هیچ هەنگاوێکی ئەرێنی بۆ نەهاوێژراوە، هەموو کاتێک هەر لە ساڵی ١٣٧٦ی هەتاوییەوە ئەم پرسەی هێناوەتە بەرباس وەکوو لە پێشتردا باسم کرد، لەو کاتانەی کۆماری ئیسلامی زەخت و گوشارێکی نێوخۆیی و دەرەکی ڕووبەڕووی دەبێتەوە، ئێستا چ گوشارەکە فەرهەنگی بێت، یان سیاسی و کۆمەڵایەتی، دیسان دێت بۆ خۆ ئابدەیتکردن و بۆ ڕەوایی بەخشین بە دەسەڵاتی خۆی لە ناوچەکان، ئەم مژارانە دەورووژێنێت، و بەتایبەت ئەمەی ئێستا زمانی کوردی وروژاندوە و بەنێو داوای کردووە با چالاکوانانی کورد پڕۆژەیەک پێشکەشی وەزارەتی پەروەردە بکە،ن بۆچی لەنێو نەتەوەکانی تردا باسی ناکات، ئامانج و پلانی تایبەتی هەیە، بەڕای من بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە:

هۆکاری یەکەم: ئەو گوشار و زەختە زۆرەیە کە لەلایەن چالاکانی فەرهەنگی کوردەوە بە هەموو توێژەکانەوە، چالاکی فەرهەنگی هەر تەنیا مەبەستم ئەوە نییە کە ئەو کەسانەن کە دیارن و هەوڵ دەدەن لەڕێگای نافەرمییەوە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێش بخەن، بەڵکوو چالاکانی فەرهەنگی، سەرلەبەری ئەو چالاکانە دەگرێتەوە کە لە بوارەکانی هونەری وەک "شێوەکاری، شانۆ، سینەما، شیعر، ڕۆمان، چیرۆک و هەڵسووڕاوانی کۆمەڵایەتی و مەدەنی.. و لە هەموو ڕەهەندەکاندا چالاکی دەکەن، دەگرێتەوە. هێژمۆنیی ئەمانە و بەتایبەت ڕێژەی بەرهەم و چاپی ئەدەبیاتی نویسیاری لە دوو دەیەی ڕابردوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێژەیەکی یەکجار بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، ئەمە ترسی لەلای کۆماری ئیسلامی دروست کردووە، فەرهەنگستانی زمانی فارسی وەدەنگ هاتووە، لەڕێگەی ئاگادارکردنەوەی ناوەندە بەناو فەرهەنگییەکان و ئاسایشی بالای نەتەوەیی دەڵێ؛ ئەمە هێڵی سوورە کە نەتەوە کورد دەیبەزێنێ، چوونکە لەڕێگای پەرە و گەشەی زمانییەوە دەگاتە شوناسی نەتەوەیی، دەگا بە فۆرمێک کە خەریکە شعوور و وشیاریی نەتەوەیی باڵا دەکات و ئاراستەی جیاواز و قەوارەی خۆی دەبینێتەوە کە جیایە لە ئایدۆلۆژیای کۆماری ئیسلامی و جیایە لە ئاراستەی ناوەندگەرێتیی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی.بەڕای من هۆکارێکی دیکەی ئەوەی ئێستا زۆر بە چڕوپڕی و بەپەلە خەریکە باسی دەکات، یەکەم ئەوەیە ئێستا لە بەرەبەری هەڵبژاردنی خولی نوێی سەرکۆماریدان و دەیانەوێ هەندێ پڕوپاگەندەی پێوە بکەن و سەرقاڵکردنی جەماوەرە و بو گەرمکردنی بازاڕی هەڵبژاردن، بۆ دوورخستنەوەی خەڵکە لە بابەتە سەرەکییەکان، لە هەموو گرنگتر شکاندنی ئەو تینیوایەتییەی نەتەوەی کوردە لە زمانی خۆیان و دەیەوێ بە جۆرێک وابنوێنێ کە زمانی کوردی ئەو زمانە جدییە نییە کە خەڵک دەیانەوێ، دەیەوێ وابنوێنێ کە ویستی خوێندن بە زمانی دایکی تەنیا ویستێکی ڕۆشنبیرانەیە کە لەلایەن کۆمەڵێک خەڵکی کەمینەوە داوای دەکرێت و ویستی جەماوەر و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نییە.

لە هەموو گرنگتر ئامانجی ئێران بۆ هێنانەبەرباسی ئەم پرسە لە دۆخی ئێستادا ئەوەیە، دەیهەوێ دیسان هەروەک چۆن لە ساڵانی سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی و شۆڕشی گەلانی ئێراندا کاتێک لەگەڵ نوێنەرانی پارتە سیاسییەکان و بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورددا دادەنیشت، یەکەم پرسیار کە دەیان کرد ئەوە بوو کە پرۆژەتان چییە و با بزانین داوای چی دەکەن؟ ، چیتان ئەوێ با خێرێکتان پێ بکەین، لێرەشدا دیسان پرسیاری ئاوایان لە چالاکوانانی کورد کردووە، فەرموون ئێوە پرۆژە بدەن بزانین پرۆژەکەتان چییە، بزانین زمانی کوردی ئەو توانانەی هەیە؟ هەرچەند پرۆژە فەرهەنگی و زمانییەکەی چالاکانی کورد لەلایەن وەزارەتی پەروەردە و بارهێنانەوە پەسەند دەکرێت، بەڵام کاتێک پرۆژەکە دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە، کە لەلایەن ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەییەوە پەسەند بکرێت، بۆچی ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی؟ دیسان هەڵدەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕوانگە ئەمنیەتی و سیاسییەی کۆماری ئیسلامی کە بۆ کورد هەیەتی، زمانی کوردی لەلای کۆماری ئیسلامی پرسێکی فەرهەنگی و زمانی و کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکوو، پرسێکی ئەمنیەتی سیاسییە واتە هێڵی سوورە، دیسان دەچێتەوە لای جەنابی (عەلی یوونسی) کە پێشتر وەزیری ئیتلاعات بووە، دیسان دەچێتەوە بەردەم بەرپرسی ئاسایشی نەتەوەیی وڵات کە پاسدار (موحسێن ڕەزایی)یە و بە خوێنی کورد تینووە.

هۆکار و ئامانجی دیکە بەڕای من کۆماری ئیسلامی دەیەوێ بیپێکێ، کە لەمێژە تۆوی دووبەرەکی لە نێوان ئاخێوەرانی زاراوە جیاجیاکانی زمانی کوردیدا چاندووە و دەیهەوێ جیاوازییەکان زەق بکاتەوە و بە گژ یەکیاندا بدات، چوونکە زمان کردەیەکی زۆر هەستیار و زۆر ناسکە، کردەیەکی کۆمەڵایەتییە، ئەگەر ئەم چەمکە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ژیارییە جوان بەکار بێت، ئەوا دەبێتە هۆکاری هاوپەیوەندی نەتەوەیی، هاوپەیوەندیی نەتەوەیی بەو واتایەی کە ئەگەر زمان هەموو شێوەزارەکانی خۆی بگرێتەوە و هەموو ئاخێوەرانی لەبەر بگرێت و هەموو وەک یەک و مافی یەکسانیان پێ بدرێت، ئەوا دەبێتە هۆکاری هاوپەیوەندیی نەتەوەیی و هەست و وشیاریی شوناس و ناسنامە و ڕەگ و ڕیشەی نەتەوەیی بەبێ جیاوازی دانان گەشە دەکات. لە بەرانبەریشدا ئەگەر خراپ بەکار بێت، دەبێتە هۆکاری لێکترازان، چوونکە پرسێکی مەوداسازیشە، پرسێکی مەوداساز بەو واتایەی زمان ئەگەر خراپ بەکار هێنرا و شێوەزارێکت وەلا نا و شیوەزارێکت بەسەر ئەوانی تردا زاڵ کرد، لەڕووی پەروەردەیی و ئاخاوتن و ڕاگەیاندنەوە ئەوانی دیکە پەرچەکردارییان دەبێ، کۆماری ئیسلامی ئەم تۆوەی وەشاندووە و باش لەوە تێگەیوە کە چ پیلانێک وەڕێ بخات، بۆیە هاتووە لەڕێگەی هەستی ئایینییەوە لە ناوچەکانی کرماشان و ئیلام و هەورامان و کرمانجی سەروو واتە ورمێ، ئەم تۆوەی وەشاندووە، دەیهەوێ بە ئاخێوەرانی تر بسەلمێنێ کە زاراوەی سۆرانی خەریکە ئێوە قووت دەدات و ئێوە خاوەنی زمانێکی جیاوازن، کە وتی ئێوە خاوەنی زمانێکی جیاوازن، واتە نەتەوەیەکی جیاوازن و بە چڕی کار لەسەر ئەمە دەکات و دەیهەوێ پرسی ناوچەگەرایی و زاراوەگەری زەق بکاتەوە. کۆماری ئیسلامی بە وروژاندنی ئەم باسە دەیهەوێ بە هەڵگرانی ئەم پرۆژەیە بسەلمێنێ و بڵێت ئێوە هێشتا خۆتان ساغ نەکردووەتەوە کە کام شێوەزاری زمانی کوردی و کام لقی شێوەزارەکانی زمانی کوردی دەرسی پێ بخویندرێ، دەیەوێ هەستی ئایینی لە کرماشان و ئیلام و هەستی ناوچەیی و هەستی شێوەزاریان بورووژێنێ و پەرچەکردارێک بخاتەڕێ کە ڕووبەڕووی شێوەزاری سۆرانی ببنەوە، کە لێرەدا کێشەیەکی گەورەی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی دروست دەبێت، لێکترازانێکی گەورەیی نەتەوەیی لەنێو کورددا دروس دەبێت، ئەگەر چالاکانی فەرهەنگی کورد وریا نەبن و ئاگاداری ئەم پیلانەی کۆماری ئیسلامی نەبن، نەتەنیا هەوڵەکانیان بە ئاکام ناگات، بەڵکوو هەوڵە چەواشەکارییەکانی کۆماری ئیسلامی زیاتر شەق دەخاتە نێو کۆمەڵگەی کوردی و لێکترازانی نەتەوەیی و زمانی دروست دەبێ کە بە ئاسانی چارەسەر نابێت.

هەروەک ئێمە دەزانین لێکترازان و شپرزییەکی زمانی لە باشووری کوردستان هەیە، ئەگەر چالاکوانانی فەرهەنگی کورد کە هەڵگری ئەم پرۆژەیەن، لە مۆدێلی باشووری کوردستان کەڵک وەرگرن بۆ ئەوەی کە دیسان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەو مۆدێلی دوو زاراوەییە دووبارە بکەنەوە، مەترسیەکی زۆر دێتە گۆڕێ و دەبێ زۆر بە وریایی و زۆر بە هەستیاری ڕووبەڕووی ئەم پرسە ببنەوە.

## بڵاو کراوەی نوێ



**کتێبی "ئیدی مرۆڤ خودای خوڵقاند" (و انسان خدا را آفرید)، لە نووسینی د. الف . ب (دکتر شجاع‌الدین شفا) و وەرگێڕانی مەسعوود بابایی، وەکوو پڕۆژەی هاوبەشی "ماڵی سوهرەوەردی و ناوەندی غەزەلنووس"، لە لایەن ناوەندی "غەزەلنووس"ەوە لە ١١١١لاپەڕەدا چاپ و بڵاو کراوەتەوە. ڕووبەرگی ئەم کتێبە بەرهەمی هونەرمەندی ناسراو باسم ڕەسامە و ناوەرۆکێکی ئایین و ئەفسانە ناسیی هەیە.**

**کتێبەکانی دیکەی مەسعوود بابایی بریتین لە: پێکهاتە و ڕاڤەی دەق، هەقیقەت و جوانی.**

**وێڕای دەستخۆشی لە هاوڕێ مەسعوود بابایی، هیوای بەردەوامیی بۆ دەخوازین.**

## بێ دوان



# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan ■ No:690 ■ 5 Dec 2016

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr
telegram.me/PDKImedia


## دوو چالاکی سیاسی بە ٧٠ مانگ زیندان مەحکووم کران



دەزگای قەزایی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران، لە شاری سەقز دوو هاووڵاتیی کوردی خەڵکی ئەو شارەی بە زیاتر لە ٥ ساڵ زیندان مەحکووم کرد.
ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا لە هەواڵێکدا ئاشکرای کرد؛ هاووڵاتییەکی خەڵکی شاری سەقز بە ناوی ئیقباڵ زارعی، لە لایەن لقی ١ی دادگای ئینقلابی ئەو شارەوە بە چوار ساڵ و چوار مانگ زیندانی تەعزیری مەحکووم کرا.
ئەو ڕاپۆرتە باس لەوە دەکات کە؛ دادگای پەیڕەوی یاسای تاوانی سیاسی، لە قبووڵی "تاوانی سیاسی" بۆ ئیقباڵ زارعی خۆی بواردووە و دادگایی ناوبراو بە شێوەی"نهێنی" و بە ئامادە نەبوونی"هیات منصفە" بەڕێوە چووە.
هێزەکانی وەزارەتی ئیتلاعات ڕێکەوتی ٢١ی پووشپەڕی ئەمساڵ، ئەو هاووڵاتییە تەمەن ٤٥ ساڵەیان لە ماڵەکەی خۆیدا دەستبەسەر، و بۆ ماوەی یەک مانگ خستۆتە ژێر لێپرسینەوە.
پێشتریش هەواڵنێری کوردپا لە شاری سەقز ڕاگەیاندبوو کە؛ ئیقباڵ زارعی پێشینەی "زیندانیی سیاسی" هەیە و هەروەها چەند ساڵی ڕابردوویش لە تۆمەتێکی هاوشێوەدا، ماوەی سێ مانگ لە زینداندا بووە.
هەروەها لاوێکی تەمەن ٢٧ ساڵەی خەڵکی شاری سەقز، لە لایەن دادگای ئینقلابەوە بە ١٨ مانگ زیندانی تەعزیری مەحکوم کراوە.
شوناسی ئەو هاووڵاتییە کوردە بە "سەیوان عەلیزادە" کوڕی "قادر" ڕاگەیەنراوە، کە ناوبراو چەند مانگ پاش وەرگرتنی بەڵگەی فەرمیی حوکمەکەی، بۆ زیندانی دیزڵئاوای شاری کرماشان گوێزراوەتەوە.
ناوبراو بە تۆمەتی لاینگەری لە یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزسیونی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران تاوانبار کراوە.
هەروەها، لە هەواڵێکی هاوشێوەدا، لاوێکی تەمەن ٣٠ ساڵە بە ناوی "هێمن حوسێنی"، حەوتووی ڕابردوو لە شاری سەقز لە لایەن هێزە ئەمنیەتییەکانەوە دەستبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا بوو.

کەیوان کەریمی

## ڕەوانەی ژووی تاکەکەسیی زیندانی ئێڤین کرا



ئاژانسی کوردپا: دادسەرای زیندانی ئێڤینی شاری تاران، پاش بانگهێشت کردنی زارەکیی کەیوان کەریمی، ناوبراوی دەستبەسەر کرد.
ڕۆژی چوارشەممە ٣ی سەرماوەز، کەیوان کەریمی دێکیومێنتارسازی خەڵکی شاری بانە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، بۆ بەڕێوەچوونی ماوەی حوکمەکەی ڕەوانەی زیندانی ئێڤینی تاران کرا.
ناوبراو بۆ لێپرسینەوە لە لقی دادسەرای زیندانی ئێڤین بانگهێشت کرا بوو، پاش لێپرسینەوە ڕەوانەی ژووی تاکەکەسی کرا.
حوکمی یەک ساڵ زیندانی تەعزیری، ٥ ساڵ زیندانی تەعلیقی و ٢٢٣ لێدانی قامچی بۆ ئەو دێکیۆمێنتارسازە کوردە لەلایەن هێزی دادوەریی حکوومەتی ئیسلامیی ئێرانەوە بڕاوەتەوە.
ئەم دێکیۆمێنت سازە تەمەن ٣٠ ساڵەی کوردستان، ٣ی سەرماوەزی ساڵی ڕابردوو، بە دروستکردنی فیلمی"نووسین لە سەر شار" بە نێوەڕۆکی دیوارنووسیی سیاسی_کۆمەڵایەتی لە ئێران، لەلایەن قازی موقیسەوە بە"بێڕێزی بە پیرۆزییەکان" و"پڕوپاگەندە دژی نیزام" تۆمەتبار کرا و بەو هۆیەوە ئەو فیلمە بڵاو نەکرایەوە.
دەستبەسەر کردنی ئەو هونەرمەندە لاوە، دژکردەوەی نێوخۆیی و نێونەتەوەیی لە ئاستی فیلمسازانی فەڕانسەیی، ئیتالیایی و ئیسپانیایی و هەروەها پارلمانی ئورووپای لێکەوتەوە. کەیوان کەریمی، دەرچووی ڕشتەی مودیرییەتی ڕاگەیەنەکانە و برای هونەرمەندی بەناوبانگ و کۆچکردوو تەها کەریمییە.

## پارێزەرانی کرماشان: سەربەخۆییمان هەرەسی هێناوە



دۆخی پارێزەرانی پارێزگای کرماشان بە هۆی هەڵسوکەوتی دادگاکان لە قەیراندایە.
هەواڵدەریی کوردپا بڵاوی کردۆتەوە کە؛ زەوت کردنی سەربەخۆیی و وێران کردنی جێگە و پێگەی پارێزەران، لە گرینگترین پەرۆشییەکانی کۆمەڵگای پارێزەران لە کرماشان هەژمار دەکرێن.
لێژنەی بەڕێوەبەریی ناوەندی پارێزەرانی دادگوستەریی کرماشان وێڕای ئاماژەدان بە کەموکۆڕییەکان و کێشەکانی بەردەم پارێزەران، کۆڕی نوێنەرانی پارێزگای کرماشانیان لە دۆخی ئەم توێژە ئاگادار کردەوە.
لە دیداری ڕۆژی ڕابردوودا، دادگاکانی سەر بە دەزگای دادوەری، وەک پێشلکەرانی سەرەکیی سەربەخۆیی و جێگە و پێگەی پارێزەران باسیان لێ کرا.
بە وتەی پارێزەرانی کرماشان؛ پشکنینی گیرفان و جانتا، وەرگرتنی مۆبایل و... شکۆی پارێزەران دەشکێنێت و ئەم کردەیەی دادگاکان بە پێچەوانەی ناوەرۆکی پارێزەرایەتییە.
چوونەسەری تێچووی دادڕەسی، شێواندنی سیمای پارێزەران لە بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان، و نەدانی پارەی خەزێنەی دەوڵەت بە پارێزەران، لەو کێشە و پرسانە بوون کە ئێوارەی ڕابردوو باسیان لێوە کراوە.
مادەی ٤٨ی یاسای دادڕەسیی سزادان (کیفری) تێبینی کردەوە کە؛ لایەنەکانی کێشە لە تاوانە "ئەمنییەتی" و "ڕێکخراو"ەییەکان، تەنیا لەنێو پارێزەرانی جێی پەسندی دەزگای دادوەری دەتوانن پارێزەر بۆ خۆیان دیاری بکەن.
ئامارە فەرمییەکان باس لە بوونی زیاتر لە ٦٠ هەزار پارێزەر لە ئێراندا دەکەن، کە لەوانە ڕێژەیەکی کەمیان ژنن و توانیویانە تێکەڵ بە بازاری کاری پارێزەران ببن.

## دەستڕێژی هێزەکانی حکوومەتی لە کۆڵبەران، ٥ قوربانیی لێکەوتەوە

کۆڵبەرێکی لاو لە ناوچە سنوورییەکانی شاری مەریوان بە تەقەی هێزە حکوومەتییەکان گیانی لەدەست دا.
تەقە بەربڵاوکانی هەنگی سنووریی سپای پاسداران لە کوردستان، بوو بە هۆی گیان لەدەستدانی کۆڵبەرێکی کورد.
شوناسی ئەو کۆڵبەرە تەمەن ٢٧ ساڵە بە "کەماڵ بامەزەر" کوڕی محەممەد ڕاگەیەنراوە.
ئەو ڕووداوە سەرلەبەیانیی ڕۆژی سێشەممە ٩ی سەرماوەز، لە نێوان گوندەکانی"دەرەوران" و "مێرگە درێژ" سەربە بەشی خاو و میرئاوای شاری مەریوان ڕوویداوە.
هەواڵدەریی کوردپا لەو بارەوە ڕایگەیاند؛ "لە دەرئەنجامی تەقەی هێزە حکوومەتییەکان لە کۆڵبەرانی کورد، لانیکەم چوار کۆڵبەری دیکە بریندار بوون و یەکێک لە برینداربووەکان بە هۆی سەختی برینەکەی لە لای سینگەیەوە، ڕەوانەی یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری سنە کراوە و بریندار بووەکانی دیکە لە نەخۆشخانەی "بووعەلی"ی شاری مەریوان لە ژێرچاوەدێریی پزیشکیدان".
کەماڵ بامەزەر، کۆڵبەری گیان بەختکردوو، خەڵکی گوندی"قەوتەند" لە ناوچەی مەریوانە، کە شەوی پێش ئەو ڕووداوە کەرەستەی لە شاری"پێنجوێن" لە سنووری هەرێمی کوردستانی عێراقەوە گواستۆتەوە.
بەپێی ڕاپۆرتی ئاژانسی هەوڵدەریی کوردپا؛ تەقە بەربڵاوەکانی ڕۆژی سێشەممە، بووەتە هۆی کوژرانی فەرماندەیەکی نیزامی و بریندار بوونی سەربازێک.
کۆڵبەری، وەکوو پیشەی ناڕاستەوخۆی بەشێک لە هاووڵاتییانی کورد لە ناوچە سنوورییەکان بۆ دابین کردنی بژیوی ژیان بەئەژمار دێت.



## هێزە ئەمنیەتییەکان هێرشیان کردە سەر ژووری دوو زیندانیی کورد

ژووری دوو ژنی زیندانیی کورد لە شاری کرمان لەلایەن مەئموورانی ئیتلاعاتی ئەو شارەوە پشکێنرا.
ئێوارەی ڕۆژی ٨ی سەرماوەز، چەند کەسێکی ئیتلاعاتی لە زیندانی ناوەندیی شاری کرمان، هێرشیان کردە سەر ژووری هاوبەشی دوو ژنە زیندانیی کورد بە ناوەکانی ئەفسانە بایەزیدی و هاجەر پیری و هێندێک کەرەستە و کەلوپەلی کەسۆکیی ناوبراوانیان لەگەڵ خۆیان برد.لە کاتی هێرشی هێزەکانی حیفازەت ئیتلاعات بۆ ژووری ئەو دوو چالاکە سیاسییە کوردە، مەئموورەکان بێڕێزی و سووکایەتیی زۆریان بە دوو زیندانییە کردووە.سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراو لە نێو زیندانی ناوەندیی کرمانەوە، وێڕای پشتڕاست کردنەوەی هەواڵی هێرشی هێزەکانی ئەمنیەتی بۆسەر شوێنی ڕاگیرانی ئەو دوو زیندانییە، بە ئاژانسی کوردپای ڕاگەیاند: ژووری ئەفسانە و هاجر بە تەواوەتی پشکێنراوە و هیندێک کتێب و هەروەها دەفتەری بیرەوەریی ئەفسانە بایەزیدییان لەگەڵ خۆیان بردووە.ئەو سەرچاوەیە لە درێژەدا ئەوەشی خستەڕوو؛ هاجەر پیری بە هۆی گوتنی دروشمی "مەرگ بۆ دیکتاتۆر"، مەئموورانی زیندانەوە بۆ ژووری تاکەکەسی گوازراوەتەوە و هەتا ئێستا نەگەڕێندراوەتەوە بۆ ژوورەکەی خۆی.ئەو دوو ژنە سیاسییە کوردە لەگەڵ بەندکراوەکانی دیکە و زیندانیانێک کە بە تاوانی مادەی سڕکەر زیندانی کراون، لەیەک بەندا ڕاگیراون.لە کۆتایی مانگی خەرمانانی ئەمساڵدا، ئەفسانە بایەزیدی کە بە چوار ساڵ زیندان مەحکووم کراوە، لە نامەیەکدا باسی لە" دەرد و ڕەنج و ئازار و نەهامەتییەکانی" خۆی لە زیندانی ناوەندیی شاری کرمان کردبوو.هاجەر پیری تەمەن ٣٣ ساڵە، لە لایەن دەزگای قەزایی حکوومەتی ئیسلامیی ئێرانەوە بە ١٧ ساڵ زیندان مەحکووم کراوە و لە مانگی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٨٦ی هەتاویەوە لە زیندانی ناوەندیی شاری کرمان بەند کراوە و هەتا ئێستا تەنانەت یەک ڕۆژ مەرەخەسییان پێ نەداوە.ئەو دوو ژنە زیندانییە کوردە؛ بە تۆمەتی ئەندامبوون لە یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزسیونی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران تاوانبار کراون.